# پێرست


پەیامی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ،بە بۆنەی 8ی مارس .... ...... 2

بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی 67 ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان.3 پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی 67 ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

........ بەیاننامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی 5

کورستان بە بۆنەی 25ی نوامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ........ 7

پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 67ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە ........ 8

پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کورستان بە بۆنەی........ 9


## بابەت


یارنەبوونی دەنگو ڕەنگی ژنان لە سیاسەتدا ........ 10

واژۆی پەیمانێک گرنگە، بەڵام پێوەپابەندبوونی گرنگترە ........ 12

ژنان و مافەکانی مرۆڤ ........ 14

خۆشەویستی یەکلایەنە خولانەوە لە ناو بازنەیەکی پڕ لە ئەشکنجەدا ........ 15

هۆکارەکانی بەشدار بوونی ژنان لە دەسەڵات دا ........ 19

گەڵاڵەی هاتووچۆ یان یەخسیری ژنان ........ 21

مەهناز تراژدیای ژیانی خۆی ئاوا باس دەکا ........ 23


# دیمانە


بەسری ماڵی تەنیاییەکان ........ 27

شوعلە قادری ئەندامی بەڕیوەبەریی ژنان لە دەرەوەی وڵات لەم دیمانەیەدا باس لە ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتدا دەکا ........ 28

چاوپێکەوتن لە گەڵ سوهیلا قادری ........ 30

بزووتنەوەی ژنان بەرەو چ ئاکامیک ........ 32

بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان بە بۆنەی 25ی نوامبر ........ 33

پەیامی سەرجەم ڕێکخراوە سینفیکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 26ی سەرماوەز ........ 34

ڕێگاکانی تێگەیشتنی خێزان ........ 32

دیاردەی زەماوەندی زۆرەملی ........ 36

ژن و نووسین لە قەیراننی کۆمەڵگادا ........ 37

ئەز ڕۆژنامەنووسێکی کوردم ........ 38

ئەو ڕۆژەی کامۆ کۆچی دوایی کرد ........ 39

ژن ئەستیرە ........ 40

کاریگەری جووڵە وەرزشیەکان لە سەر ژنانی دوو گیان و منداڵەکانیان........ 41

شێرپەنجەی مەمک........ 42

هەڤپەیڤن: لە گەڵ وەجیها خانم ........ 54

پوشاک زنان ایلام ........ 61

دوستیهای از جنس زنان ........ 64



سەرنووسەر : حەلیمە ڕەسوڵی

دەستەی نووسەران : کویستان فتووحی ، عسمەت نستانی ، ڕۆژە عەزیزی

هاوکارانی ئەم ژمارەیە : شەونم هەمزەیی، بیگەرد عەلی پوور, سوهیلا قادری، مەندانە حەبیبزادە


# ژنان

## وەرزانەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی و ئەدەبیە


دیزاین بەرگ: ئەیوب شەهابیراد

مونتاژ : خالید یوسفی





ئیمەیلی : ژنان

Yjd.kurdistan@yahoo.com

ژمارە تەلەفوون بۆ پێوەندی گرتن بە یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان

009647702103121




# پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

هاونیشتمانە بەڕێزەکان

خەڵکی تێکۆشەری کوردستان

ژنانی ئازادیخوازو دەروەستی نەتەوەی کورد

خەبات بۆ ئازادیو وەدیهاتنی دادپەروەریو ڕێز گرتن لە بەها مرۆڤانییەکان، مێژوویەکی دووردرێژ، پرکەندوکۆسپو پڕ لە گیانفیدایيو قوربانیدانی هەیە، لەو نێوەندەدا خەباتی ژنان بۆ وەدستهێنانی سەرەتاییترین مافەکانو پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی یەکسان بۆ ژنو پیاو، گەلێک لاپەرەی زێرینی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا تۆمار کردوە.

یەکێک لەو ڕۆژە مێژوویيانە کە ژنان بە گشتیو پیاوانی پێشکەوتوو و هەڵگری بیری نوێخوازی، خەباتی ژنان لە پێناوی سەربەستیو یەکسانیدا بەرز دەنرخێنن، ڕۆژی 8ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانە.

ئاوردانەوەیەکی کورتیش لەم یادە پیرۆزەدا دەرخەری ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەیە کە تەنانەت دیاری کردنی 8ی مارس بۆ ڕۆژی جیهانیی ژن بە چەند قۆناغو لە چ هەلومەرجێکی دژواردا بریاری لەسەر دراوە.

لە وەها ڕۆژێکدا، ساڵی 1875ی زایینی، ژنانی کرێکاری کارخانەی ڕستنو چنینی شاری نیۆیۆرکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە کەمیی مووچە ڕێپێوانێکی هێمنانە بەڕێوە دەبەنو بەداخەوە پۆلیس بەرەوڕوویان دەبێتەوەو کۆمەڵێکیان لێ بریندا دەکا. لەو ساڵە بەدواوە ئەم حەرەکەتە بەردەوام پەرە دەستێنێ تاکوو ساڵی 1977 یونسکۆ، ڕۆژی 8ی مارس، وەک ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان ڕادەگەیێنێو لەو ساڵەوە هەتا ئێستا بەم بۆنەیەوە ڕێز لە ژنانو خەباتو تێکۆشانیان دەگیرێ.

لەکاتێکدا ئەم ساڵ یادی 8ی مارس دەکەینەوە کە ژنانی ئێران بەگشتیو ژنانی کورد لەو بەشەی نیشتمان بە تایبەتی لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشنو لەوەش زیاتر ژنانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران وەک شارومەندی پلە 3و 4 سەیریان دەکرێ. لە یاسای بنەرەتیی کۆماری بیر سەدە نێوەڕاستیی ئیسلامیی ئێراندا، دەیان قەیدو بەند بۆ ژنان دانراوە کە لە سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکان بێبەشیان دەکا.

لەو یادە پیرۆزەدا وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتو تێکۆشانی ژنانی ئێران بەگشتیو کوردستان بە تایبەتی ڕادەگەیەنین کە ئێمە ژنانی کورد یەکگرتووانەو کۆڵنەدەرانە لە ڕێگای وەدەستهێنانی سەرجەم مافە نەتەوەییو ئینسانییەکانماندا هەنگاوەکانمان بە برشتتر لە ڕابردوو هەڵدەگرینو ئاواتەخوازین بە هاوکاریی سەرجەم ژنانو پیاوانو ڕێکخراوە مودێرنو پێشکەوتنخوازەکان کۆمەڵگایەکی یەکسانو پڕ لە جوانی بنیات بنێین. ئەم ڕاستییەش لەبیر ناکەینەوە کە کورتترین ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانمان، ڕێگای یەکگرتوویيو هاودەنگیمانە.

جارێکی دیکە پیرۆز بێ 8ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنان

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات**

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران**

**ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد**

**کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەبات**

**ژنانی یەکیەتیی دیموکراتیکی کوردستان**

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی 67 ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە 67 ساڵەی دامەزرانی خۆیدا بە بەڕێوەبردنی ڕێووڕەسمێکی تایبەت یادی دامەزرانی خۆی کردەوە .لەو ڕێوڕەسمەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، 24 ی ڕەشەمەو بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنان، کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو میوانانی بانگهێشتکراو بۆ ئەو ڕێوڕەسمە لە ساڵۆنی بۆنەو ڕێوڕەسمەکانی حیزب بەڕێوەچوو، یادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان بەرز ڕاگیرا.



ئەو ڕێوڕەسمە بە کۆرسی سروودی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات دەستی پێکردو پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن خاتوو حەلیمە ڕەسوولی، سکرتێری ئەو یەکیەتییەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو کە ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوو بەتایبەت لە چەند دەیەی رابردوودا کاریگەریی موسبەتو ئەرێنیی دەوری ژنان لە بەرەوپێشچوونو بەئاکامگەیشتنی حەرەکەتو گۆڕانە جەماوەرییەکانمان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بۆ دەردەخاو پێمان دەڵێ کە هیچ بزووتنەوەو خەباتێک بەبێ حوزووری چالاکانەی ژنان بە دەرەنجامە دڵخوازو پیرۆزەکانی خۆی ناگا.



بە خۆشییەوە، ئێستا، ژنانیش بە دەرکێکی گونجاوو مەیدانیدارانەتر لە خۆیانو دەورو کاریگەرییەکانیانگەیشتوون. مەیدانداریو دەورو کاریگەریی ژنان لە بزووتنەوەو ڕاپەرینەکانی وڵاتانی عەرەبی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، سەلمێنەری بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاریو تێگەیشتوویی سیاسیو کۆمەڵایەتیی ژنان لە مەودایەکی بەرینتر لە پێشوو لەئاستی نێونەتەوەیی دایە. ئەگەر نەڵێین گرینگترین، بەدڵنیاییەوە یەکێک لە گرینگترین حەرەکەتەکانی مەدەنیو جەماوەریی گشتی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کەمپەینی یەک میلیۆن ئیمزا بەدژی هەڵاواردنی ڕەگەزی بوو کە لە لایەن ژنانی چالاکو ئازادیخوازی ئێرانەوە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەڕێوە چوو. کۆنفرانسەکانی ژنانی ڕۆژهەڵات لەم چەند ساڵەیڕابردوودا، کەسایەتییەکی ئەکتیڤو حاشاهەڵنەگرتری بە دەورو پێگەی ژنان لەچوارچێوەی دەستەبەر کردنی مافو ئازادییە ڕەواکانی خۆیان لە ڕاستای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە هەموو کوردستانو بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخشیوەو ئاسۆی دوارۆژێکی ڕوونو خاوەندارانەتری ژنانمان لە گۆڕەپانە جۆراوجۆرە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی داهاتووی کوردستاندا پێ نیشان دەدا.

دوابەدوای پەیامی یەکیەتیی ژنان، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە خوێندرایەوە.

لەو پەیامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا وێڕای ئاماژە بە مێژووی دامەزران‌و تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان هاتوە کە زۆر جار لەم بۆنانەدا باسی ئەو هەلومەرجە لەبارە کراوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنان‌و تێکۆشانی ژنان پێکی هێناوەو، باس لەو پشتیوانی‌یە بێدریغە کراوە کە حیزب لەم رێکخراوەی کردوە. جێی خۆیەتی لەم بۆنەیەدا ئاوڕێک لە خزمەتەکانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی‌و ژنان بە گشتی بدەینەوە کە بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی‌و بە حیزبی دیموکراتیان کردوە.



دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ کەم نین ئەو کچ‌و ژنانەی راستەوخۆ بوون بە ئەندام‌و تێکۆشەری حیزبی دێموکراتو بە بەشداری‌و تێکۆشانی بەردەوامیان ریزەکانی حیزبی دێموکراتیان رەنگین‌و زیندووتر کردوە. زۆرن ئەو دایک‌و خوشک‌و هاوسەرانەی هانی خۆشەویستانیان داوە بۆ پەیوەستبوون‌و بەشداری لە خەبات‌و رێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا،و بەکاری زۆرترو تاقەتپڕووکێن زەحمەتی بەڕێوەبردنی ماڵ‌و پێگەیاندنی منداڵەکانیان بە تەنیا خستۆتە سەر شانی خۆیان. جیا لەوەش هیچ سەنگەرێک‌و بوارێکی خەبات نابینی کچ‌و ژنی کوردی تێدا چالاک نەبووبێ‌و قوربانی‌و نرخی تێدا نەدابێ، وەک بەشداریی راستەوخۆ لە خەباتی سیاسی، شەڕی چەکداری‌و بەرگریی خەڵکی کوردستان لە دژی هێرشکەران، خەبات‌و خۆراگریی ئازایانە لە زیندانەکان‌دا، خەباتی پێشمەرگانەو پشتیوانی لەو خەباتە، چ وەک پێشمەرگەو چ وەک یارمەتی‌و دابین کردنی تەداروکاتی پێشمەرگە لە سەنگەری شەرو بەربەرەکانی‌دا. هەروەها ژنان لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکرات‌و هێزەکانی دیکەی کوردستان پێ بە پێی براو کەسە پێشمەرگەکانیان شاخ‌و دۆڵ‌و دەشت‌و چیاو کوێستان‌و گەرمێنیان کردوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو پەیامەدا هاتوە کە لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان‌و بەگشتی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان بەهێز بکەن‌و زۆرتر شوێندانەر بن، پێویستی‌یان بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هەموو هێزێکی دیموکرات هەیە. هەر بۆیە بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکرات‌و هەموو ژنانی یەکسانی‌خوازی کورد دڵنیا دەکەینەوە هەتا سەرکەوتن‌و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، حیزبی دێموکرات پشتیوان‌و هاوکارو یاوەریان دەبێ.

چەند گۆرانی‌یەک بە دەنگی هونەرمەندان حەمەدەمین کەریمی‌و کەریم عەبدولحەمیدو جەماڵ ئەکبەری‌و هەروەها خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ئارەزوو عەزیزی، هەڵپەرکێی ژنانی دێموکڕات، هۆنراوەی نێعمەت مەلاو رازاوە مەکلاوەیی‌و پیشاندانی شانۆی کلاوێک بۆ بەهار، چەند برگەیەکی دیکەی ئەو رێوڕەسمە بوون.

هەر لەو رێوڕەسمەدا لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە لەوحی رێزلێنان پێشکێش بە ژمارەیەک ئۆرگان‌و هاوکاری یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات کرا کە لە پێناو بەرەوپێش‌بردنی زیاتری کارو چالاکی‌یەکانی ئەو رێکخراوەیەدا پشتگیری‌و یارمەتیی ئەو رێکخراوەیان کردوە.



# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی 67 ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

ژنانوکچانی تێکۆشەر!

ئەندامانی بەرێزی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان!

میوانە خۆشەویستەکان!

بە بۆنەی 24ی رەشەمە،67 ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە جوانترین پیرۆزبایی پێشکێشی ژنانی تێکۆشەرو یەکسانیخوازی کوردستان بە گشتیو ژنانی نێو ریزەکانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتی دەکەین. هیوادارین یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی، بەتایبەتی تووێژی ژنان لە کۆمەڵگادا سەرکەتوو بێ.

بەڕێزان!

67 ساڵ لەوە پێش لە 24ی رەشەمەی 1324ی هەتاویدا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە رێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە پشتیوانیی پێشەوای گەورە، قازی محەممەد لەلایەن کۆمەڵە ژنێکی تێکۆشەرەوە بە سەرۆکایەتیی مینا خانمی قازی، لە شاری مەهاباد دامەزرا. دامەزرانی یەکیەتیی ژنان لە مەودایەکی کەم دوای دامەزرانی حیزبی دیموکراتو لەسەردەمی کۆماری کوردستان داو بەردەوامیی خەباتی ژنان شانبەشانی برا تێکۆشەرەکانیان لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، سروشتێکی دادپەروەرانەو لە عەینی کاتدا دیموکراتیکی بە بزووتنەوەی کوردو خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخشیوە.



زۆر جار لەم بۆنانەدا باسی ئەو هەلومەرجە لەبارە کراوە کە حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنانو تێکۆشانی ژنان پێکی هێناوە، باس لەو پشتیوانییە بێدریغە کراوە کە لەم رێکخراوەیەی کردوە. جێی خۆیەتی لەم بۆنەیەدا ئاورێک لە خزمەتەکانی یەکیەتیی ژنان بە تایبەتیو ژنان بە گشتی بدەینەوە کە بە بزووتنەوەی نەتەوایەتیو بە حیزبی دیموکراتیان کردوە. کەم نین ئەو کچو ژنانەی راستەوخۆ بوون بە ئەندامو تێکۆشەری حیزبی دێموکراتو بە بەشداریو تێکۆشانی بەردەوامیان ریزەکانی حیزبی دێموکراتیان رەنگینو زیندووتر کردوە. زۆرن ئەو دایکو خوشکو هاوسەرانەی هانی خۆشەویستانیان داوە بۆ پەیوەستبوونو بەشدارییان لە خەباتو رێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا،و بەکاری زۆرترو تاقەتپڕووکێن زەحمەتی بەڕێوەبردنی ماڵو پێگەیاندنی منداڵەکانیان بە تەنیا خستۆتە سەر شانی خۆیان. جیا لەوەش هیچ سەنگەرێکو بوارێکی خەبات نابینی کچو ژنی کوردی تێدا چالاک نەبووبێو قوربانیو نرخی تێدا نەدابێ، وەک بەشداریی راستەوخۆ لە خەباتی سیاسی، شەڕی چەکداریو بەرگریی خەڵکی کوردستان لە دژی هێرشکەران، خەباتو خۆڕاگریی ئازایانە لە زیندانەکاندا، خەباتی پێشمەرگانەو پشتیوانی لەو خەباتە، چووەک پێشمەرگەو چووەک یارمەتیو دابینکردنی تەداروکاتی پێشمەرگە لە سەنگەری شەڕو بەربەرەکانیدا.



هەروەها ژنان لەگەڵ تێکۆشەرانی دێموکراتو هێزەکانی دیکەی کوردستان پێ بە پێی براو کەسە پێشمەرگەکانیان شاخو



دۆڵو دەشتو چیاو کوێستانو گەرمێنیان کردوە. بەشداریی ژنان لە مەیدانی راستەوخۆی خەباتدا ئەگەر بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەرنامەی حیزبی دیموکرات لە راکێشانی ژنان بۆ نێو ریزەکانی‌دا، بێگومان بەشی زۆرتری دەگەڕێتەوە بۆ رۆڵی یەکیەتیی ژنان لەم قۆناغەی خەباتی نەتەوایەتی‌دا.

بە کورتی دەتوانین بڵێین مانەوەو بەردەوامیی بزووتنەوی کورد بە فیداکاریی ژنان پشتئەستوور بووە. بۆیە جێگەی خۆیەتی بە هەموو ئەو ژنو کچانەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لە بەردەوامیی بزووتنەوەی رزگاری‌خوازی خەڵکی کوردستانو پاراستنی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا بەشدار بوون، ئافرین بڵێین.

خوشکانی تێکۆشەر!

ئەگەر حیزبی دێموکرات ئەرکی قورسی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌و سیاسیی لە ئەستۆیە کە بریتی‌یە لە پێکهێنانی ئێرانێکی دیموکراتیکو فیدراڵ، ئەرکی ژنان قورسترو گرانتریشە. چونکە:

یەکەم، هەروەک باسمان کرد ژنان چالاکانە لە خەباتی سیاسیی خەڵکی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بەشدارن.

دووهەم، ژنان جیا لە تێکۆشانی سیاسی‌دا، دەبێ بۆ ویستە کۆمەڵایەتی‌و سینفی یەکانی خۆشیان لە کۆمەڵگای سوننەتی‌و پیاوسالاری کوردستان‌دا تێبکۆشنو کار بۆ بەشداریی زیاتر لە خەباتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا بکەن. هەر وەها چالاکانە هەوڵ بدەن کەندوکۆسپە سوننەتی‌و باوو عورفی‌یەکانی دژ بە ژنان لە سەر رێگای خۆیان لابەرن. هەوڵ بدەن مافی ژنان لە قانوون دا بگونجێننو نهادینەی بکەن.

سێیەم، خەباتی ژنانی کورد بە دابین‌بوونی مافە سیاسی‌و نەتەوایەتی‌یەکان کۆتایی نایە، ئەوان رێگایەکی درێژیان لەپێشە بۆ ئەوەی جگە لە سڕینەوەی سوننەتە کۆنەکانی دژی ژنان، تێبکۆشن شوێنەواری روانگەی کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی لە دژی ژنانیش کە دەیان ساڵە سەپاندوویەتی، بسرنەوە.

ژنانی ئازادی‌خواز!

لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا کە خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی هەروا درێژەی هەیە، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو بەگشتی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بۆ ئەوەی زیاتر خۆیان بەهێز بکەنو زۆرتر شوێندانەر بن، پێویستی‌یان بە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هەموو هێزێکی دیموکرات هەیە. هەر بۆیە بە ناوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتو هەموو ژنانی یەکسانی‌خوازی کورد دڵنیا دەکەینەوە هەتا سەرکەوتنو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، حیزبی دێموکرات پشتیوانو هاوکارو یاوەریان دەبێ. بەتایبەتی ئێستا کە کۆماری ئیسلامی لە نێو خۆی‌دا تووشی چەند قۆڵی‌و دووبەرەکیی دیارو حاشاهەڵنەگر بووە، قەیرانی ئابووری لە هەموولایەکەوە دەوری داوە، نارەزایەتیی بیرورای گشتی‌و کۆمەڵگای جیهانی

شانبەشانی ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکان لە پەرەگرتندایە، ئەم بارودۆخەچاوەڕوانیی ئاڵوگۆڕی لێ دەکرێ.

گومانی تێدا نیە خەڵکی ئێران هەرکە دەرفەتیان بۆ برەخسێ سێبەری شوومی ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانییە لە سەر خۆیان لا دەبەنو هەوڵ دەدەن نیزامێکی دێموکراتیک لە وڵاتەکەیاندا دابمەزرێنن.

هەر بۆیە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو حیزبی دێموکراتی کوردستان دەبێ بە وشیارییەوە بڕواننە ئاڵوگۆڕەکانو خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەن.

دڵنیاین ژنان لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ، چونکە لەماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زیاتر لە هەر توێژێکی دیکە بوونە قوربانیی هەڵاواردنی جینسیو سووکایەتییان پێکراوە. ئەم سیاسەتە پوتانسیەلێکی بەهێزی لە نێو ژناندا پێک هێناوە کە دەتوانێ سەرچاوەی ئاڵوگۆڕە چاوەڕوانکراوەکان بێ، کە دەبێ یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بەنۆرەی خۆی کەڵکی باشی لێوەربگرێ.

سەرکەوێ خەباتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای "ئازادی بۆ ژنو بەختیاری بۆ کۆمەڵ" دا.

سڵاو لە خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان لە کوردستان، ئێرانو سەرانسەری جیهان.

**دەفتەری سیاسی**

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**

**24ی ڕەشەمەی 1391ی هەتاوی**

**( 14ی مارسی 2013ی زایینی)**

# بەیاننامەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی 25ی نوامبر ڕۆژی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دژی ژنان بەداخەوە بەدرێژایی مێژوو لەنێو گەلانی دنیادا هەبووەو چەمکی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان وەک دیاردەیەکی جیهانی بە هەوڵی فیمینیستەکان لە دەیەی 80ی زایینیدا دەستی پێکرد کە بەشوێن هەوڵو خۆماندووکردنی فیمینیستە یەکسانیخوازەکاندا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی 1993 ی زایینی بەیاننامەی سڕینەوەی توندوتیژی بەدژی ژنانی وەک ستراتیژیو دەستووری کار بۆ سەرجەم ڕێکخراوو دامەزراوە حکوومەتیو ناحکوومەتییەکان لە کۆڕی گشتیدا بە پەسەند گەیاند.

ساڵی 1999 ڕۆژی 25ی نوامبر وەک ڕۆژی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان ناو نرا، بەو مەبەستە کە نێوەرۆکی بەیاننامەکە بەشێوەیەکی گشتیتر جێبەجێ بکرێ.

توندوتیژی بەدژی ژنان بریتییە لە هەرچەشنە کردەوەیەکی توندوتیژ کە بەپێی هەڵاواردنی ڕەگەزی بێو ببێتە هۆی خەسار لە ڕووی فیزیکی، ڕەگەزی یان زەینی لەسەر ژن.

بەداخەوە ئەم دیاردەیە لەنێو گەلی کوردیشدا بەدی دەکرێ. ئێستا پاش 34 ساڵ لە دەسەڵاتی نەگریسی کۆماری ئیسلامی ژنان بەشێوەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزیو ئابووری ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، ژن وەک مرۆڤی پلە دوو دادەنرێ کە لە نێویشیاندا ژنی کورد دوو جار تووشی هەڵاواردنو توندوتیژی دەبێتەوە! واتە لەڕووی ڕەگەزیو لەڕووی نەتەوایەتییەوە. لەلایەکی دیکەشەوە بەداخەوە ڕۆژ نیە کە هەواڵی دڵتەزێنی کوشتنی ژنانو




بێسەروشوێنکردنی ژنانو دەستدرێژیکردن بۆسەریانو بەدەیان نموونەی دیکە نەبیستین کە هەموو ئەو هەواڵانە نیشانەی بندەستیی ژنان لە کۆمەڵگای کوردەواریدان. هەموو ئەمانە نیشان دەدەن کە کەلتووری کۆنە پەرستانەو قێزەونی پیاوسالاریو توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا هێشتا زیندوویەو قوربانیی لێدەکەوێتەوە.

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی تازە نیە بەڵام بە سەرنجدان بە بەربڵاوبوونی لایەنەکانی توندوتیژی پێویستە نیزامێکی تۆکمەو کاراتر بۆ پشتیوانی لەو ژنانەی دەکەونەبەر توندوتیژی دابڕێژرێ. یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە نەفرەتو بێزاریی خۆی لە دژی هەرچەشنە کردەوەیەکی ناڕەواو ناعادیلانە بە دژی ژنان دەربڕێو بەتوندی مەحکوومی دەکاوهەرلەوکاتەشدا داوا لە هەمووان و بە تایبەتی چالاکانی مافی مرۆڤو یەکسانیخوازانو حیزبو ڕێکخراوەکانو سەرجەم ڕۆژنامە نووسانو مێدیا کوردییەکان دەکا کەلە پێناو کار بۆ نەهێشتنی لایەنەکانی توندوتیژیو ئاگاداریو هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا هاوکارمان بن. بەڵکوو بتوانین بەکاری فەرهەنگیو میدیایی ئەم نەریتە دواکەوتووە لەنێو بەرین.

سەرکەوێ خەباتی ژنان لەپێناو یەکسانی دا

دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

25ی نوامبری 2012 ی زایینی

بەرانبەر بە 5 ی سەرماوەزی

1391ی هەتاوی

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی 67ەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە



خەڵکی خەباتگێری کوردستان!

2ی ڕێبەندانی ئەم ساڵ 67 ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لەلایەن پێشەوای مەزنی کورد، قازی محەممەدی نەمرەوە تێدەپەڕێ. لەو رۆژەدا قۆناغێکی گرنگو زێڕین لە مێژووی کورد دەستی پێکردو، لە ماوەیەکی کورتدا گەلێک دەسکەوتی بە نرخ بەدی هاتن کە زۆر دەوڵەت لە ماوەیەکی ئاوا کورتدا بەدەستیان نەهێناون. کۆمار 11 مانگی زیاتر نەخایاند بەڵام لەو 11 مانگەدا جگە لە دەسکەوتە سیاسیو فەرهەنگیو ئابووریەکان لە بواری کۆمەڵایەتی‌یشدا بە تایبەتی لە بواری مەسەلەکانی پێوەندیدار بە ژنانەوە، گەلێک هەنگاوی بەکەڵک هەڵگیراو روانگەیەکی نوێ بە قازانجی ژنان سەری هەڵدا.

یەکێک لە دەسکەوتە گرنگەکانی کۆماری کوردستان دامەزرانی دوو رێکخراوی سینفیی تایبەت بە ژنانو لاوان بوو کە هەنگاوێکی نوێ بوو لەو کاتەدا بۆ ئەوەی رێز لە کەسایەتیی ئەندامانی ئەو دوو توێژە کۆمەڵایەتی‌یە بگیرێو رێگا خۆش بکرێ بۆ ئەوەی بێنە نێو مەیدانی کارو تێکۆشانی کۆمەڵایەتیو سیاسی‌یەوە. بۆیە بزووتنەوەی ژنان لە رۆژهەڵاتی کوردستان قەرزداری کۆماری کوردستانو شەخسی پێشەوا قازی‌یە کە بنەماڵەکەی بەردی بناغەی رێکخراوی ژنانیان دانا. لە ژمارە 25ی رۆژنامەی "کوردستان" 26ی رەشەمەی 1324دا ئیشارە بە رۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان یان بە قەولی ئەو کات " حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان" کراوە. لەو ژمارەیەی " کوردستان" دا هاتوە: " رۆژی جومعە 24 ـ 12 ـ 1324 لەلایەن یای پێشەوای کوردستان لە ژمارەیەکی زۆر لە یایانی تێگەیشتووی کوردستان گیرپرایەوەو لە ساتی 3ی پاشنیوەرۆ لە ئەنجومەنی فەرهەنگی کۆ بوونەوەو بە سەرۆکایەتیی یای پێشەوای کوردستان ( یای مینا ) حیزبی دیموکراتی ژنانی کوردستان دامەزراوژمارەیەکی زۆر لە یایان نێونووسیان کرد... "

ئێستاش یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان خۆی بەقەرزداری بزووتنەوەی کورد بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەزانێ کە بە پشتیوانیی ئەم حیزبە دیفاع لە مافە ئینسانیو بنەڕەتی‌یەکانی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا کە لەلایەن رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی‌یەوە پێشێل دەکرێن.

بەڕێزان!

لە کاتێکدا جێژنی 67 ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەگرین، کە بەداخەوە کۆمەڵگای کورد لە فەزای لەدەستچوونی 3 ژنە تێکۆشەری کوردی باکووری کوردستاندایە کە چەند رۆژ لەوە پێش بە دەستی تێرۆریست یان تێرۆریستانی نەناسراوەوە لە پاریس تێرۆرکراو شەهید بوون. یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان ئەم کردەوە دڕندانەو تێرۆریستانەیە مەحکووم دەکاو هاودەردیی خۆ ی لەگەڵ بنەماڵەو کەسوکاری ئەو پۆلە شەهیدە دەردەبڕێ. بە هیوایین هەرچی زووتر ئەو دەستانە بناسرێن کە لە پشت ئەو کارەساتەوە بوونو بە دەستی عەدالەت بسپێردرێن.

بەرزو پیرۆز بێ یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان.

سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان.

وەدی بێن ئامانجەکانی کۆماری کوردستان.

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

2ی ڕێبەندانی 1391ی هەتاوی

# پەیامی یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی

خوشک و برایانی ئازیز !

میوانە بەرێزەکان !

لێرە کۆبووینەوە تا بە بۆنەی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنانەوە ڕێز لە پلەو پایەی بەرزی ئینسانی ژن بگرین و ئاوەڕێک لەو ستەم و نابەرانبەری و هەوڵدان لە دژی ژنان بدینەوە و محکوومی بکەین .

لە 8ی مارسی 1857 زایینی کە ڕاپەرینی ژنانی لە شاری نیویورک سەرکەوت. تا ساڵی 1977 کە ئەم ڕۆژە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان وەک ڕۆژی جیهانی ژن دیاری کراوە ، خەباتی ژنان بۆ وەدەستهینانی مافەئینسانیەکانیان گەلێک هەورازو نشیوی هەبوە، ئەوە بۆ نیو سەدە دەچێ مافی ئینسانی ژن بۆتە پرنسیپێکی جیهان و نیونەتەوەیی، هەر چەندە لە ولاتانی پێشکەوتووی سەنعەتیدا کە زۆربەیان دیموکراتن هێشتا فەرق و جیاوازی لە دژی ژنان بەدی دەکرێ و تەنانەت ژنان دەبنە قوربانی نابەرانبەریەکان ، بەڵام لەم کۆمەڵگایەنەدا ژنان تا رادەیەک زۆر بە ماف و پێگەی ئینسانی خۆیان گەیشتوون. ئیمە لە کاتێکدا ڕێز لە ڕۆژی جیهانی ژن دەگرین کە بە داخەوە لە ناوچەی ئیمەدا بە تایبەت ئێران مەسەلەی ژن لە جیاتی بەرەو پێش چوون پاشەکشەی کردوە، تەنانەت لە کۆمەڵگای سوونەتی و گوند نشینی رابردوودا وەزعیەتی ژنان لە چاو ئیستا باشتر بوو، لە پیوەندیە سونیەتیەکاندا



دیاردەی بێ بەشی و زۆری ماف و دەسەڵات بە پیاوان بووە ژنان دەرفەتێکی کەمیان هەبوو، لە نەزمی کۆن دا لانی کەم ژنان و پیاوان پێکەوە لە ورزیرو ئاژەڵداریدا شان بە شانی یەک کاریان دەکرد و لە رووی ئابووریەوە هەر دووکیان بەرهەم هێنەر بوون ، نەزمی نوێ کۆمەلایەتی ئەو هاوسەنگیە نسبیەشی تێکداو ژنان لە بنەماڵەدا لە کونجی ژووری پستاوت و لە دەرەوەش لە ژێر چارشیو.

لە ڕۆژهەلاتی نیوەراست بە گشتی و لە ئێران بە تایبەتی سێ هۆ بە تەواوی ژنانیان لە هەموو مافەکانیان بێ بەش کردوە :

*ڕەوانگەی کۆن و سوننەتی لە دژی ژنان ، کە ژنان لە باری عەقلی و جەستەییەوە بە ناتەواو دەزانێ ، فەرق و جیاوازیدانان لە دژی ژنان و کچان و تەنانەت لە نێوان خوشک و برا لە بنەماڵەدا، بەزۆر بە شوودانی کچ و نەبوونی ئازادیی هەلبژاردنی هاوسەر هتد....،

*سەرهەڵدانی رادیکالیزمی ئیسلامی بە تایبەتی هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران ، ئەم ڕێژیمە کە کاریگەری لە سەر ناوچە هەیە لە نیو خۆدا کۆنە پەرستانەترین و دواکەوتووترین یاساکان بە سەر ژنان دا دەسەپێنێ .

*بەشێکی زۆر لە ژنان بە هۆی بیروباوەری ئیدوئولوژیان یان بە هۆی نەخوێندەواریەوە ، ئەو نابەرابەریە بە رەوا دەزانن و بە بەشی خواو قسمەت و نسیبی دەدەنێن پێی رازین .

ئەزموونی ولاتانی دوور و ئەزموونی ناوچەکەشمان پێمان دەڵێ لە هەر جێگایەکی دیموکراسی لە برەو دایە مافی ژنان باشتر وەبەرچاو دەگیرێ ، هەر دوو نەرۆین دامەزرانی یەکەم رێکخراوی ژنان بۆ کورد دەگەریتەوە بۆ سەردەمی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لە مهاباد ،

بۆیە خەباتی ژنان ئەگەر لایەک خەباتێکی کۆمەڵایەتی و یەکسانیخوازە، لە لایەکی دیکەشەوە خەباتێکی سیاسی و دیموکراسیخوازیشە .

بە هیوای سەرکەوتنی ئەم خەباتە ،

پیرۆز بێ 8ی مارس لە ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کوردستان بە تایبەتی

19ی رەشەمەی 1391ی هەتاوی

9ی مارسی 2013ی زایینی

**دەستەی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

# دیارنەبوونی دەنگو ڕەنگی ژنان لە سیاسەتدا



ن. حەلیمە ڕەسوولی

**لە سەدەی بیستو یەکەمدا مۆدێلی کۆمەڵگای پیاوسالار لە دنیادا چی دیکە باوی نەماوەو خوازیارانی ئەم مۆدێلە کارکردنە بە بەردەوامی ڕێژەیان کەمو کەمتر دەبێتەوە.** لەم سەردەمەدا بەشداریی ژنان لە پانتایی‌یە جۆراوجۆرەکاندا بۆتە باسێکی گرنگو بەپێی بۆچوونی خاوەنڕایان گەشەی کۆمەڵگا بەبێ گەشەو بەشداریی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگا سەقەتو ناتەواوە. بە بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا قازانجێکی گەورە بە هەموان دەگاتو هێزی چاکسازی بەهێزتر دەبێ. ئەگەر بمانەوێ بە جۆرێکی دیکە باسەکە بێنینە گۆڕێو بنەماڵەیەک لەبەرچاو بگرین بەم جۆرەی لێدێ کە ئێمە هیچ کات ناتوانین بنەماڵەیەک بدۆزینەوە کە ژن یان پیاوی تێدا نەبێ بەڵام گەشە بکا. بە واتایەکی دیکە بنەماڵەیەکی ئاسایی پێویستیی بە بوونی ژنێکو پیاوێک هەیە بەو هۆیەکە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەریەک لەوانە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانو دەتوانن تایبەتمەندی‌یەکانی یەکتری تەواو بکەنو دواتر کۆمەڵگا تەکمیل بکەن. ئەم باسە دەتوانێ لە گۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەرو لە حیزبێکی سیاسییش‌دا هەر وا بێو بۆ سەرکەوتن پێویستە کەڵک لە تایبەتمەندیی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وەربگیرێ.

ڕێکخراو، و حیزبە سیاسی‌یەکان ئەگەر نەتوانن لە هێزو پۆتانسیەلی هەردوو ڕەگەز کەڵک وەرگرن بێگومان تووشی گرفت دەبن. ئاڵوگۆڕەکان لە دەیەکانی ڕابردوودا بوونەتە هۆکارێک کە ئەو ڕاستی‌یە دەربکەوێ کە بوونی ژنان لە سیاسەتدا پێویستی‌یەکی حاشا هەڵنەگرە. لێرەدا بە پرسیارێک وتارەکەم درێژە پێدەدەم بەڕاستی ئامانج لە بوونی ژنان لە جیهانی سیاسەتداو بە تایبەتی لە تروپکی دەسەڵاتدا چیە؟

زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە زانستی سیاسەت وەک زۆربەی زانستەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەپێی خواستی پیاوان بناغەکانی داڕێژراوەو هەر بەوپێ‌یەش بەڕێوە دەچێ. بەڵام بەپێی بنەمای یەکسانیی دوو ڕەگەز پێویستە ژنو پیاو پێکەوە سیاسەت ئیدارە بکەن. هاوکاریکردن بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی ئیدەئال پێویستیی بە هەموانە بەهەر دوو ڕەگەزەوە. بەڵام زیاتر سازدانی بەستێنێکی وەها دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتمەدارانێک کە هەستیان بە بۆشایی لەو خانەیەدا کردوەو ئەوان پێویستە بۆ بەرابەریی ڕەگەزی لە بیاڤی بڕیارداندا‌و بردنەسەری ڕێژەی ژنانی بەتواناو سازدانی سیمایەکی نۆرماڵ، ڕەوتێکی ڕووبەهەڵکشان لە ڕێژەی ژناندا وەڕێ بخەن. جێگای ئاماژەیە کە سیاسەت بەگشتی‌و سیاسەتی کوردی بەتایبەتی چی دیکە لە بەرژەوەندیی‌دا نیە کە لە تیۆریی سیاسەتی کلاسیک کەڵک وەربگرێ. بەو پێیە کە ئەم تیۆری‌یە، شێوازێکی جیاکارانەیەو تێی‌دا ژێر دەستەیی ڕەگەزی مێ دەبێتە فشارێکی گەورە بۆ سیاسەتمەداران،چونکە ئەم کارە لەگەڵ باوەڕو بنەماکانی ئازادی یەک ناگرێتەوە. شیاوی گوتنە کە بۆ گۆڕینی هاوکێشەی دەسەڵاتی ژنو پیاو لە کۆمەڵگەدا نابێ تەنیا ژن‌بوون وەک ڕەگەز لەبەر چاو بگیرێ لەپێناو مۆدێرن‌کردنی سیماو ڕوخساری دەسەڵاتدا ، بەڵکوو ژنانێک پێویستە بێنە پێشەوە کە هۆشیارو ئاگاو بەتوانا بن. لە قۆناغی دواتردا ئەرکی سیاسەتمەداران دەگۆڕێو ئەوان دەبێ لێکدانەوە لەسەر بەسوودبوونی ئەو هەنگاوە بکەنو ڕادەی بەقازانج‌بوونی ژنان لە پۆستە سەرەکی‌یەکاندا شرۆڤە بکەن.

چاوەڕوانی لە خودی ژنان لەم پێناوەدا چیە؟

تا ئێستا بۆمان دەرکەوتوە کە ڕێژەیەک لەو ژنانەی لە دەسەڵاتدانو وەک ژنێکی سەرکەوتووی سیاسی ناویان دەبرێ کەسانێکن کە سیاسەتکردنیان کۆپیی سیاسەتی پیاوانەو هیچچەشنە بۆچوونو زاتی ژنانە لە شێوازی سیاسەتکردنیاندا بەدی ناکرێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازیی کاری سیاسیی بەشێک لەو ژنانە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەوان دەتوانن پێکهاتەی سیاسەت بەرەو خواستەکانی ژنانەی خۆیان بەرنو ڕێبازی نوێ لە پێکهاتەی سیاسی‌دا دابڕێژن.

کاری سیاسیی فەرمی بریتی‌یە لە پێناسەیەک لەژێر سەردێڕی «لۆژیکی پێکهێنان»دا بەو واتایە کە لە سیاسەتی فەرمی‌دا ئامانجی سیاسی ساز دەکرێ. هەر بۆیە ژنان بەسانایی دەتوانن پێکهاتەیەکی داڕێژراوی سیاسی بگۆڕن. ئەوان دەبێ لەنێو حیزبەکانیاندا لە بەرامبەر ئەو لەمپەڕانەدا کە پێشگیری لە بەشداربوونی ژنان لە پرۆسە سیاسی‌یەکاندا دەکەن ڕاوەستنو نابێ بێڵن لێکدانەوەی هەڵەیان لەسەر بکرێ. زۆر جار بۆچوونی پیاوانەی ژنان بەنیسبەت خۆیان دەبێتە هۆی ئەوە کە بیروڕایان لە سیاسەتدا بە هێند نەگیرێ کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەروەردەکردنی ژنانێک کە قەبووڵیان کردوە، هەموو کات پاشکۆ بنو نەچنە پانتایی بڕیاردانەوەو بەمجۆرە ژنان لە قۆناغی «دواکەوتوویی پەروەردەیی»دا دەمێننەوەو بەردەوام بەرنامەو پرۆگرامەکانی پیاوان

جێبەجێ دەکەن. بۆیە تەنیا ژنبوون وەک ڕەگەز لە سیاسەتدا چارەسەری کێشە نیە. ژنان دەتوانن ببنە ئەهرۆمگەلێکی کاریگەر بۆ وەڕێخستنی سیاسەتی عادیلانەو ئاشتیخوازانە لە ترۆپکی دەسەڵاتدا کە ئەوەش خاڵێکی گرنگە کە پێویستە ببێتە بنەمایەک بۆ نیشاندانی هزری ژنانە کە هزرێکی چارەنووسسازە لە نیزامی سیاسەتکردندا.

ئەوان دەتوانن چی دیکە نەهێڵن وشەی دیموکڕاسی ببێتە تەپڵی نێو بەتاڵ لە پێکهاتە سیاسییەکاندا. بەگشتی کاتێک ژن کەڵک لە هێژێمونیی سیاسەتی خۆی وەربگرێ دەتوانی خوڵقێنەری دنیایەکی بەدوور لە هێرشو ململانێی ناسالمو توندوتیژی بێ. پێویستە ژنان پێناسەیەکی دیاریکراویان لە تیۆری سیاسەتو سیاسەتی پڕاکتیزەکراو هەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە چالاکانی ژن دەبێ ئەوە بزانن کە چالاکی لە بیاڤی ژناندا بەردەوام بەستراوەتەوە بە پرسە سیاسییەکان. بەو هۆیە کە کاتێک ژنانی چالاک باس لە گۆڕینی قانوونێک دەکەن ڕاستەوخۆ ئاماژە بە پێکهاتە سیاسییەکان دەکەن، لە واقیعدا ئەوان داوای گۆڕینی پێکهاتەیەک دەکەن کە ئەمەش ئەمرێکی سیاسییە، لەهەر شوێنێکو لەهەر کۆمەڵگایەکدا بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەتدا پێویستە. فیمینیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێویستە ژنان لە کاری سیاسیدا بەشدار بنو هەرلەو کاتەشدا پیاوانیش بەشدار بن لەکاری نێوماڵدا، واتە کاری ژیانی تایبەتی. بەواتایەکی دیکە فیمینیزم داواکاری تێکشکاندنی پەرژینەکانی نێوان تایبەتیو گشتییە!

چەند هۆکارێک بۆ دوورە پەرێزیی ژنان لە سیاسەت:

چەند هۆکارێک کە بوونەتە هۆی دوورەپەرێزیی ژنان لە سیاسەت بریتین لە:

- نەبوونی متمانەبەخۆبوونو ترسان لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان کە هۆکارێکە دەچێتەوە بۆسەر شێوازی پەروەردە لە بنەماڵەو کۆمەڵگادا.
- بێگانەبوون لەگەڵ کەشی سیاسیو بەهی خۆیان نەزانینو بێئەنگیزەیی لە بەشداری لە سیاسەتدا.
- متمانەنەکردن بە توانایییەکانی خۆیان.
- کەمئەزموونی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، لەئاستی ناوەندیدا بەرپرسایەتیی پێ نەبووەو ئەمەش هۆکارێکە کە کەمئەزموون بێ لە ئاستی سیاسەتی کەلاندا.
- بیانووی ئەوە کە هەڵسەنگاندنی سیاسییان لاوازە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە ئەو ئیمکانو دەرەتانەی لەبەر دەستی پیاواندا بووە بۆ فێربوونو بەرپرسایەتیی بەکردەوەو بنەما فکرییەکان، هیچیان لەبەردەستی ژندا نەبوون.

دیارە ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێکرا مەرج نیە لە کەسایەتیی هەموو ژنێکدا خۆ بنوێنێ. بەو هۆیە کە هەر ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێدرا، لەلایەن هێندێک لە ژنانی نوخبەو بەتواناوە هێڵی سووریان بەسەردا هاتوەو ئەوان توانیویانە خۆیان بە هەمووان بسەلمێننو بەڵام لەم پێناوەدا ماندووبوونو کاری زیاتر پێویستە. ژنانی خاوەنتواناو لێهاتوو دەبێ هەوڵ بدەنو پارێزگاری لە مافی دەربڕینی خواستەکانیان بکەن ، چونکە مافی دەربڕینی بۆچوونی ژنانە مافێکی دیموکراتیکەو پێویستە ڕەچاو بکرێ. ئەوان پێویستە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بردنەسەری ئاستی زانیارییان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لەسیاسەتداو هەوڵ بدەن لەپێناوی پێداچوونەوەو چاکسازیو گۆڕینی هزرو تیگەیشتنە هەڵەکانو شکاندنی بەربەستەکان. ئەوان پێویستە ببنە پاڵپشتو زەمینەساز بۆ بەشداریی زیاتری ژنانی دیکە لە سیاسەتداو هەوڵ بدەن بۆ پەردەلادانو ڕووماڵکردنی لێهاتوویی ژنان کە تا ئێستا بەشاراوە ماوەتەوە.

لەکۆتایی دا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەمە دەکەمەوە کە:

حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکان دەبێ هەست بەمە بکەن کە ئەوان ڕێژەیەک لە دەنگی مەشرووعیان لەلایەن ژنانەوە پێدراوەو بەشێک لە متمانەی سیاسییان لە کۆمەڵگای جیهانیدا پەیوەندیی بە بەشداریی ژنان لەنێو ڕێکخراوەکەیاندایە.

ئەوان دەتوانن هەوڵ بدەن لە پێناو سالمڕاگرتنی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتو بەرگریکردن لە مۆنۆپۆڵکردنی هێز لە لایەن گرووپ یاخود کەسانێکی تایبەتەوە کە ئەمە ئەرکێکی زۆر گرنگە. حیزبە سیاسییەکان ئەرکی سەرەکییان لەپێناو جەزبو کۆکردنەوەی ژنان بەرەو پرۆسە سیاسییەکان لەسەر شانە. ئەوان دەبێ بەبەرنامەو پلانی کارییەوە هەنگاو بنێنو دەرفەتەکان بۆ ژنان ئاوەڵاتر بکەن کە ئەم کارەش دەبێتە هۆی شەفافبوونیانو دەرخەری ئەمە دەبێ کە ئەوان نوێنەرایەتیی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەن بەبێ هەڵاواردنو لەپەراوێزخستن. هەروەها پێویستە ئەندامانی خۆیان لە گرنگیی یەکسانیی مافی ژنو پیاو لە کۆمەڵگەدا وشیار بکەنەوە. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە کە مکانیزمێک بدۆزنەوە کە کاتێک ژنان ئەرکی بەرپرسایەتییان قەبووڵ کردوە، پشتیوانییان لێبکرێ، واتە میکانیزمی پشتیوانی بۆ هاندانو بەردەوامبوونی ژنان لە پۆستە سەرەکییەکاندا پێک بێنن. بێگومان پڕکردنەوەی بۆشایی دەنگو ڕەنگی ژنان لە سیاسەتدا، ئیرادەو ویستی دەوێو بەردەوامی دەخوازێ.

ئەمەش گرنگترین ئامرازی پەرەپێدانی کەلتووری پاراستنی مافی مرۆڤە. پاراستنی مافی مرۆڤ مەرجی پێویستی جیگیربوونی دێموکراسی، ئاشتیو هەماهەنگیی کۆمەڵایەتییە. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بواری فکریو سیاسیو ڕاگەیاندندا، هەر کامێکیان بە گوێرەی نفوورزو تواناو باوەڕەکانیان، کەم تا زۆر بە قازانجی جێگرتتنی باوەر بە مافە مرۆییەکان، هەوڵیان داوە. بەڵام واژۆکردنی ئەم پەیماننامانەیە، ئەرکی ئەوانی لە پێوەندی لە گەڵ کارو تێکۆشان لە بواری مافی مرۆڤدا قورستر کردوە. بە تایبەتی پێویستە لە هەموو کاتو ساتێکدا بوێرانە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان و ژنان بکەن، ئەو مافانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بناسێننو مرۆڤی کورد ڕابێنن پابەند بن بە پاراستنی مافەکانی ژنانو منداڵان. ئەمە دەتوانێ روخسارێکی مرۆڤدۆستانەو دادپەروەرانە بە خەباتی نەتەوەیی، دێموکراسیخوازی ئەوان بدا . لەم روانگەیەوە، مۆرکردنی پەیماننامەکانی ژنێڤاکاڵ لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانم.

# واژۆی پەیمانێک گرنگە، بەڵام پێوەپابەندبوونی گرنگترە



کوێستان فتووحی

**لە پەراوێزی ئیمزاکردنی دوو پرۆتوکولی جیهانی لە لایەن 5 حیزبی رۆژهەلاتی کوردستانەوە**

لەسەر بانگهێشتنی سەرۆکایەتیی رێکخراوی ژنێڤاکال (بانگەوازی ژنێڤ) بە مەبەستی پابەندبوونی بزووتنەوە چەکداریيەکانی جیهان بە قانوونە مرۆڤدۆستانەکانەوە، نوێنەرانی پێنج حیزبی رۆژهەلاتی کوردستان: حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانو کۆمەڵە ــ رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران، لە شاری ژنێڤ کۆ بوونەوە. لەو کۆبوونەوەيەدا لەلایەن ئەو حیزبانەوە دوو پرۆتوکولی گرنگ لەبواری مافەکانی ژنانو منداڵاندا واژۆ کران .

ئەوەندی من ئاگادار بم لە سالانی رابردووشدا، لانیکەم حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە پیوەندی لە گەڵ بەکارنەهێنانی میندا، رێککەوتننامەیەکی لە گەڵ رێکخراوی ژنێڤاکاڵ، مۆر کردوە. بە شێوەیەکی گشتی، نێوەڕۆکی پەیماننامە جیهانیيەکانی مافی مرۆڤ، بە تایبەتی بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤ لە بەرنامەو پەسندکراوەکانی زۆربەی ئەو حیزبانەدا رەنگی داوەتەوە، بەڵام بە واژۆکردنی ئەم دوو پرۆتۆکۆلە زۆر زیاتر لە پێشوو بەرپرسایەتیو ئەرک بەرانبەر بە نێوەرۆکی پەیماننامە جیهانیيەکان بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ منداڵانو ژناندا دەکەوێتە سەر شانیان.

فێرکردن یەکێکە لە پایەکانی نەهادینەبوونی مافی مرۆڤ لە هەر کۆمەڵگەیەکدا .لە پێوەندیی لەگەڵ واژۆی دوو پرۆتۆکولی رێکخراوی ژنێڤاکال لەلایەن5 حیزبی رۆژهەلاتی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی ئەم هەنگاوە هەر وەک واژۆی سەر کاغەز نەمێنێتەوە، پێویستە وەک پرۆژەیەکی ژیانی حیزبی چاوی لێبکەنو لە ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردنی خۆیاندا ماددەکانی ئەم پەیماننامانەو ئەرکو بەرپرسایەتیيەکانیان وەک وانە بە تێکۆشەرانو ئەندامانو لایەنگرانیان بلێنەوە. تاکەکانی نێو ئەم رێکخراوانە دەبێ وەک ئوسوولی حیزبەکەیان چاو لە خاڵ بە خالّی ئەم پەیماننامانە بکەنو رێز لە جەوهەری واژۆی حیزبەکانیان بگرن .

فێرکردنی مافەکانی مرۆڤو پەرەپێدانو رێزگرتنی مافو ئازادیيە ئینسانیيەکان لەو مەسەلە گرنگانەن کە ئەم حیزبانە دەبێ لە نێو قەوارەی تەشکیلاتیياندا بەردەوام پێی لەسەر دابگرنو بیکەنە وانەی تەشکیلاتی. واتە پیویستە کەسەکانی خۆیان بە گیانی ریزگرتن لەو مافانەو باوەر بەوان، پەروەردە بکەن .

پێویستە لەو هەنگاوە سەمبولیکانە، بەولاوەتر برۆنو بەرنامەو رێوشوێن بۆ بەرەسمیناسینو بەڕێوەبردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامە جیهانیيانەدا هاتوون، دابنێنو چلە نێو تاکەکانی رێکخراوەکانیانو چلە هەلسوکەوت لە گەڵ خەڵکدا بەڕیوەیان بەرن. گومانی تیدا نیە کە فێرکردنی مافی مرۆڤ لە دروستکردنی کلتووری پاراستنو رێزگرتن لە مافی مرۆڤو پەرەسەندنو جێگیربوونی ئەو مافانە لە کۆمەڵگەدا، نەخشێکی سەرەکیو بنیاتنەری دەبێ .

ئەگەر تا دوێنێ بۆ پاراستنی ئوسوولو پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ، هەر خۆمان بەسەر حیزبەکانی خۆماندا چاوەدێر بووین ، لەمەوبەدوا رێکخراوە جیهانیيەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ وەک رێکخراوی ژنێڤاکال، چاودێریی بەرێوەچوونی ئەو پرەنسیپانە لە نێو ئەو حیزبەکانماندا دەکەن . دیارە واژۆکەرانی ئەم پرۆتۆکۆلانە دەبێ حیسابی ئەوەیان کردبێ کە لەمەودوا ئەرکو بەرپرسیارەتیيەکانیان لە ئاست مافەکانی ژنانو مندالان زیاتر دەبێو دیارکەوتن لە ناوەندو کۆڕو کۆمەڵی نیونەتەوەیی داکۆکی لە مافی مرۆڤو واژۆکردنی پەیماننامە جیهانیيەکانی مافی مرۆڤ، دەتوانێ ببێتە هەوێنی تەبلیغاتی بۆ هەر کام لەو لایەنانە . بەڵام ئێعتبارو جێگەو پێگەی ئەوان لەم واژۆیەدا ئەو کاتە بەرجەستە دەبێ کە بە جیددی بیکەنە پرۆژەی تێکۆشانو تێهەڵکێشی ژیانو کەلتووری حیزبەکانیانی بکەن .جێگیرکردنی یەکسانیی ژنو پیاوو پاراستنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە هەر حیزبو رێکخراوو کۆمەڵگەیەکدا پێویستیی بە بەرنامەو پرۆژەو کارو تیکۆشان لە بوارو ئاستی جۆراوجۆردا هەیە. بۆیە ئەو 5 حیزبە بەم واژۆکردنە ئەرکدار کراون کە لەمەودوا پرۆژەی مافی مرۆڤ (ژنانومندالان) لە ریزەکانی خۆیانو لە نێو نەتەوەکەی خۆیاندا بەرەوپێش بەرنو وەک چۆن لەئاست ئەرکە نەتەوەیيەکانیان، هەست بە بەرپرسایەتی دەکەن، هەر ئاواش لەئاست مافەکانی ژنانو منداڵاندا دەبێ خۆ بە بەرپرس بزانن . ئەو واژۆکردنە ئەوکاتە بایەخ پەیدا دەکا کە بە شێوەیەکی بنچینەیی فێرکردنی مافی مرۆڤ لە پرۆگرامی ناوەندە فێرکاريیەکانیاندا رەنگ بداتەوە، تێکەڵ بە رێوشوێنە تەشکیلاتيیەکانیان ببێو لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانو دامودەزگاکانی راگەیاندنیاندا، رێنوینیو ئیلهامیان لێوەربگیرێ .

فێرکردن دەبێتە هۆی بەرەوژووربردنی ئاستی زانیاریو تێگەیشتن لە مافو ئازادیيەکانو فێرکردن دەبێتە هۆی بەرەوژووربردنی

# ژنان و مافەکانی مرۆڤ

ئەیووب سەدیقی

ژنو پیاو خاوەنی مافی مرۆڤیی وەک یەکن. بەوحاڵەش لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵدا، ژنان لەچاو پیاوان لە هەلومەرجێکی خراپتردا دەژین. هەر بۆیە مەسەلەی ژنانو مافەکانی مرۆڤ بۆخۆی بۆتە باسێکی تایبەتی. بۆچی مافەکانی مرۆڤ نەبوون بەهۆی ئەوەی کە هەلومەرجی ژیانی ژنان بەشیوەیەکی بەرچاو بەرەو باشی بڕوا؟ لەو پێوەندییەدا هێندێک ڕاستی هەن کە لە کاتی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ژیانی ژنان بە بەراورد لەگەڵ ئی پیاواندا دەبێ لەبەر چاو بگیرێن.

ڕادەی نەخوێندەواری لەنێو ژنان دا زۆرترە تا پیاوان. ڕێژەی ژنانی نەخوێندەوار دوو لە سێی سەرجەمی نەخوێندەوارەکانی دنیایە. ڕێژەی ئەو ژنانەی کە دەتوانن بخوێننەوە نیوەی ڕێژەی ئەو پیاوانەیە کە توانای خوێندنەوەیان هەیە. لە نیپاڵ ئەو ڕێژەیە 35% و لە سودان 27%ی پێکدێنێ. بەو پێیە زۆربەی هەرە زۆری نەخوێندەوارەکانی دنیا ژنانن.

– ڕادەی بەشداریکردنی ژنان لە خوێندنی بەرزدا لەچاو پیاوان زۆر زۆر لە خوارێیە. لەو وڵاتە ئەفریقاییانە دا کە دەکەونە باشووری سەحرا، ژنانو کچان تەنیا یەک لەسێی ئەو قوتابیانە پێکدێنن کە لە ئاستی بەرزدا دەخوێنن. لە وڵاتە سەنعەتییەکانیش ژمارەی ئەو ژنانەی بەشە تەکنیکیو زانستییەکاندا دەخوێنن لەچاو ژمارەی پیاوان زۆر لەخوارترە.

- لەبازاڕی کارو مەیدانی کاردا، ئەو دەرفەتو هەلو ئیمکاناتەی بۆ ژنان لە گۆڕێدایە، زۆر زۆر کەمتر لەوەیە کە بۆ پیاوان وەدەست دەکەوێ. لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە نێونجیی داهاتی ژنان 13 تا 25 لەسەد لەچاو داهاتی پیاوان کەمترە.

- ڕادەی نێونجیی تەمەنی ژنان بەشێوەیەکی ئاسایی لەهی پیاوان زۆرترە. بەڵام بەهۆی ئەو جیاوازیدانانەی لە باری تەندروستیو لەشساغییەوە بە ژنان ڕەوا دەبینرێ، لەهێندێک لە وڵاتانی ئەفریقایی و ئاسیاییدا ژنان کەمتر لە ڕادەی چاوەڕوانکراو دەژین.

- زەحمەتو ماندووبوونو کاری ژنان، بە دەگمەن لە سەرژمێرییە ڕەسمییەکاندا دەردەکەوێ. ئەگەر ئەو کارەکە ژنان لەماڵەوە بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری ماڵو مێردیان بەڕێوەی دەبەن بە حیساب بێ، ڕادەی داهاتی نەتەوەیی وڵاتە هەژارەکان 30% - 20%ی دەچێتە سەرێ.

زۆرن ئەو هۆیانەی بوونە کۆسپی سەر ڕێگای ئەوەی مافەکانی مرۆڤ بتوانن بەڕادەیەکی بەرچاو یارمەتیی چوونەپێشو گەشەکردنی وەزعی ژیانی ژنان بکەن. ئەوە لەکاتێکدایە کەلە پەیماننامەکاندا بەرابەرن. ساڵی 1946 کۆمیسیۆنێکی تایبەتی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی دابینکردنی بەرابەریی ژنو پیاو، چاودێریکردن و بەرەوپێشبردنی مافی ژنان دامەزرا. یەکێک لە ئامانجەکانی کۆمیسیۆنەکە ئەوەیە ئەو بوارانە دەستنیشان بکا کە لەواندا ژنان جیاوازییان پێ ڕەوا دەبینرێو هەر بەو تاوانە کە ژنن، پشتگوێ دەخرێن، یان بەشێوەیەکی ناعادڵانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێ. هەروەها ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تا ئێستا بەمەبەستی بەهێزکردنی بارودۆخی ژیانی ژنان دوو کۆنوانسیۆنی پەسەند کردوون. کە بریتین لە:

- کۆنوانسیۆنی مافە سیاسییەکانی ژنان (1952).
- کۆنوانسیۆنی قەدەغەبوونو لەنێوبردنی هەرچەشنە فۆڕمو شێوەیەکی جیاوازیدانان بە دژی ژنان (1979).

درێژەی لاپەرەی 12

## واژۆی پەیمانێک گرنگە، بەڵام پێوەپابەندبوونی گرنگترە

ئاستی زانیاریو تێگەیشتن لە مافو ئازادییەکانو ئەمەش گرنگترین ئامرازی پەرەپێدانی کەلتووری پاراستنی مافی مرۆڤە. پاراستنی مافی مرۆڤ مەرجی پێویستی جیگیربوونی دێموکراسی، ئاشتیو هەماهەنگیی کۆمەڵایەتییە. حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بواری فکریو سیاسیو ڕاگەیاندندا، هەر کامێکیان بە گوێرەی نفووزو تواناو باوەرەکانیان، کەم تا زۆر بە قازانجی جێگرتتنی باوەر بە مافە مرۆییەکان، هەوڵیان داوە. بەڵام واژۆکردنی ئەم پەیماننامانەیە، ئەرکی ئەوانی لە پێوەندی لە گەڵ کارو تێکۆشان لە بواری مافی مرۆڤدا قورستر کردوە. بە تایبەتی پێویستە لە هەموو کاتو ساتێکدا بوێرانە داکۆکی لە مافەکانی منداڵان و ژنان بکەن، ئەو مافانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بناسێننو مرۆڤی کورد ڕابێنن پابەند بن بە پاراستنی مافەکانی ژنانو منداڵان. ئەمە دەتوانێ روخسارێکی مرۆڤدۆستانەو دادپەروەرانە بە خەباتی نەتەوەیی، دێموکراسیخوازی ئەوان بدا . لەم روانگەیەوە، مۆرکردنی پەیماننامەکانی ژنێڤاکاڵ لە لایەن حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە هەنگاوێکی گرنگ دەزانم.

# بەسە دڵم وام لێمەکە ... ئەو تۆی ناوێ خۆت شێت مەکە

# خۆشەویستی یەکلایەنە، خولانەوە لەناو بازنەیەکی پڕ ئە شکەنجەدا

ن. مامۆستای دەروونناس د. سامان سیوەیلی



ئەم وتارەم دوا وتاری ساڵی 2012 دەبێ، وەک چەپکێک وشە دەیکەمە دیاریی خۆم بۆ گشت خوێنەرانی ئازیز، بە تایبەتی ئەو کەسانەی گیرۆدەی دەستی خۆشە ویستیی یەکلایەنەن، بە هیوای ئەوەی ئەم وتارە بەرچاو روونی‌یان بداتێ لە دەرچوون لەو بازنە پڕ ئەکشەنجەیەی تێی‌دا دەژین، بەهیوای ئەوەی تەمەنو کات بوارمان بدەن لە ساڵـــــــی نوێدا بە وتارو بابەتی نوێوە بگەڕێینەوە لاتان، ساڵی نوێتان پیرۆز بێ، کاتوساتەکانتان پڕ لە ئارامی‌و ئاسوودەیی‌و بەختەوەری بن). خۆشە ویستیـــی یەکلایـەنە هەروەک لە ناوەکەیە وە دیارە بریتی‌یە لە جۆرێک لە خۆشەویستی کە تێی‌دا تاک لایەنانە کە سێک گیرۆدەی خۆشەویستیی کەسێکی دی دەبێو لایەنەکەی بەرامبەر یان ئاگای لە کەسە گیرۆدەبووەکە نیەو بە هەموو شێوەیەک بێ‌ئاگایە، یان ئاگادارە بەڵام ئامادە نیە هیچ خۆشەویستی‌یەک ببەخشێتە کەسە گیرۆدەبووەکەو ئامادە نیە بەدەم هە ست سۆزی ئەوەوە بڕواتو بێباکە لە هە ست سۆزو ژانکۆکانی لایەنی یەکەم. ئەگەر خۆشەویستی دوولایەنە ژیانی مرۆڤەکان جوانتر بکاو وزەی بەردەوام ببەخشێت بە مرۆڤەکان، ئەوا خۆشەویستیی یەکلایەنە ئەشکەنجـــــەدانێکی بەردەوامی (خود)ە، تائەوپەڕی ڕادەی ڕۆحو دەروونو مێشک دە پرووکێنـێ، هەر تاکێک دەکەوێتە ئەم حاڵە

هەروەکوو چۆن کاتێک مرۆڤ دوچاری خوێنبەربوون لە جەستەی‌دا دەبێت ئەگەر ئەو زامە سارێژ نەکرێو ئەو خوێنلەبەڕرۆیشتنە نە وەستێنرێت، ئەوا کەسە زامدارەکە ڕووبەڕووی مەترسیی گەورە دەبێتەوە هەتا ئاستی گیانلەدەستدان، خۆشەویستیی یەکلایەنەش لە بەڕرۆیشتنێکی بەردەوامی وزە دەروونی‌و ڕۆحی‌یەکەی مرۆڤە، هەروەها وزەی مێشکو وزەی جەستە، چونکە هیچ وزەیەک وەرناگیرێتە وە لەبەرامبەرە بێ‌ئاگاکە یان لەو بەرامبەرەی کە ئامادە نیە هیچ سۆزوخۆشەویستی‌یەک ببە خشـــــێتە کەســــــەکە.

کاتێک دەڵێین پەیوەندیی خۆشەویستی واتە هاوسەنگی‌یەکی ڕێژەیی لە بەخشینو وەرگرتن لەنێوان دوو کەسدا، (کە لێرەدا مەبەستمان پەیوەندیی خۆشەویستیی نێوان کوڕو کچە)، بەڵام لە خۆشەویستیی یەکلایە نەدا هاوسەنگی نیە، پرۆسەی بەخشینو وە رگرتن نیە. خۆشەویستیی یەکلایەنە هێندە بە خۆشەویستی‌یەکی نەخۆشی‌یانە هەژمار دەکرێت، هێندە بە خۆشەویستی‌یەکی ئاسایی‌و سروشتی هەژمار ناکرێت.

زۆرترینی ئەمجۆرە لە خۆشەویستی لە قۆناغی هەرزەکاری‌دا ڕوو دەدا، کاتێک هە رزەکار لەژێر کاریگەریی کەفوکوڵی سۆزدایە ، هێشتا دیدی هەرزەکار بۆ خۆشەویستی‌و بۆ ئەو کەسەی دەکەوێتە داویەوە، دیدێکی تەمومژاوی‌و ناڕوونە، ئەو هەرزەکارانەی گیرۆدەی ئەمجۆرە لە خۆشەویستی دەبن زۆر بەزوویی گیرۆدە دەبن بە کەسێکی دیاریکراو، وێنای ئەم کەسە دەکەنە دیلی هەستو سۆزەکانیان، لەهەمان کاتیش‌دا خۆیان دەبنە دیلی ئەو وێنایە، کە لەزۆرینە ی حاڵەتدا ئەم وێنایەی لای خۆیان دروستیان کردوە جگە لە وەهم هیچی تر نیە، لەم قۆناغەدا هەرزەکار وەها لێکی‌دە داتەوە کە ئەو کەسەی ئەم تاکلایەنە خۆشی دەوێت، ئەو کەسەیە کە دەتوانێت ببێتە شاسواری خەونەکانی، هەموو خەسڵە تەکانی بە جوانو بێ‌خەوش دێتە بەرچاوی، لەلای خۆیەوە شرۆڤە بۆ هەموو هەڵسوکە وتو ڕەفتارێکی دەکات بەو شێوەیەی لەبە ڕژەوەندیی وەهمەکانی خۆی‌دا بێت، دەکە وێتە چاودێری‌کردنو بەدواداچوون بۆ شێوازی ژیانو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری‌و سۆزداری لایەنە بێ‌ئاگاکەی دووەم، تەنانەت لە خەیاڵ و ئەندێشەکانی خۆی‌دا بەتەواوی بە وردەکاری‌یەکانی ژیانی لایەنی دووەم‌دا ڕۆدەچێت، زۆرینەی کاتەکانی بە زیندەخە ونو خەیاڵو بیرکردنەوە لەلایەنی دووەم بە سەردەبات، ئەوەندە مێشکی لایەنی یەکەم جەنجاڵی پلاندانان و هەنگاونانە بەرەو لایە نی دووەم بەردەوام بیرکردنەوەی ئاڵۆزو بێ ئاگا دەبێت لەخودی خۆی‌و تەنانەت دە ورووبەریشی، بۆیە ئەم کەسانە لە زۆرترین حاڵەتدا زیاتر دوچاری گۆشەگیری دەبنو

بەردەوام لە نائارامیو بێ ئۆقرەییدا دەژین، لەسەر پەراوو پەرتووکی خوێندنو پەراوی تایبەتی یادەوەرییەکانیاندا بەردەوام هەستە تاکلایەنەکانیان لەشێوەی وشە یان وێنەدا دەنەخشێنن، جیهانێکی تایبەت بە خۆیان بینا دەکەن کە پایەکانی ئەم جیهانە تەنها خەونو خەیاڵە، هەموو ئەمانە لە کاتێکدا ڕوودەدەن کە بەرامبەر یان خود لایەنی دووەم بێئاگایەو خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیەتیو تەنانەت ڕەنگە لایەنی دووەم کەسی تر لەژیانیدا هەبێتو بەرنامەکانی ژیانی بەند بێت بە کەسێکی دیکەوە، هەموو ئەم بایەخپێدانو ئازارو خۆخواردنەوانەی لایەنی یەکەم نەک هەر هیچ مانایەک بەو نابەخشێت بەڵکوو لای لایەنی دوووەم یەکسانە بە سفر.

درێژەکێشانی ئەم بارە نائاراموو پڕ لە ئەشکەنجەیە و پەنگخواردنەوەی هەستو سۆزەکانی لایەنی یەکەم لەناخی خۆیداو حەسرەتی ئاگادارکردنی لایەنی دووەم لەم حاڵ شپرزەییەی خۆی یاخود پاش ئاگادارکردنی لایەنی دووەمیش کاتێک لایەنی دووەم ئامادەیی تێدا نەبێت بێتە ژیانی لایەنی یەکەمو پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ببەستێت، کارێکی ئەوتۆ دەکاتە سەر کۆی ژیانی لایەنی یەکەم کە بەرەو نەخۆشیی دەروونی سەربکێشێت، کەسە گیرۆدەبووەکە بە خۆشەویستیی یەکلایەنە، توانای خوێندنی زۆر کەم دەبێتەوە یان نامێنێت، ئاستی خوێندنی زۆر دادەبەزێتو ئەگەری دەرنەچوونی زۆر دەبێت، خەوی زۆر کەم دەبێتەوە، ئارەزووی خواردنی نامێنێتو کێشی کەسەکە بەردەوام ڕوو لە دابەزین دەبێت، بێهێزو بێ وزە دەبێت، زیاتر حەز بەتەنیایی دەکاتو گۆشەگیر دەبێتو بەردەوام نوقمی زیندەخەونو خەیاڵەکانی دەبێت، ڕێزی بۆ خودی کەم دەبێتەوە و خۆی وەک کەسێکی بێنرخ دێتە بەرچاو، بەردەوام هەست بە شکستخواردوویی خۆی دەکات بەڵام خۆی بە بێدەسەڵات دەبینێت لەوەی ئەم قەیرانە تێپەڕ بکات، تەنانەت هەندێجار بیرۆکەی خۆکوژیی لا دروست دەبێت، کەمتریش لەناویاندا ڕەفتاری خۆکوژی ئەنجام دەدەن وەک (گوێزان یان چەقۆ هێنان بەدەمارێکی دەستیاندا، یان کۆکردنەوەی دەرمانو حەبو پلاندانان بۆ بەکارهێنانیان، چوونەسەر شوێنی بەرز .. تـــــــــد)

خۆشەویستیی یەکلایەنە خەونێکی بەدینەهاتووە، بەڵام کاتێک خاوەنی ئەم خەونە بێدار دەبێتەوە باجێکی گەورەی داوە لە ژیانی تایبەتیو خوێندنو کارو بەرهەمو تەندروستیو دەروونئدروستیو تەمەنو تەنانەت هەندێجار لە هەلی هاوسەرگیریشدا . ئەم باجدانە گەورانەش هەندێجار کار لەسەر ڕەوتی ژیانی مرۆڤ دەکات بۆ هەتاهەتایە، کە لە هەندێ باردا کەلێنی وەها گەورە دروست دەکات لەژیاندا پڕکردنەوەیان کاتێکی زۆرو وزەیەکی زۆرو هەندێجار تێچوونێکی ئابووریی زۆری دەوێت، لە هەندێ باریشدا بەهیچ شێوەیەک ئەو کەلێنانە پڕ ناکرێنەوە.

ڕێدەکەوێت کەسی گیرۆدەبوو بە خۆشەویستیی یەکلایەنە تەنها لە سەرنجی یەکەمەوە بۆ کەسی دووەم دوچاری ئەو گیرۆدەبییە ببێت، واتە نەک لەسەر بنەمای تێگەیشتن لە بیروباوەڕو خاڵی هاوبەشو لایەنە ئەرێنییەکانی کەسی دووەمو بوونی دیالۆگ لەنێوانیاندا: کچێک لە قۆناغی یەکەمی زانکۆ، بەرێکەوت دەچێتە کتێبخانەی زانکۆ بە مەبەستی خواستنی سەرچاوەیەک لە کتێبخانە، کاتێک ڕێکەوتی فەرمانبەرێکی پیاوی کتێبخانەکە دەکات، لەو ساتەوەختەوە کچەکە لەڕێی ئەو چەند خولەکە لە بینین دوچاری گیرۆدەبوون دەبێت بەرامبەر کارمەندە پیاوەکە، هەتا قۆناغی سێیەمی زانکۆ ئەو کچە بەردەوام لە ژیانێکی تاڵو پڕ ئەشکەنجەدا زیندەگی دەکرد بەدەست هەستو سۆزەکانییەوە بۆ کەسی دووەم، کە تەواو بێئاگا بوو لە باری ئەو کچە، دوای ئەوەی قۆناغی دووەمی بە دوو ساڵ بڕی بەهۆی خراپیی باری دەروونییەوە، پاش ئەو هەموو باجدانو قوربانیدانە بێ بەرهەمە لە قۆناغی سێیەمی زانکۆدا ئینجا کچەکە بۆی دەرکەوت کە ئەو پیاوە هاوسەردارەو باوکی دوو منداڵە، ئەمەش هێندەی تر باری دەروونیی کچەکەی بەرەو ناهەمواری برد، هەر بۆیە کەوتە ژێر چارەسەری دەرمانو چارەسەری دەروونییەوە هەتا توانرا ژیانی ئاسایی بکرێتەوە.)

(کوڕێکی هەرزەکاری تەمەن (16) ساڵ، لە قۆناغی (10) ی ئامادەیی، دوچاری خۆشەویستیی کچێکی تەمەن (16) ساڵی دانیشتووی هەمان گەڕەکی خۆیان بوو، ئەم کوڕە ئارامی لێهەڵگیرابوو، بەردەوام لەڕێی چوونی کچەکە بۆ قوتابخانە بەدوای کچەکەوە بوو، داوای پەیوەندیی لێدەکرد، نامەی بۆ دەنووسیو بۆی فڕێدەدا یان بە هاوڕێکانیدا بۆی دەنارد، داوای لە کچەکە دەکرد کە گوێی بۆ بگرێت، کوڕەکە باسی ئەو ڕەوشە دەروونییە خراپەی خۆی بۆ کچەکە دەکردو بە هەموو شێوەیەک خۆشەویستیی خۆی بۆ دەردەبڕی، کچەکە بە هیچ شێوەیەک ئامادەنەبوو وەڵامی بداتەوەو تەنها ئەوەی پێدەگوت کە ئەو هیچ هەستێکی بۆ ئەو نیە، کوڕەکە وای لێهات ئەوەندە ئامادەنەبوونی لە قوتابخانە هەبوو هەتا مافی تەواوکردنی خوێندنی بۆ ئەو ساڵە لێسەندرایەوە، کوڕەکە نانی

نەدەخوارد، خەوی نەمابوو، بەردەوام شپرزە بوو، کار گەیشتە ئەوەی کچەکە پەنای بۆ براکانی برد، براکانی ئەو کچە چەند جارێک ئازاری کوڕەکەیان داو لێیاندا، کار گەیشتە ئەوەی سکاڵای یاساییان لەسەر کوڕەکە تۆمار کرد، کوڕەکە دووجار هەوڵی خۆکوشتنی دا، بەڵام هەردوو جارەکە ڕزگار کرابوو، قسەی خێزانو کەسوکارو هاوڕێیانی کوڕەکە نەیاندەتوانی کوڕەکە لەم گێژاوە ڕزگار بکەن، تا دواجار پەنایان بۆ پزیشکی دەروونیو دەروونناس بردو پاش چەند مانگێک توانرا کوڕەکە لەم ڕەوشە ڕزگار بکرێت، دوای ئەوەی دوو ساڵ خوێندنی فەوتا.) هەندێجار لایەنی یەکەم کەمێک زاڵە لەسەر هەستو سۆزەکانیو ناگاتە ئەو ئاستە خراپانەو واقعیانەتر مامەڵە لەگەڵ حاڵەتەکەیدا دەکاتو زووتر خۆی یەکلادەکاتەوە.

زۆرترینی ئەو حاڵەتانە سەرەتا بە سەرسامبوون ( الاعجاب )دەست پێدەکات، هەندێجار لە قۆناغی هەرزەکاریدا جیاوازی ناکرێت لەنێوان (حەزو سەرسامبوونو خۆشەویستیدا)، پاشان لە سەرسامییەوە دەگۆڕێت بۆ خۆشەویستی، پاشان بۆ ئازار پاشان بۆ نەخۆشیی دەروونی.
لە زۆر باردا لایەنی یەکەم لە ترسی ئەوەی لایەنی دووەم خۆشەویستیو دەستپێشخەریەکی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی خۆشەویستی ڕەت بکاتەوە، ناوێرێت هەستە پەنگخواردووەکانی بۆ لایەنی دووەم ئاشکرا بکات، بەجۆرێک ڕەزامەند دەبێت خۆی لەو ئەشکەنجە دەروونییەدا بهێڵێتەوەو لەناو بازنەیەکی داخراودا بخولێتەوە نەوەک بەرامبەر داواکارییەکەی ڕەت بکاتەوە، ئەمەش خۆخەڵەتاندنو بەفیڕۆدانی زۆرێک لە گەوهەرە بەنرخەکانی مرۆڤە. خۆشەویستیی یەکلایەنە تایبەت نیە بەڕەگەزێکی دیاریکراو، هەردوو ڕەگەز (نێرو مێ) دوچاری دەبن، بەڵام لە ڕەگەزی مێیینە زیاترەو بە ئازارترە، چونکە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەدەر لە پێکهاتەی سایکۆلۆژیو سۆزداری ڕەگەزی مێیینە کە فاکتەرێکی گرنگە، فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکەو کولتور ڕۆڵی خۆی دەبینێت کە ئەم حاڵەتە بەسوێتر بێت بۆ کچان، چونکە کوڕان بەو ڕێودانەی کاریگەریی کولتوری پیاوسالارانەیان لەسەرە هەمیشە دەستپێشخەرترن لە کچان لە دەربڕینی هەستو سۆزەکانیاندا بەڵام کچان لەبەر ئیعتیباراتی کۆمەڵایەتی زیاتر هەستو سۆزەکانیان پەنگ دەخواتەوە لەکاتی گیرۆدەبوونیان بە خۆشەویستیی یەکلایەنە.

زۆرینەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی دوچاری خۆشەویستیی یەکلایەنە دەبن لەو کەسانەن کە لەڕووی سۆزداریو بیرکردنەوەوە نەڕەسیون (پێنەگەیشتوون)، ئەگەرچی ڕێدەکەوێت کەسانی پێگەیشتووش دوچاری ئەم حاڵەتە ببن بەڵام دەگمەن.

خاڵێکی تر کە گرنگە ئاماژەی پێبدەم لێرەدا، ئەو حاڵەتانەیە کە لەپاش شکستهێنانی پەیوەندییەکی سۆزداری لایەکیان دوچاری خۆشەویستیی یەکلایەنە دەبێتەوە، لە کاتێکدا لەسەرەتادا پەیوەندییەکە دوو لایەنە بووە، بەڵام بە هەر هۆیەکەوە بێت پەیوەندییەکە کۆتایی پێهاتوە، لەم حاڵەتانەدا زۆرترین قوربانییەکان لە ڕەگەزی مێیینە دەبن، کاتێک کوڕان خۆیان دوور دەخەنەوەو چیتر ئامادە نابن لە ژیانی کچەکاندا بمێننەوە، لەم کاتانەدا زۆرینەی ئەو کچانەی بەتەنیایی دەمێننەوە تاکلایەنانە لەو هەستو سۆزەی ڕابردوویاندا دەژینو هەندێجار هەموو هەوڵێک دەخەنە گەڕ بۆ گێڕانەوەی هاوسۆزەکانیان بۆ ناو هاوکێشە سۆزدارییەکە بەڵام لە زۆرینەی حاڵەتەکاندا هەموو هەوڵەکانیان بێهوودە دەردەچێت، درێژەدانی ئەم حاڵەتانەش هەر دەچێتە خانەی خۆشەویستیی یەکلایەنەوە ئەگەرچی پێشینەیەکی دوولایەنەیشی هەبووبێت. بۆیە لەم کاتانەدا دروست وایە ئەو کە سانە پاشی شکستخواردنی پەیوەندییە دوولایەنەکانیان بە تەنهایی دەمێننەوە واقعیانەتر لە خۆیانو ڕەفتارو بیرکردنەوەکانیان بڕواننو هەوڵی خۆ کۆنترۆڵکردن بدەن، چونکە کەسێک ئامادە نەبێت لە ژیانی تۆدا بمێنێتەوەو خۆشەویستیی خۆی بە تۆ ببەخشێت ستەمە تۆ فرمێسکی بۆ هەڵبڕێژیت، ئەگەرچی ئاسەوارەکانی ئەو دابڕانو شکستە بۆ ماوەیەک کاریگەریی لە سەر باری دەروونیی مرۆڤ جێدەهێڵێت بەلام دواجار کۆنترۆڵ دەکرێتو دەکرێت،و مرۆڤ وەکو ئەزموونێک لەو ڕابردووەی بڕوانێتو بکاتە ئەو باوەڕەی کە ئەو دابڕانو شکستەی شارەزایی باشی پێ بەخشیوە بۆ ژیانو مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەرو ناسینی ماهیەتی مرۆڤەکانو دەکرێت بۆ ئەزموونی ئایندەی کەڵکیان لێوەربگرێت.
سەبارەت بە حاڵەتەکانی خۆشەویستیی یەکلایەنە لە قۆناغی هەرزەکاریدا پێویستە لەسەر خێزان بە هێمنییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەی هەرزەکاردا بکەنو دوور بکەونەوە لە توندوتیژیو ئازاردانی دەروونیو جەستەیی هەرزەکار، بە هێمنییەوە بەرچاوڕوونی بدەنێو ڕێنمایی بکەنو باسی ئەزموونی کەسانی تری بۆ بکەن کە چۆن کاتو وزەو زۆر شتی بەنرخی ژیانیان لەدەست داوە، باسی پەشیمانیی خاوەن ئەزموونەکانی خۆشەویستیی یەکلایەنەیان بۆ بکەن، هەوڵ بدەن ئاراستەی دروستیان

بکەن لە چالاکیی (هونەریو وەرزشیو ڕۆشنبیری) ی بەکەڵکدا، ڕێز لە هەستو سۆزەکانی هەرزەکار بگرنو ڕێگەیان پێبدەن هەستو سۆزەکانیان دەرببڕن، چونکە پەنگخواردنەوەی ئەو هەستو سۆزانە حاڵەتەکان بەرەو شپرزەتر دەبات، هەوڵ بدەن لە گۆشەگیری ڕزگاریان بکەنو لەڕێی ئارەزوو و پەیوەندییە پەسندکراوەکانی خۆیانەوە کار لەسەر سەرلەنوێ تێکەڵکردنەوەیان بکەن، لەحاڵەتی پێویستدا پەنا بۆ ڕاوێژکار یان دەروونناس یان پزیشکی دەروونی ببەن تاکو هاوکاریان بێت لە زوو تێپەڕاندنی حاڵەتەکە و کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو نیشانانەی مەترسی لەسەر ژیانی هەرزەکار دروست دەکەن.

من وەک ئەزموونی خۆم لە کارکردن لەسەر دەیان حاڵەت لە خۆشەویستیی یەکلایەنە لە هەردوو ڕەگەزو لە تەمەنە جۆراجۆرەکاندا، گەیشتوومەتە ئەم دوو ڕاستییە:

1. گوێگرتن لە کەسەکانو دەربڕینی ئازادانەی هەموو هەستو سۆزە پەنگخواردووەکانی ئەو کەسانەی دوچاری خۆشەویستیی یەکلایەنە هاتوون سەرەتایەکی زۆر باشە بۆ کەوتنە سەر ڕێڕەوی چارەسەر.

2. . هەندێک لەو حاڵەتانەکە لایەنی یەکەم بەهیچ شێوەیەک نەیتوانیوە لایەنی دووەم ئاگادار بکاتەوە لە ژانکۆکانی خۆیو بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام لە ئەشکەنجەیەکی بەردەوامدا ژیاوە بەتەنها لەناو بازنەیەکی داخراودا خۆیو هەستو سۆزەکانی ژیاونو دەری نەبڕیون بۆ لایەنی دووەم، لە ڕێی نێوەندگیرییەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوولا توانیومانە چەندین حاڵەت چارەسەر بکەین بەوەی لایەنی دووەم گوێ بۆ ژانکۆکانی لایەنی یەکەم بگرێتو لە زاری لایەنی دووەمەوە لایەنی یەکەم ببیستێت کە بەهەرهۆیەک بێت ناتوانێت بەدەم هەستو سۆزی لایەنی یەکەمەوە بێتو بەڕێزەوە داوای لێبکات کە لایەنی یەکەم ئەو هەستو سۆزانەی بەکەسێک ببەخشێت کە وەڵامدانەوەی بۆی هەبێت، ئەم حاڵەتمان ناوناوە (تەقاندنی باڵۆنەکە)، هەڵبەتە ئەو هەستو سۆزە پەنگخواردووانە هاوشێوەی باڵۆنێکی پڕ، لە سینەو دڵی لایەنی یەکەمدا دەوەستێتو زۆر بەسانایی بە (دەرزی)یەکی لایەنی دووەم دەتەقێندرێتو فشدەکرێتەوە، دیارە بەر لەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لایەنی یەکەم لەڕووی دەروونییەوە دەبێت ئامادەبکرێت بۆ پەسەندکردنی هەر ئەگەرێک لەلایەنی دووەمەوە (کە مەبەست لێی ڕەتکردنەوەی لایەنی دووەمە بۆ یەکەم) .

لەم ڕێگەچارەیەدا ئەگەرچی هەموو خەونەوهەمئامێزەکانی لایەنی یەکەم دەبنە بڵقی سەر ئاوو کەسەکە لەو خەوە درێژخایەنە پڕئەشکەنجەیە بێدار دەبێتەوە بەڵام دواجار ژانکۆکانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کەم دەبنەوەو بە چەند دانیشتنێک ئیدی کەسەکە دەگەڕێتەوە سەر ڕێڕەوی ژیانی ئاسایی خۆی، هەرچەندە هەندێجار سکاڵا لەدەست ئەوە دەکات کە جارجار لایەنی دووەم دەکەوێتەوە یادی، یاخود یادەوەرییەکانی جارانی بۆ دەگەڕێتەوە بەڵام هەموو ئەمانە ڕێگەچارەی مامەڵەکردنی خۆی هەیە.

3. ئەو کەسانەی دوچاری خۆشەویستیی یەکلایەنە دەبن لە چارەسەرکردنیاندا پێویستیان بە گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە دەبێت دەربارەی چەمکەکانی (خۆشەویستی، پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز، بنەماکانی هەڵبژاردنی بەرامبەر، قوربانیدان، ڕێزگرتن لە کات، ڕێزگرتن لە خود، ژیان)، هەروەها پێویستیان بەچارەسەری ڕەفتاری دەبێتو ئەو ڕەفتارانەی لەسەری ڕاهاتوون پێویستیان بە گۆڕین دەبێت هەتا ئەندازەی گۆڕینی ستایلی ژیانی کەسەکە، بەدەر لەمانە کار لەسەر کەمکردنەوەی نیشانەکانی تێکچوونو پەشێویە دەروونییەکانی دەکرێتەوەو لە هەندێ حاڵەتی توندداپێویستیان بەچارەسەری دەرمانییش دەبێت، پاڵپشتیکردنی دەروونی چ لەناو خێزانو چ لەئاستی هاوڕێیانو چ لەسەر ئاستی چارەسازی دەروونی ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لەبەرەوپێشچوونی حاڵەتەکە بەرەو چارەسەر. دەبێت هەموو ئەو کەسانەی لەو بازنە داخراوانەدا دەژینو یەکلایەنە خۆیان کردۆتە قوربانیی کەسانێک کە بێئاگان لێیان یاخود ئامادەنین ئەوانیش قوربانییان بۆ بدەنو ببنە هاوسۆزو شاسواری خەونەکانیان، بزانن کە هیچیان پێنابڕێت جگە لە ئازارو ئەشکەنجەیەکی دەروونیی سەخت، کە دواجار جگە لە دەستهەڵگرتن و پەشیمانبوونەوە هیچ ڕێگەچارەیەکی تریان لەبەردەمدا نیە، بۆیە ئەگەر کەسێک هەستی کرد کە کۆنترۆڵی هەستو سۆزەکانی خۆی پێناکرێت. باشتر وایە داوای هاوکاری لە کەسانی شارەزاو پسپۆڕ بکات، چونکە دواجار هەموو ئەم حاڵەتانە چارەسەریان هەیە.

بۆیە ئەی ئەو کەسەی گیرۆدەی خۆشەویستییەکی یەکلایەنەی لەو خەونە بەدینەهاتووەت بێدار بەرەوەو بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە بەخۆت بڵێ (بەسە دڵم وام لێمەکە ..ئەو تۆی ناوێت خۆت شێت مەکە).

تێبینی :ئەو دێڕە هۆنراوەیەی لە تایتڵو ناوتارەکەدا هاتوە، لە گۆرانییەکی هونەرمەند (کیژان ئیبراهیم خەیات)ەوە وەرگیراوە.



# هۆكارەكانی بەشدارنەبوونی ژنان لە دەسەڵاتی سیاسی‌دا

ن. شەونم هەمزەیی

سەرەڕای ئەو هەموو پێشكەوتن و گۆڕانەی لە بواری زانست و شارستانی‌دا جیهان بە خۆیەوە بینیوە، بی‌مافیی ژنان و ئاستەنگەكانی بەردەمیان هەرماون، بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسیی وڵاتدا ، بە تایبەتی ڕێژەی بەشداربوونیان نەک تەنیا لە وڵاتانی دواكەوتوو بەڵكوو لە وڵاتە پێشكەوتووەكانیشدا بەرەوڕووی ئاستەنگ و لەمپەرە. ئەو لەمپەرانە ڕەنگە لە جیهانی مودێرندا ڕەنگ‌وبۆنی یاسایی‌یان بە خۆوە نەگرتبێ، بەڵام كاتێک بۆ گەیشتن بە پلەیەكی بەرز لە ئاستی سیاسیی وڵاتدا پێویستیی بە دەنگ و متمانەی خەڵک هەبێ ئەوكات كەلتووری دژە ژن لەو وڵاتانەش خۆی دەنوێنێ و ژنان سەرەڕای هەبوونی توانای بەرانبەر لە گەڵ پیاوان بەختێكی كەمتریان بۆ سەركەوتن لە كێبەركێ ئینتیخاباتی‌یەكاندا هەیە.

بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسی‌دا هۆكارێكە بۆ بەهێزكردنی بڕیاروەرگرتن لەسەر پرسەكان و كاریگەری لەسەر كۆمەڵگا، بێگومان ژنانی خوێندەوار و كارناس و شارەزا وەک هەر تاكێک لە كۆمەڵگەدا دەتوانن ڕەنگدانەوەی بەرچاویان هەبێ . بەشداریی ژنان لە پرۆسەی سیاسی‌دا وەک بەشداری لە ئاستی جەماوەری‌دا، بە بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردن و مافی دەنگداندا، كە لە زۆر وڵاتان مافی دەنگدانی وەک یەكیان هەیە، هەروەها بەشداربوون و ئەندام بوونیان لە ڕێكخراوو ئەحزابی سیاسی و پێكهاتەی كۆمەڵایەتی‌دا، بەشداریان لە چالاكی و ڕووداوە سیاسی و كۆمەڵایەتی‌یەكان و شەڕو یارمەتیی بەشەردۆستانەو زۆر چالاكیی دیكەدا دەتوانێ كۆمەڵگایەكی پتەوتر بنیاد بنێ .

لێكدانەوەی باروودۆخی ژنان لە بەشداری‌كردنیان لە كاروباری سیاسی و دەسەڵاتدا هەندێ كات جێگای سەرنجەو لە هەندێ بواریشدا دڵتەزێنە، بە خۆشحاڵی‌یەوە ژنان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە كە تا ڕادەیەک ڕووبەڕوی ئاستەنگەكان ببنەوەو وەک تاكێک بەشداربوونیان لە كاروباری سیاسی‌دا بە مافی ڕەوای خۆیان بزانن.

ئەگەر لە ئاستی جیهانی‌دا باسێک لەم لایەنە بكەین دەبینین كەم نین ئەو ژنانەی توانیویانە ڕۆڵی بەرچاویان لە هەڵسوڕاندن و بەڕێوەبردنی كاروباری وڵاتداو ،لە پۆستی جیاجیا لە دەسەڵاتدا هەبێ بەتایبەتی لە وڵاتانی پێشكەوتووی ڕۆژئاوا دا.

نموونەی بەرچاوی ئەو ژنانە وەک كۆندا لیزا رایس وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریكا، ئەنگێلا مێركل كە ژنێكی سیاسی بەدەسەڵاتە لە ئەڵمان كە بۆ ماوەیەک لە پۆستی وەزارەتدابووەو لە پاشان وەک ڕاوێژكار دانراوەو ئێستا بەرزترین دەسەڵاتی سیاسی لەو وڵاتەدا بەدەستەوەیە،(دیلما روسیف) كە یەكەم سەرۆكی ژنە لە مێژووی بەڕازیلدا،(كرستینا فرناندیز) كە ساڵی (2007) پاش مێردەكەی بە سەرۆكی ئەرژەنتین هەڵبژێردرا،كە ڕۆڵی بەرچاوی لە چارەسەری كێشەی گەندەڵی و چاكسازیی وڵاتدا بووە،(كارجا هالتون) وەک سەرۆكی فنلەندا كە لە بنەماڵەیەكی چینی كرێكار گەورە بووە ،لە زۆر كاروباری سیاسی‌دا بەشدار بووە، ساڵی (2000) گەیشتە پێگەی سەرۆكایەتی و هەڵمەتێكی توندی دژ بە ئەندام بوونی فنلەند لە پەیمانی ئەتلانتیكی باكووری‌دا بەرپا كرد،(لورا چینچیلا) سەرۆكی كۆستاریكاو (جوهانا سیگوردادویتر)سەرۆک وەزیرانی ئیسلەند) هەروەها ژنە كۆچ كردوی مرۆڤ‌دۆست( دانیال میتران ) ، ئەمانەو زۆر ژنی دیكە نموونەی ژنانی سیاسەتمەدارن كە ڕۆڵی بەرچاویان لە بەرەوپێش‌بردنی كاروباری وڵاتاندا هەبووە.

بەڵام بەداخەوە ڕۆڵ و ڕەنگدانەوەی ژنان لە وڵاتانی دواكەوتوو بە تایبەت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی‌دا زۆر كەم دەبینرێ، بێ‌گومان لە كوردستانیشدا وەک وڵاتێكی پارچەكراوو بەشێک لە وڵاتانی دواكەوتوو ڕۆڵ و كاریگەری‌یان زۆر كەمە، هەرچەند لەم نێوەشدا ژنی سیاسەتمەداری وەک گولتان كشناک و لەیلا زانا و هێرۆخان و كۆمەڵێک لە ژنانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی كوردستان هەن و تەنانەت كەسانێک وەكوو لەیلاقاسم بوون بە هێما و سێمبولێک بۆ بەرخودان، بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو كەسانە لە پەنجەكانی دەست تێپەڕ ناكا.

لێرەدا دەتوانین بڵێین بەشێكی زۆری بەشدارنەبوونی ژنان لەو وڵاتانەدا بۆئەوە بگەڕێنینەوە كە تا چ ئاستێک ڕێگەخۆشكەرن و تا چ ئاستێک پێگەی دیاری كراویان لە پۆستە سیاسی‌یەكاندا بۆ ژن دیاری كردوە، یان تا چڕادەیەک باوەڕیان

بە کاریگەری‌یەکانی ژنان لەسەر کاروباری وڵات هەیە، ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو وڵاتاندا تێبینی دەکرێ، بە تایبەت وڵاتانی دواکەوتوو، ئەو وڵاتانەکە بە هەموو شێوەیەک مافەکانی ژنان پشت گوێ خراون، ئەگەر وەک نموونە وڵاتێکی وەک ئێران بێنینە بەرباس دەتوانین بڵێین لە حکوومەتی ئیسلامی‌دا ژن تەنیا ئامرازی بەرهەم هێنانی منداڵە, نەك مرۆڤێك كە دەتوانێ‌و دەبێ شانبە شانی پیاوان لە بەرهەم‌هێنانی کۆمەڵایەتی‌دا بەشدار بێ‌و لە مافو جێگاو شوێنیی کۆمەڵایەتیی یەکسان لە گەڵ ئەوان بەهرەمەند بێ. کە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوە کە ژن بە تەواوەتی لە کاروباری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی وڵات دووربکەوێتەوە، بە جۆرێك کە لە دەستپێ‌کردنی یەکەمین خولی پارلمانی کۆماری ئیسلامی لە سالی "1358"دا لە کۆی 270 نوێنەر تەنیا دوویان ژن بوون کە تا هەنووکەش ئەم بەشداری‌یە لە دەکەس تێ‌نەپەریوە. ئەوە لە حاڵێک‌دایە کە ژنان رۆڵێکی بەرچاویان لە خۆپێشاندانەکانی شۆرشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1357دا هەبوو. لە قانوونی بنەڕەتیی ئێراندا مەرجی ئەوە دانراوە کە سەروک کۆمار دەبێ لە " رجالی سیاسی" واتا پیاو بێ، ئەمە رێک بەومانایەیە کە ژنان لە گەیشتن بە بەرزترین دەسەڵاتی سیاسیی وڵات بە پێی قانوون بێ‌بەشن.

دەتوانین بەشدارنەبوونی ژنان بۆ زۆر هۆکاری دیکە، وەک بەستراوەیی ژیانی ژنان بە پیاوان لە باری ئابووری‌یەوە، دابونەریتی کۆن‌و تەعەسوبی فەرهەنگی عەشیرەتی ، نەخوێندەواری‌و ناشارەزایی زۆربەی ژنان بە مافی خۆیان‌و رێگای گەیشتن بە مافەکانیان، هەستنەکردنی ژنان بە چەوساندنەوەیان لە نێو ماڵ‌و کۆمەڵ‌دا بە رادەی پێویستو ...هتد بگێرینەوە.

کۆمەڵگا بەگشتی کاردابەشکردنێکیان رێک‌خستوە کە پیاوان پێویستە کارە گرینگەکان بگرنە دەست، وەک دەسەڵاتە سیاسی‌یەکان‌و دەسەڵاتە ئابووری‌یەکان‌و کاری نێو ماڵ‌و پەروەردەو تەندروستی‌یان وەک کارێکی ئاسان‌و سادە بۆ ژنان داناوە، هەروەها پەراوێزخستنی ژنان لە کاروبارەکان بۆ نموونە لە کۆبوونەوەیەک‌دا یان لە کارێکی لەم شێوەیەدا هەموو کات بە باشی بواری قسەکردن بە ژنان نادرێ‌و بگرە ئەگەر رایەکی باشی هەبێت ،هەروەها دەم راستی پیاوان لە کێشەکانی ژنان دا کە زۆربەی کات رێگە چۆل دەکەن کە پیاوان نوێنەریان بکەن ،تەنانەت لە مەسەلە تایبەتیەکانیشدا،ئەوەش وا لە پیاوان دەکات کە هەست بکەن کێشەی ژنان کێشەی ئەوانە ،وە شەرم کردنی ژنان لە کۆرو کۆبونەوەکان لە دەربڕینی رای خۆیان کە زۆر کات رای خۆیان دەدەن بە پیاوان تاوەکو بۆیان گەلاڵە بکەن.

بەکەم‌زانینی ژنان‌و گاڵتەپێکردنیان لە لایەن کۆمەڵگاو پیاوانەوە کۆسپێکی دیکەیە لەبەردەم پێشکەوتن‌و بەشداریی ژناندا، هەروەها رەهابوونی دەسەلاتی پیاو بەسەر ناوەندە سیاسی‌یەکاندا بە گشتی‌و بە رەوانەزانینی ئەو رۆڵە بۆ ژنان لە لایەن کۆمەڵگاوە،کە وشەی هێز دەدرێتە پاڵ پیاوو وشەی خۆشەویستی‌و دلۆڤانییش پاڵ ژن، وای کردوە کە لە زۆربەی وڵاتاندا سیاسەت موڵکی پیاوانە لەبەر ئەوەی پیاوان زۆرتر چەکیان لە شان کردوەو لەجەنگ‌دا بەشدار بوون،کە ئەوە سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵاتیان بووە، بەڵام پێویستە ئەو راستی‌یە بزانین کە ئەگەرچی مەیدانی سیاسەتو دەسەڵات لە رابردودا لەسەر بنەمای هێز بووە، بەڵام ئێستا لەسەر کەرەستەو تەکنیکی سیاسەت، لە بەگەرخستنی توانا فکری‌یەکان‌و قسەکردن لەو بوارانەدا بەندە.

بەخۆشی‌یەوە دەبینین ژنان رۆژبەرۆژ لەسەر داواکانیان سوورترو پێ‌داگرترن، چونکە هەستیان بەوە کردوە کە ژن نیوەی کۆمەڵگایەوکاریگەری دیاری لەسەر رووداوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان لە کۆمەڵگادا هەیە، بێ گومان ئەم کارانە هیچیان لە ژیانی سیاسی‌دا لەوی دیکەیان کەمتر نین، هەر بۆیە پێویستە ژنان لەسەرجەم چالاکیەکاندا بەشدار بن، بەڵام وەک خۆیان نەک لە روانگەی لاساییکردنەوەی پیاوانەوە، بەجۆرێک سەلمێنەری ئەوە بن کە کارکردن لە بواری سیاسی‌دا تەنیا کاری پیاوان نیە،خۆ دەزانین ژنان لە هەندێ بواری سیاسیدا بەشدار بوون، بەڵام بۆ هەموومان ئاشکرایە کە تا رادەیەکی زۆر تەنیا بەشداربونێکی رواڵەتی بووە.

لە کۆتایی‌دا دەکرێ بەشداریی ژنان بە شێوەیەکی گشتی‌و بە تایبەت لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا بە چەند قۆناغێک دابەش بکرێ وەک (ویستن، توانین، وێران، هێشتن).

ئایا ژنان چەندە خوازیاری بەشداربوون لەم بوارەدان، چونکە هۆکاری سەرکەوتن لە هەر بوارێک‌دا بونی خواست لەسەر ئەو بوارەیە، ئەگەرگریمان خواست هەبوو داخوا تا چ‌رادەیەک توانایان هەیەو تا چ‌رادەیەک هەوڵی سەرکەوتن لە بوارەکەدا دەدەن، ئەی ئەگەر خواست هەبوو، تواناش هەبوو ئایا ژن چەندە بوێریی هەیەو متمانەی بە خۆی هەیە، ئەگەریش لە هەموو ئەو لایەنانە توانی خۆی ببینێتەوە، داخوا تا چ‌رادەیەک دابو نەریتو کۆمەڵگاو دەسەڵات رێگەی چوونەنێو ئەم کارانەیان پێ‌دەدەن؟

# "گەڵاڵەی هاتووچۆ یان یەخسیر کردنی ژنان"؟



ئا. مینا سوڵتانی

دەڵێن هێندێک لە حکوومەتەکان تەنیا لە قەیراندا دەتوانن درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەنو، وا دیارە نوێنەرەکانی تاران لە مەجلیس، بۆ قەیرانخوڵقێنیی زیاتر لە کۆمەڵگادا دیواری نەویتر لە دیواری ژنانیان نەدۆزیوەتەوە تا پێیدا وەسەر کەون. هەر بۆیەشە هەر رۆژەی کۆمەڵێک قانوونی دژ بە ژن کۆ دەکەنەوەو دەیکەنە بەربەست لەبەر دەم پرسی ژنانو بارودۆخی ژنان لە کۆمەڵگەی قەیرانلێدراوی ئێراندا لەوە کە هەیە خەراپتریش دەکەن.

رۆژێک بیر لە بەقانوونی کردنی‌سیغەو چەند هاوسەریو بارودۆخی ئابووریو مارەیی دەکەنەوە، رۆژێکی دیکە بۆ چارەسەری کێشەی بێکاری لە کۆمەڵگەدا هەوڵ دەدەن تا قانوونی کارکردنی نیوەوەختی ژنانو جیرەبەندیی رەگەزی بچەسپێننو دەیان قانوونو بەخشنامەو خاڵو ماددەی دیکە دێننە گۆڕێ کە هەموویان پیشاندەری پەیامێکن، ئەویش ئەوەیە کە ژن رەگەزی دووهەمەو دەبێ سەرپەرستی هەبێو خۆی بە تەنیا مافی ئەوەی نیە بڕیار بۆ ژیانی خۆی بدا.

لە لایەکی دیکەوە لەو رۆژانەدا نوێنەرە دڵسۆزەکان! لە مەجلیس بێکار دانەنیشتوونو دوای کۆمەڵێک قسەوباسو هێنانوبردنی گەڵاڵەی هاتوچو سەفەری ژنان بۆ دەرەوەی وڵاتو بە فیرۆدانی کاتی خۆیانو خەڵکی دیکە، بۆ ئەوەی شتێکی لە بیرنەکراو لە دوای خۆیان بۆ مێژوو بەجێ بهێڵنو بۆ ئەوەی ناویان لە مێژوو نەسڕێتەوە بڕیان دا کە کچانی تەمەن ژێر 18 ساڵ حەقی چوونەدەرەوە لە وڵاتیان نیە، مەگەر ئەوەی لەلایەن سەرپەرستی بنەماڵەوە ئیزنی ئەو کارەیان پێدرابێ.

بە پێی پەسندکراوی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی مەجلیس ئەو ژنانەی مێردیان هەیە لە هەر تەمەنێکدا بن تەنیا بە ئیزنی مێردەکانیان دەتوانن پاسپۆرتیان هەبێو ژنانی سەڵتو بێمێردی سەرووی 18 ساڵیش دەبێ بۆ چوونەدەرەوەی وڵات ئیزنی سەرپەرستی بنەماڵەیان وەرگرتبێ.

جێی خۆیەتی لێرەدا ئیشارەیەک بە لایەنەکانو هۆکارەکانی پەسەند کردنی یەخسیرکردنو سووکایەتیپێکردنی ژنان بکەم کە لە گەڵاڵەی تازەی پێدانی پاسپۆرت لەلایەن دارێژەرانو بڕیاردەرانیەوە هاتوە تا باشتر قووڵایی شێوەی تێفکرینی خاوەنانی جەستەو ماڵو "نامووس"ی خەڵک روون بێتەوە.

محەممەد عەلی ئێسفەنانی، وتەبێژی کۆمیسیۆنی قەزاییو مافی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە وەڵامی پرسیارەکانی رادیۆ زەمانەدا لەمەڕ بەربەستدروستکردن بۆ ژنان لەو گەڵاڵەیەدا، هۆی سەرەکیی" پێویستیی ئیزنی سەرپەرستی بنەماڵە بۆ وەرگرتنی پاسپۆرتی ژنانی بێهاوسەر، دەگەڕێنیتەوە بۆ شەرعو دەڵێ: هەروەک ژنان بۆ شووکردن پێویستیان بە گەورەیەک بە ناوی "ولی" هەیە، بۆ دەرچوون لە وڵاتیش ئیزنی "ولی" پێویستە.

لە وتەی حوسێن نەقەوی، وتەبێژی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتو سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس " هۆی دیاریکردنی تەمەنی 40 ساڵ بۆ پێدانی پاسپۆرت بە ژنانی مجردی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە ئێستادا ژنانی سەڵت زۆرتر روو دەکەنە وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت بۆ زیارەتکردن. بۆیە بۆ پاراستنی سلامەتیی ژنان ئەو گەڵاڵەیەیان پەسند کردووەو ئەو تەمەنەیان بۆ وەرگرتنی پاسپۆرت بە باش زانیوە.

ئەو لە وتووێژێکدا لەگەڵ " عیبرەت نیوز" دەڵێ: غیرەتو پیاوەتیی پیاوانی ئێرانی ئیزن نادا کەڵکی خراپ لە سەفەری ژنانی ئێرانی وەرگیرێو ئەو کچە گەنجانە بەبێ ئیزنی باوکیان لە

وڵات بچەنە دەرێ.

حوسێن نەقوی هەروەها ئەوەشی لێزیاد کردوە کە غیرەت ئەو ئیزنەمان پێ نادا کە ژنەکانمان بکەونە نێو پرسی گەندەڵییەوە. تاقیکردنەوەیەکی دژوارە بچییە نێو یەکێک لە هۆتێلەکانی ئێستانبووڵو کچو ژنی ئێرانی ببینی کە خەریکی چکارێکن.

هەموو خوێنەرێک ئەوەی بۆ دەبێتە پرسیار کە بۆچی بە هەڵکەوتیش بێ ئەو پیاوە بە غیرەتانە رێیان ناکەوێتە شوێنە زانستیو زانکۆکان تا لە نزیکەوە ئەو کچە ئێرانییانە ببینن چ شانازییەکیان بۆ وڵاتەکەیان دەستەبەر کردوە؟ بۆ نموونە دوکتور مریەم میرزایی، ماتماتیکزانی 33 ساڵە، ئەو مامۆستا کەمتەمەنەی "پرینستون" کە بە یەکێک لەو 10 مێشکە تایبەتەی ئەمریکای باکوور ناسێندراو هاوشێوەی ئەوانە لە نێو ژنانی ئێرانیدا لە پیشە جۆراوجۆرەکاندا کەم نین، بەڵام نابینرێن.

دیسانەکەش قسەی هێندێک لە نوێنەرانی مەجلیس، هەر خوێنەرێکی بە ویژدان دەهەژێنێو ئەوەی بۆ دەبێتە پرسیار کە ئایا تۆسقاڵێک مەنتیق لەو هەڵسوکەوتو قسانەیاندا دەبینرێ؟ ئەوە چۆنە کە غیرەتو شەهامەتی پیاوانی ئێرانی تەنیا بەستراوەتەوە بەوە کە ژنان چلیباسێک دەبەر بکەن؟ بۆ کوێ بچنو لەگەڵ کێ هەڵسوکەوتو هاموشۆ بکەن، کار بکەن، بخوێنن؟ ئەدی بۆچی ئەو هەموو غیرەتە لەو شوێنانە کە هەژاری، گرانی، بەرتیل، دزیو لە نێوچوونی مرۆڤەکان هاوار دەکا وەژان نایەنو ناجووڵێن؟ ئایا ئەو هەموو ئیهانەتو تۆمەتانە کە دەخرێنە پاڵ ئەو ژنو پیاوە یەکسانیخوازانە هیچ وەڵامێکی نیە؟

ئەوە چۆنە بەپێی یاسای مەدەنی کچی تەمەن 9 ساڵی قەمەری بەپێی شەرع باڵغ دەبنو یاسای سزادان دەیانگرێتەوە، لە تەمەنی 16 ساڵیدا بۆ وەدەستهێنانی دەسەڵات کەڵک لە دەنگەکانیان وەردەگیرێ، بەڵام هەر ئەو ژنە عەقڵی لێکجیاکردنەوەی چاکە لە خراپەی نیە؟

کاتێک دەگوترێ ژنی بێمێردی سەرووی 18 ساڵ بۆ دەرچوون لە وڵات پێویستیی بە ئیزنی باوکی هەیە، کەواتە ئەوە شموولی ژنان لە هەر تەمەنێکدا دەکا تەنانەت ئەگەر ژنێکی 80 ساڵەش مێردی نەبێ، دەبێ ئیزن لە "ولی قهر" وەرگرێ.

ئەوە یانی ژن هەتا لە ژیاندابێ دەبێ سێبەری پیاوێکی بە سەرەوە بێ. بەڕاستی دەبێ ئەو جۆرە قانوونو گەلاڵەیە لەسەر بەرد بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بزانن چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنی ئێرانی کراوەو ئەگەر ئاوا بچێتە پێشێ لەوانەیە شۆفێریکردنی شەوانەشیان لێقەدەغە بکرێو دواتر مۆڵەتی شۆفێرییشیان بۆ دەرنەچێ، چونکە لەوانەیە بۆ ئەویش هۆیەکی دیکەی وەک "غیرەت" لە مێشکی ئەو مرۆڤە بیرمەندانە دا هەبێ!

ئەگەرچی پیاوانی پێشکەوتوو و یەکسانیخوازی ئێرانی دژی ئەو جۆرە قانوونانەنو لەوانەیە بە خۆپێشاندانێک ئیزنی دایمیی ناردنی کچەکانیان بۆ دەرەوەی وڵات وەرگرن، چونکە ئێستاش کلتووری خەڵکی ئێران لەوە پێشکەوتووترە بەتایبەت لە بارەی پرسی ژنانەوە، بەڵام ئەوە لە تۆمەتلێدانو بەکەمگرتنی ژنان لەو گەلاڵەیەدا کەم ناکاتەوەو تەنیا دەتوانێ نیشاندەری نارەزایەتیی پیاوان بەو قانوونە بێ. لە لایەکی دیکەوە دەبێتە جێی نیگەرانیی ئەو کچانەی تینووی فێربوونی زانستنو بنەماڵەکانیان ئەوەندەیان وشیاری نیە کە ئیزنیان بدەن بۆ خوێندن بچنە دەرەوەی وڵاتو ئەوە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی توانای زانستیی ئەوانو لە کەلێنوقوژبنی ماڵێیان دەپەستێون.

بە راشکاوی دەبێ ئەوە بڵێین بە مەرجدارکردنی چوونەدەرەوەی کچانی سەرووی 18 ساڵ بە ئیزنی "ولی قهری" دژایەتیی لەگەڵ ماددەکانی 13، 6، 7 کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی مرۆڤ هەیە.

قسەی کۆتایی ئەوەیە بە جێی چڕکردنەوەی یاسای هەڵاواردن دژی ژنان بیر لە نەهێشتنی ئاوسانی دراویو قەیرانی ئابووریو کەمکردنەوەی فشار لەسەر بنەماڵەکان بکەنەوە.

# مەهناز تراژدیای ژیانی خۆی ئاوا باس دەکا

ئامادە کردنی : ڕۆژە عەزیزی

باسکردن لە ژیانی ڕاستەقینەی کەسێک کە سەختیو ناخۆشی‌یەکی زۆری لە ژیان بینیبێ ، بۆ کەسێک کە لە زمانی خۆیەوە بیرەوەریی قۆناغە دژوارەکانی ژیانی ئەو کەسە بێنێتە سەر کاغەزو بڵاوی بکاتەوە کارێکی زۆر سەختو دژوارە. مەبەست هەروەک ئەو خاتوونە خۆی دەڵێ ئەوەیەکە کەمێک لە ئازارەکانی کەم بێتەوە.

مەهناز ناوی ئەو ژنەیە کە لە نزیکەوە باسی ژیانی خۆی بۆ کردمو ئەمنیش کە زۆر بە بیستنی چیرۆکی ژیانی ئەو خاتوونە زوڵملێکراوە نارەحەت بووم، پێشنیارم پێدا کە ئەگەر ڕەزامەندیی لە سەر بێ، کورتەیەک لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەریی ناوبراو بۆ گۆڤاری ژنان بنووسم. بۆم باس کرد کە گۆڤاری ژنان یەکێک لەو گۆڤارێکە کە ساڵانێکە لە ڕێکخراوێک بە ناوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەردەچێو گۆڤارێکی سیاسی،فەرهەنگی،ئەدەبییە. لە ئەنجامدا زۆر بە گەرمی وەڵامی داواکەی منی دایەوە. بەو هۆیە کە خۆشی بە نیازە ئەگەر مەرگ مەجالی بدا ژیانی خۆی بنووسێتەوەو لە چوارچێوەی کتێبدا چاپی بکا. بۆیە گوتم "دەڵێ" ئەگەر مەرگ مەجالی بدا چونکە مەهناز تووشی نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمک بووە، تا ئێستا چەند قۆناغ شیمی دەرمانی کراوەو ڕەنگە وەک پزیشکەکانی پێیان ڕاگەیاندوە ماوەی زۆری بۆ ژیان نەمابێ.

مەهناز خاتوون بەم شێوەیە بۆ من دوا:

ئەوەندەی لە یادم بێ نایەتەوە خەیاڵم کە وەک منداڵێک چێژم لە سەردەمی منداڵیم وەرگرتبێ. تەمەنم حەوت ساڵان بوو کە دایکم لە کاتی لە دایکبوونی خوشکێکمدا گیانی لە دەست داو بۆ هەمیشە منو دوو براکەمی جێهێشتو لە سۆزی دایکایەتی بێبەش بووین. دوای ماوەیەکی کەم باوکم ژنی هێنایەوە.



لەو کاتەوە بوو کە ژیانی دۆزەخیی من دروست بوو، چونکە ئەو ژنەی باوکم هێنابووی دوور لە هیچ هەستێکی دایکایەتی مامەڵەی لە گەڵ منو براکانم دەکردو بە تایبەت بۆ من کە لە یەکەم ڕۆژەوە لە تەمەنێکی منداڵی‌دا کە هەشت ساڵانە بووم وەک کارەکەر کاری لێ‌دەکێشامو ئەگەر ماندووش ببوومایە جاری وابوو لە ماندوویان خەوم لێ‌دەکەوت ئاوی پێدا دەکردم تاوەکوو لە خەو خەبەرم بکاتەوە. تا وای لێ هات چووە بن گوێی باوکم کە دەبێ بە شووی بدەینو بەهۆی شیربایی‌وەرگرتن پارەیەکمان دەست بکەوێ، باوکم کەلە هیچ قسەیەکی دەرنەدەچوو ئەم بڕیارەشی جێبەجێ کرد. ئەمن تەمەنم دوازدە ساڵان بوو کە دایانم بە پیاوێک پازدە ساڵ لە خۆم گەورەوتر بوو پارەیەکی زۆریان لە ماڵی کابرا وەرگرتو منیان لە تەمەنی دوازدە ساڵاندا فرۆشت.

وابوو لە ماڵی باوکەوە ئاوارەی ماڵی مێرد بووم، مێردیش چی، کەسێکی ڕەوانیو ناتەواو. خۆشترین کاتەکانم ئەو کاتە بوو کە لە ماڵ نەبوو دەچوو بۆ کشتوکاڵ. حەزم دەکرد ئەو کاتانە بچمە کۆڵان لە گەڵ منداڵەکانی هاوتەمەنم یاری بکەم چونکە هەستی منداڵی لە ناخمدا تازە گوڵی کردبوو. چەندین جار بە شێوەیەکی ناشرین و لێدان لە کۆڵانەوە دەی‌هێنامەوە ماڵەوە. کاتێک بە خۆمدا هاتمەوە دیتم ئەمن خاوەنی منداڵمو بوومە دایک، ئەویش دایکێکی تەمەن سێزدە ساڵان.

تەمەنی منداڵیی من ئاوا تێپەڕ بوو، ئیدی بوومە دایکو ئەمجار هەستم بەوە کرد مەسئوولیەتی خێزانو منداڵ چیەو دەبێ خۆم بۆ ژیانێکی چاوەڕواننەکراو ئامادە بکەم. منداڵی یەکەمم کچێک بوو، زۆرم خۆش‌دەویست پێم‌خۆش بوو زوو گەورەی بکەمو ببێتە هاورێیەکی نزیکمو دەردی دڵی خۆمی لە لا بکەم. هێشتا کچەکەم نەببووە ساڵێک کە مێردەکەم دەیگوت دەبێ منداڵی دیکەت ببێ. ئەمن کورم دەوێ، کچ بە

مرۆڤ حیساب ناکەم. شەووڕۆژ ئەو قسانەی دەکرد وەک تیرێک لە دڵم دەدران چونکە خۆم کچەکەمم زۆر خۆشدەویست. ڕۆژی چەند جار لێم دەدراو سووکایەتیم پێ دەکر، لە بەر چاوی هەموو دۆستو دوژمنێک منی دەشکاند. خوای منوتۆ کردی ئەوەندەی پێنەچوو خوا کوڕێکی دامێ. کە زانیم کورم بووە زۆر دڵخۆش بووم، چونکە هەستم دەکرد کە کوڕم بۆ بە دنیا هێناوە ئیتر ڕەفتاری لە گەڵم چاک دەبێو کەمێک خۆشەویستیو سۆزی بۆم دەبێ. بەڵام بەم قسانە تەنیا دڵی خۆمم خۆش دەکرد، چونکە هێشتا زەیستان بووم کە بە زۆر دەیناردمە بەر سەرماو بەفرو کاری پێدەکردمو داری بۆکووره پێدەهێنام و خۆی لە بەر گەرم دەکردەوە. جارێکیان لە سەر بەفر بوورامەوە کە هۆشم هاتەوە لە نەخۆشخانە کەوتبووم. گوێم لێبوو دراوسێکان قسەیان بە مێردەکەم دەگوت. هەر بۆیە لای پزیشکەکان شکایەتیان لێکرد کە زۆری بۆ خراپە. بۆیە ئەوانیش هەڕەشەیان لێکرد، ئەگەر بەردەوام بێ تەحویلی پۆلیسی دەدەن. باش بوو بەم هۆیەوە ماوەیەک لە لێدانەکانی نەجاتم بوو، بەڵام جنێوو سووکایەتییەکانی زیاتر ببوون، ئەمنیش لە ناچاریان بۆئەوەی لێم نەدا بەردەوام سەرم دادەخست.

• کورەکەمان تەمەنی بوو بە پێنج ساڵان و مێردەکەم ڕۆژبە ڕۆژخراپتر دەبوو،هەر ڕۆژەو کەسێک یان چەند کەسێک بەری دەرکەیان پێدەگرتین دەهاتن بۆ شکایەت. کە شەڕی لە گەڵ فلان ماڵ کردوە، چەقۆی لە فلان پیاو کێشاوە، تانەو قسەی ناشرینی بە فلان ژن گوتوە. وام لێهات نەمدەزانی چۆن وەڵامی ئەو هەموو خەڵکە بدەمەوە. کاتی وابوو بە حەوتووش



نەدەهاتەوە ماڵەوە کە دەشهاتەوە بە شەڕو کێشەو ناخۆشی. زۆری بۆ کورەکەمان دەهێنا کە دەبێ فێری شەڕو قسەی ناشرین بێ، وای لێهاتبوو دەیگوت دەبێ فێر ببی لە خەڵک بدەی، پەنجەرەی خەڵک بشکێنی. بەردەوام دەمگوت کابرا ئە تۆ لە جیاتی ئەو قسە توندوتیژانە بۆ کەمێک سۆزی باوکانەی پێ نابەخشی، دەیگوت بێدەنگ بە ئەمن هەر ئەو کوڕەم هەیە، دەبێ وەک باوکی بێ،کە ناوی هات خەڵک لێی بترسن بڵێن ئەوە کورەکەی فلان کەسە.

• ساڵ هاتو ساڵ ڕۆیی خوا کچێکی دیکەی داینێ. هەر لە یەکەم ڕۆژی لە دایک بوونی ئەو کچەوە ئەمن زەجرو ناخۆشی یەکانم زیاتر بوو، چونکە دەیویست کوڕی ببێو وەک خۆی باریان بێنێ.

• بەڵام ئەمن منداڵەکانم بە بێ جیاوازی خۆشدەویستن، هەوڵم دەدا ئەو سۆزو خۆشەویستی‌یەی خۆم لێی بێبەش بووم بۆ ئەوان جوبرانی بکەمەوە. بەڵام ئەوەی سۆزو خۆشەویستیی باوکانە بوو منداڵەکانم لێی بێبەش بوون، لە جیاتی ئەوە تەنیا لێدانو جنێوو قسەی ناشرینیان لە باوکیان بینیبوو.

• سەرەڕای ئەو هەموو خراپی‌یانەی کە ئەو پیاوە بەرانبەر من ئەنجامی دابوو، بەڵام براکەیو جووتە خوشکەکەی زۆر جار هاودەردی‌یان دە گەڵ دەکردمو دڵخۆشی‌یان دەدامەوە. چونکە خۆیان باشتر لە من براکەی خۆیان دەناسیو بەردەوام سووکایەتیو کێشەی لە گەڵ ئەوانیش هەبوو.

• ڕۆژێکیان دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بێسەروشوێن ببوو، بە پەلە خۆی کردەوە بە ماڵەوەداو زۆر پەشۆکاو بوو تەواو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو زۆر دەترسا. ئەمنیش زۆر بە دڵێکی ئاواڵەوە باوەشم بۆکردەوەو دڵم بۆی سووتا، وەک ئەوەی کارێکی زۆر خراپی کردبێ. چەند ساتێک وەک منداڵ لە باوەشم ئارام ببوو، دوای ماوەیەک هەستا بووەوە بەو پیاوە ڕەوانی‌یەی جارانو بە پەلە لە ماڵ چووە دەرێ. ئەوەندەی نەبرد براکەی بە توڕەیی‌یەوە خۆی بە ژووریدا کرد ،زۆر قسەی ناشرینو جنێوی بە براکەی دا، زانیم کە هەرچییەک بێ کارێکی خراپی بەرانبەر براکەی کردوە، بەڵام کارێک کە قەت بە خەیاڵمدا نەدەهات. بەڵێ چووبووە ماڵی براکەی لەو کاتەدا براژنەکەی بە تەنیا لە ماڵ دەبێ، هێرش دەکاتە سەرەو

دەیەوێ تەجاوزی پێبکا،کە لەناکاو براکەی بەسەردا دەچێتەوە لە پەنجەرەوە ڕادەکا. بەڵام لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو کە بە برازنەکەی گوتبوو بۆیە وات لێدەکەم مەهناز منی ناردوە گوتویەتی ئەو کارە بکە. بە خۆشییەوە پێش ئەوەی مەرامە چەپەڵەکەی ئەنجام بداو ژیانی براو برازنەکەی بشێوێنێ، براکەی دەگاتە سەری. بەڵام لەوە نیگەران بووم کە باوەڕیان بە قسەکەی کردبێ، ئەمن ناردبێتم بۆ ئەم کارە قێزەونە، بەڵام براکەی لە وەڵامدا گوتی ئێمە باش تۆ دەناسینو باش براکەشمان دەناسین، بەو قسانە دڵنیا بووم کە بڕوایان نەکردوە.

• دوای ماوەیەک هەواڵم بیست کە کابرا ژنێکی دیکەی هێناوە، بۆیە ئاوا درەنگ درەنگ دێتەوەو هەواڵی بنەماڵەکەی ناپرسێ. ماوەیەکی زۆر دوای ئەو ڕووداوە نەهاتوە چونکە براکەی هەڕەشەی کوشتنی لێکردبوو. ئەو ماوەیە لە گەڵ منداڵەکان ژیانێکی ئاسوودەو ئارامان هەبوو، منداڵەکانم بە باشی سەرقاڵی خوێندن بوون.

• دوای ماوەیەک ڕۆژێکیان لە دەرەوە بووم کە هاتمەوە لای سەرەوەی ماڵەکەی گرتبوو دانیشتبوو، ئەمنیش هیچ قسەیەکم لە گەڵ نەکرد. زۆری پێناخۆش بوو دەستی کردەوە بە جنێوو سووکایەتیکردن. گوتم ئێستا تەلەفون بۆ براکەت دەکەم، قسەکەم تەواو نەکرد کەوتە گیانم ئەوەندەی لێدام لە هۆش خۆم چووم،کە هۆشم هاتەوە منداڵەکان لە مەدرەسە هاتبوونەوە بە سەرمەوە دەگریان کە بۆ ئاوام لێهاتوە. دڵم نەهات زۆر بۆیان باس بکەم. هەر کە گوتم باوکتان لێرە بووە خۆیان تێگەیشتن.

• چەند جاری دی ئاوا دەهاتەوە ماڵو هەرچی پووڵو ئاڵتوونەکانم بوو دەیدزیو دەڕۆیشت.



تا وای لێهات قفڵی درگاکانم گۆڕی، ئیدی نەیدەتوانی لە درگاوە بێ. ڕۆژێکیان کە کچەکان لە ماڵ نەبوون هەر خۆمو کوڕەکەم بووین، لە درگای داو کە کردمانەوە ئەو بوو. نەماندەتوانی بڵێین نابێ بێیتە ژوور. دوای هاتنەژوور داوای پووڵی کرد. گوتم نیمە، لە سایە سەری سەرۆکبنەماڵەیەکی وەک تۆ ئێمە خاوەنی هیچ پووڵێک نین. لە داخا چەقۆی دەرهێنا شێت بوو، گوتی کوڕەکەت دەکوژم، ئەمنیش لە تاو کوڕەکەم،کەوتمە هاوار هاوار، ئەوەندەم زانی بە چەقۆ لە ناوچاوانی کوڕەی داو گوتی با کوڕەکەت ببێتە پیاوو بچێ کارتان بۆ بکا. کوڕەی بە خوێنەوە بۆ من جێهێشت و ڕایکرد.

• چەند جار سەردانی دادگام کردو داوام لە سەر تۆمار کرد، بەڵام خۆ خۆتان باش دەزانن کە دادگاکانی ئێران هیچ کات دان بە مافەکانی ژناندا نانێنو بەردەوام لە دوای توندوتیژی بەرانبەر ژنان، لە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامییشدا زیاتر توندوتیژیيان بەرانبەر دەکرێ. ماوەیەک دوای ئەو ڕووداوە کچە گەورەکەم خوازبێنیکەری هات، بە زمانی خۆم نەڵێم کچەکەم لە نێو کۆمەڵگەدا تا بڵێی کچێکی بە شەخسیەتو بەرەوشت بوو. کاتێک ئەو بنەماڵە بەڕێزە هاتنەداوای کچەکەم زۆر خۆشحاڵ بووم، چونکە دەمزانی بۆ داهاتووی کچەکەم زۆر باشنو کوڕەکە زۆری کچەکەم خۆش دەوێ. هەر بۆیە وەڵامی موسبەتمان پێ دانەوەو زۆر بەڕێزەوە هاتنەپێش بۆ کارو باری داخوازیو مارەبڕین. تەنیا کەسێک کە کەسمان خەبەرمان لێی نەبوو ئاگاداری بکەن باوکی بوو. بەڵام مامو پوورەکانی ئاگاداری مەسەلەکە بوونو زۆر خۆشحاڵ بوون. مارەبڕین ئەنجام دراو دوای ماوەیەک ڕۆژێک لە دەوروبەری ماڵ پەیدا بووە، هاتە ژورو ئەوەی قسەی ناخۆشو نابەجێ بوو لە دەمی هاتە دەرو بە منو کچەکەمی گوت. ئەمن عادەتم بەو بێڕێزیيانەی گرتبوو، بەڵام بۆ کچەکەم زۆر ناخۆش بوو کە باوکێ ئەو قسانەی پێبڵێ. بە هەر حاڵ دوای بێ ڕێزیيەکی زۆر لە ماڵ ڕۆیشتە دەرێ.



بەڵام شتێکی زۆر مەترسیدارتر ڕووی دا، ژمارەی تەلەفونی زاواکەمانی وەرگرتبوو، دەزانی چی گوتبوو؟ پێی گوتبوو کە ئەوان فێڵیان لە تۆ کردوە ئەو کچەیان بە سەردا ساغ کردویەوە، چونکە ئەو کچەی من لە لایەن پیاوێکە دەستدرێژیی جینسیی کراوەتە سەرو ئێستا کچ نیە.

• ناخۆشترین هەواڵ کە لە ژیانمدا بیستبێتم جگە لە هەواڵی نەخۆشیيەکەم، ئەو تۆمەتە بووە کە باوکێک لە کچەکەی

بدا. هەر ئێوە قەزاوەت بکەن بە مرۆڤی ئاوا دەڵێن باوک؟گوناح نیە ناوی باوکیش بە مرۆڤی ئاواوە خراپ بکرێ؟ وابوو، زاوەکەم کە زۆر کوڕێکی تێگەیشتوو بوو بە هیچ شێوەیەک گرنگیی بەو مەسەلەیە نەداو کە بە منی گوت، گوتی لای کچەکەت هەر باسی مەکە چونکە دەزانم شتێکی بێ بنەمایە با دڵنیگەران نەبێ. کچەکەم دوای ماوەیەک چووە سەر ماڵو ژیانی هاوبەشی خۆیو زۆر لە ژیانی هاوبەشی ڕازی بوو، ئە منیش تاڕادەیەک نیگەرانیم بۆ یەکێک لە منداڵەکان کەمتر بوو.

• لە سەر ئەو قسەیە دووبارە لە دادگا داوام لە سەر تۆمارکردەوە ،ئەمجارەیان باش بوو کاتی دادگایان بۆ دیاری کردین. جاری یەکەم نەهاتە دانیشتنی دادگا، دواتر کە دادوەر ئاگاداری کردبوو ئەگەر دانیشتنی دووەم نەیەی لە داواکەدا بە دۆڕاو دادەنرێی، وابوو دووەم دانیشتن هات. کاتێک باسی ژیانی خۆمم کردو ئەو هەموو لێدانو بێڕێزیانەم گێڕایەوە، تک تک عارەقەی دەردەدا. کاتێک باسی ئەو تۆمەتەم کرد کە لەکچەکەمانی داوە، یەکسەر دەستی کرد بە هاوار هاوارو هەستایە سەرپێو گوتی دەیەوێ تاوانەکەی خۆی داپۆشێ. دادوەر گوتی چتاوانێکگوتی خۆی دڵداری دەکاو خیانەتی لە ژیانی هاوسەریمان کردووەو ئەمن خۆم لە کاتێکدا بە شێوەیەکی زۆر نەشیاو لە گەڵ پیاوێکی نامەحرەم بوووەدیومە. بە بیستنی ئەو قسەیە هەموو گیانم کەوتە لەرزین، چونکە قەت ئینتزارم نەبوو پیاوێک کە لە تەمەنی منداڵیمەوە بە لێدانو سووکایەتییەکانیەوە ژیاوم، ئاوا تۆمەتم لێبدا. دادوەر داوای بەڵگەی لێکرد بەڵام هیچ بەڵگەیەکی نەبوو، هەر بۆیە ئەو قسەیەی بە بێمانا دانا.

• لە دانیشتنی سێهەمدا حوکمی تەڵاقەکەمان دراو بۆ هەمیشە کۆتایی بەو ژیانە دۆزەخیو پڕ لە چەرمەسەرییەم لە گەڵ ئەو پیاوە هات. بۆ ئاخرین جار کە چاوم پێیکەوت گوتم چۆن توانیت ئەو تۆمەتەم لێبدەی؟ لە وەڵامدا گوتی ئەتۆ ئەوەی کچەکەمت باس کرد، ئەمنیش لەداخان ئەوەم گوت. گوتم بیکە بەخاتری خوا ئیتر وازمان لێبێنە.



• ماوەیەکی زۆر دوور لە خەفەتو ناخۆشی دەژیاین، سەرەتاکانی باوەڕمان نەدەکرد کە ئەوە ئێمەین ماوەیەکە بێڕێزیو سووکایەتیمان پێنەکراوە. ڕۆژێک چوومە لای دکتۆر بۆ کۆنترۆڵ، دکتۆرەکە کاتێک سنگمی پشکنی گوتی لە کەیەوە ئەو نەخۆشییەت هەیە؟ بە سەرسوڕمانەوە گوتم نەخۆشیی چی؟ گوتی مەگەر نازانی کە تووشی شێرپەنجەی مەمک بووی؟ لە هەموو ژیانمدا یەکەمجار بوو هەواڵێکی ئەوەندە ناخۆش ببیستم. گوتم ئەمن نەخۆشی وام نیە قەت نەمبووە. دکتۆرەکە لە وەڵامدا گوتی نەخۆشییەکەت زۆر چۆتە پێشو دەبێ بە زووترین کات بکەویتە ژێر چاودێری.

• کورەکەم لە دەرەوە چاوەڕوانی دەکردم کە منی بەو شێوەیە بینی زۆر ترسا، پرسیاری کرد چی ڕوویداوە؟ بۆ ئاوا پەشۆکاوی؟ دکتۆرەکە بانگی کردە ژورەوە مەسەلەکەی لە گەڵ باس کرد. لە دڵی خۆمدا گوتم باشە بۆ من کە ئێستا وردەوردە دەکەوتمە سەر ژیانێکی ئارام دەبێ تووشی نەخۆشییەکی ئاوا مەترسیدار بم، بۆ دەبێ ژیانی من هەر لە سەختیو نائارمیدا بڕوا؟

• هەموو ڕۆژێک دەبوایە سەردانی پزیشکم بکردایەو کۆنترۆڵ بکرامایە. بڕیار درا کە شیمیدەرمانیم بۆ ئەنجام بدەن،کە بڕێکی زۆری پارە دەویست. ئێمەش هیچ دەرامەتێکمان نەبوو،کورەکەم لە سەرەتای تەمەنی لاوەتیدا دەچوو بۆ کرێکاری تا خەرجی شیمیدەرمانیی من دەربێنێ.

• لە دۆزەخێک ڕزگارم بوو نەمدەزانی تووشی دۆزەخێکی خراپتر دەبم، تائێستا چەند جار شیمیدەرمانیم بۆ ئەنجام دراوە، بەڵام ئومێدێک بۆ باش بوونم نیە، چونکە نەخۆشییەکە بەتەواوی لەشمدا بڵاو بۆتەوەو پێشگیری ناکرێ، تەنیا ئەوەندەیە کە بەو شیمیدەرمانیە ڕەنگە بتوانم ماوەیەک زیاتر بژیم. هەرجارێک شیمی دەرمانی دەکرێم مردنێکە بۆخۆی. خەفەتی منداڵە بێنازەکانم دەخۆم کە تائێستا ژیانێکی خۆشیان نەبووە، تائێستا هەستیان بە سۆزو خۆشەویستی باوکیان نەکردووەو ئێستاش گرفتاری نەخۆشیی دایکیانو چاوەڕوانن کە دایکیان کەی هەناسەکانی کۆتایی تەمەنی هەڵدەمژێ. تەنیا یەک ئاواتم هەیە ئەویش ئەوە کە مەرگ ڕێگەم بدا بتوانم چیرۆکی ژیانی پڕلەچەرمەسەریی خۆم بنووسمو بتوانم لە تویی کتێبێکدا بڵاوی بکەمەوە.......

**تێبینی:**

ئەم چیرۆکە ڕاستەقینەیەو کورتەیێک لە بەسەرهاتی ژنێکی غەدرلێکراوە کە بۆخۆی بۆی باس کردم.

# بەسری ماڵی تەنیاییەکان



ن. بیگەرد میرسەیدی

ئەو بەشە لە هاونیشتمانانی ئێمە کە بە هۆی نەخۆشی گولیەوە کۆمەڵگا تەریکی کردوون بەسری لە باوەشی گرتوون تا منو تۆ لە دیتنی نارێکییەکانی رواڵەتو روخساریان بەدوور بینو بێ خەیاڵ جێژ لە ژیانو دەسکەوتەکانی وەربگرین.
ئەو نەخۆشانە لە نێوان کێوە سەرکەشەکاندا قەرەنتینە کراونو قاسیدێکیان نیە تا پەیامی مەرگی سپییان رابگەیەنێ.
ئاوازێک لە گوێمدا دەزرینگێتەوە کە لە ژیاندا برینی وەک خورە زۆرن کە رووحو هەناوی مرۆڤ بە تاسەوە دەچرژێنن،بەڵام ئەوە خۆدی خورەیە کە وەک مۆر لە نێوچاوانی ئەو چارەرەشانە دراوە، ئەو برینانەی لە روخسارياندا دیارن سەد هێندەی دیکە دڵیان دەچرژێنێو دەشکێنێ، ئەو برینە قووڵانەکە هەر جارێ بە یادی دەورانی گەنجێتیو جوانی تەشەنە دێنێو بۆتە لاپەڕەیەکی دیکەی چارەنووسیان، ئەو لاپەڕەیەی کە هەڵگری نەگبەتو چارەرەشییەو دەرکراو لە کۆمەڵگا، هەتا ئەو رۆژەی خاک لەباوەشیان دەگرێ.

ئەرێ لە ژێر خاکیشدا برینەکانت سارێژ دەبن؟ ئەرێ چاوو دڵی پڕ لە قێزو بێزی خەڵک لە بیر دەکەی؟ هەموو دەیبینێنو دەیبیستنو دەیخوێننەوەو فرمێسک لە چاوەکانیاندا قەتیس دەبێ، بەڵام ئەو کات دیسان لە بیرکردنو لە بیرکردن...
چارەنووسی نەخۆشانی گیرۆدە بە خورە چانووسی ئەو دەرکراوانەیە کە تەنیا لە نەزانیو جەهالەتەوە سەرچاوەدەگرێ کە لە زەینو دڵی منو تۆدا وەک ترس ریشەی داکوتاوە. لێرەیە منداڵەکانیش باری چارەنووسی بنەماڵەکانیان دەکەوێتە سەرشانوتەواوی ئەو بێعەداڵەتیيانە کە بە ناحەق دەخرێتە ئەستۆی نەخۆشەکانو بەشێکی ئازارەکەش منداڵەکان دەیکێشن، منداڵەکان لێرە بێترس منداڵیی خۆیان تێپەر دەکەنو تەنیا دڵخۆشییان کایەکردنە ئەویش بە بووکەڵەی چیلکەوو پەڕۆو تۆپی نایلۆنی ئاخندراو بە کا.

کابانێکی ئاوایی کچێکی جوانی هەیە وەک پەرەی گوڵ، ئەو کە چاوی بە دنیا هەڵێنا تێکەڵاوی ژیانی گولەکانی بەسری بووەو بە شێوەیەک ئۆگریان بووە کە نە لێیان دەترسێو نە بە پێچەوانە بیریان لێدەکاتەوە،



بە جۆرێک کە هیچ شتێک لە بەسری هەرەشە لە رۆژگاری منداڵیی ناکا، ئەومنداڵە ساخو سلامەتە لە دنیای دەرەوەی بەسری بێخەبەرەو خودا دەزانێ لاپەرەی ژیانی چۆن هەڵ دەدرێتەوەو چ داهاتوویەکی دەبێ. ئەوەی هەتا ئەمرۆ لە کۆنەوە بۆ بەسرییەکان ماوەتەوە هاوخەمیو خۆشەویستیو ساویلکەییو ژیانی ساکارە، سەروەتو سامانیان تەنیا دڵێکە پڕاوپڕ لە بەزەییو خۆشەویستی، ئەوە تەنیا خورە تیشکی بە تینی خۆی بە سەخاوەتەوە بەسەریاندا هەڵدەرێژێ،هەرچەندە ئەو خەڵکە ژیان تەریکی کردوونو لە خۆی دوور کردوونەوە، بەڵام ئەوان ژیانیان جێنەهێشتوە.
بەسری چیرۆکی شەهیدێکی لە خۆیدا تۆمار کردوە کە لە رێگای ئازادیی نیشتمانیدا گیانی بەخت کردوە، ئەوەی بۆ دایکو بابە پیرەکەی جێ هێشت کۆڵێک داخو حەسرەت بوو بۆ دیتنەوەی جارێکی دیکەی رۆڵە ئازادیخوازەکەیان.
چیرۆکی پیرە پیاوێکی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە کە لە هاوسێکانیشی توورەیە، جاروبار بە مرچ و مۆنی هەتا بن پەنجەرەکەی دێتو دیسان دەگەرێتەوە گۆشەی تەنیایی دیوەکەی،کێ دەزانێ چیی لە دڵ دایە؟ دەڵێن دڵی داوە بە کیژۆڵەیەکی رەزاسووککە لە ناکاو خورە لە گیانی بەربووە خەونو خەیاڵەکانی بە بادی فەنادا چووە.
چیرۆکی ژنێکی لە خۆیدا حەشارداوە کە ئەویندار هاوسەرەکەیو خۆشەویستی کورەکەی بوو، لەو پەڕی عیشقو بەختەوەریدا خورە لە بنەماڵەو خۆشەویستانی جیا کردۆتەوە تا ئێستاش هەر بە حەسرەتی دیداری کورەکەیەوە دەناڵێو دەسووتێ.

بەسری بەسەرهاتی کچێکی لە خۆگرتوە کە لە جوانیدا بێ وێنە بوو، بەڵام گولی ئەو جوانییەی پێ رەوا نەدیو ئامبازی بوو، رۆژانێکی زۆر لە تەویلەدا بەندیان کرد ئەو کە تینووی ئازادیو هەڵمژینی هەوای تازە بوو زەنگوڵەیەکیان خستە ئەستۆیو ریسوایان کردو ئێستاش بەسری بۆتە ماڵی تەنیاییەکانی.
چیرۆکی ژنێک کە بۆ یارمەتی گولەکان چوو بۆ بەسری لەوێ ئاشق بوو و ژیانی تێکەڵ بەوان بوو. چیرۆکی نامرادییەکان، چیرۆکی تێکشکانو نائومێدییەکان،چیرۆکی ئەو نیگایانەیە کە بە پەرۆشەوە دەروانن لە خەڵک، لە هەلاتن، لەو برینانەی کە قەتماغە دەبەستن وسەرهەڵدەدەنەوە. جێی داخە خورە کە لە گیانی مرۆڤێک بەردەبێ بەر لە هەموو شت کەسو کاری بریاری کۆتایی ژیانی دەدەن، دەیشارنەوە، دایدەبرن لە ژیان، لە هەتاو، لە هەوای تازە، لە خۆشەویستی...

## دیمانە



# شوعلە قادری ئەندامی بەڕێوەبەریی ژنان لە دەرەوەی وڵات لەم دیمانەیەدا باس لە ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتدا دەکا

**لەپێشدا خۆت بۆ گۆڤاری ژنان بناسێنە؟**

ئەمن شوعلە قادری لە دایکبووی شاری پیرانشارم. لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هۆی یەکیەتیی لاوانی شاری پیرانشار کە ئەو کات سازمانی جەوانانیان پێدەگوت پێوەندیم بە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە گرتو ساڵی ١٣٥٨ بە ڕەسمی بووم بە ئەندامی حیزب.

ماوەی ٢٠ ساڵ مامۆستای شۆڕش بوومو هاوکات ئەرکی شانەبەندیی یەکیەتیی ژنانیشم بەجێ دەگەیاند.

ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی لەگەڵ بنەماڵەکەم ڕێگای هەندەرانم گرتە بەرو لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ بووین. لە شوێنی ژیانی تازەشم زوو پێوەندیم بە کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە گرتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینیدا وەک بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان لەو وڵاتە دیاری کرام، دواتر ساڵ لەدوای ساڵ لە کۆنفرانسەکاندا ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوەتەوە، کە بە خۆشییەوە کۆمیتەیەکی سەرکەوتوومان لە بواری چالاکییەکانی تایبەت بە ژنانی کورددا هەیە. ساڵی ٢٠١١ی زایینی کە کۆنفرانسی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانمان گرت، وەک بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دەرەوەی وڵات هەڵبژێردرام. ئێستا هەر دوو بەرپرسایەتییەکان، هەم کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانو هەم کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانم لە سەر شانە، بەو هیوایە بتوانم بە باشی ئەرکەکانم ئەنجام بدەم.

**پ: شوعلە خانم، ئێوە ڕۆڵی ژنان لە سیاسەتدا چۆن دەبینن؟ مەبەستم ژنانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لەم قۆناغەی ئێستادا چدەورێکیان لە سیاسەتدا هەیە؟ داخوا لەچاو پیاوان جێپەنجەیان لە کاری سیاسیدا بەرچاوە، مەبەستم نێوخۆو دەرەوەی کوردستانو نێو حیزبەکانی ئەو پارچەیە لە کوردستانە؟**

و: ئێمە دەبێ ئەو ڕاستییەمان قەبوول بێ کە کۆمەڵگایەکی پیاوسالارمان هەیە. هەر وەها ئەوەش دەزانین کە بە درێژایی مێژوو مەودای بیرکردنەوەکانو ئازادییەکانی پیاوان لە ژنان زۆرتر بووە. بەڵام بەو حاڵەش لەسەر ئاستی سیاسیو خەباتی ڕزگاریی کوردستاندا ڕۆڵی ژنانی کورد وەک ڕۆژی ڕووناک دیارە. هەر چەند هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەموویان لە ڕادەی خۆیدا کۆمەڵێک ژنیان لە ڕەوتی خەبات لەگەڵدا بووە، بەڵام هیچ کامیان نەیانتوانیوە کارتێکەریی بەرچاو لە گۆڕینی کەلتووری پیاوسالاری لە کۆمەڵدا دابنێن. ڕێکخراوە سیاسییە کوردەکان هەموویان باسی یەکسانیی مافی ژنو پیاو دەکەن، بەڵام بە کردەوە ژن لە نێو ڕیزەکانیاندا، لە بڕیارداندا دەسەڵاتیان نیەو ژن دەورێکی لاوەکیی هەیەو لە پەراوێز خراوە. ئەو ژنانەش کە گەیشتوونەتە دەسەڵات بە چەند هۆ دەسەڵاتەکەیان کزو لاواز بووەو نەیانتوانیوە گۆڕان پێک بێنن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە ژنان لە کەمایەتیدان. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە ژنان بە تەواوی بێهیوا بین. ئەگەر لە ڕابردوودا ژن دەبوایە وەک پیاوان دەرکەوێو خەباتەکەشی هەر پیاوانە بکا بۆ ئەوەی کۆمەڵگای پیاوسالار قبووڵی بکا، ئەوڕۆ بە خۆشییەوە ئەو دەورانە بەسەر چووە. ژنانێکی ئاگاو خوێندەوارو بڕوابەخۆ لە مەیدانی خەباتدانو حیزبەکانیش هەموویان کەمتاکورتێک ئەو ڕاستییە دەزانن کە هەم ژنانی نێوخۆو هەم ژنانی نێو ڕیزی حیزبەکان وشیارتر بوونەتەوە. ئێستا ژنان سەرەڕای هەموو گوشارێک کە لەسەریانە پۆل پۆل ڕوو لە خەبات دەکەنو بە تێکۆشانی بێوێنە مێژووی ژنی ئازاد لە لاپەڕەکانی مێژووی ژنی کورددا تۆمار دەکەن. ئێستا ئیدی باسی ڕۆڵی ڕاستەوخۆی ژنان لە خەباتدا وەک زیندانیبوونو ئەشکەنجەدرانو ئێعدامکران، بەشداری لە خۆپێشاندانەکان، بەشداری لە خەباتی نەتەوەییو یەکسانیخوازیدا دەکرێت.

**پ: ئەمڕۆ بە زەقی دەبینین کە ململانێی نێو حیزبە کوردییەکان، لەنێو ڕێکخراوەکانی ژنانی سەربە حیزبەکانیش ڕەنگی داوەتەوە، داخوا ئەو ئینتما حیزبییانە، تا چەندە کاریگەر بوون لەسەر ئەوەی کە ژنان نەتوانن ستراتژییەکی هاوبەشیان هەبێ؟ بۆ دەربازبوون لەم دۆخە دەبێ چ بکەن؟**

و: بزووتنەوەی کورد دەبێ هەڵگری پرۆژەیەکی ڕوونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووریو هتد بێ، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کوردستان داگیر کراوە، ڕزگاریی خاکو نیشتمان بووە بە هەموو غەمی بزووتنەوەی کوردو کۆمەڵێک پرسی گرنگی دیکەی کۆمەڵگا یەک لەوان پرسی ژن لە پەراوێز خراوە. هەر بەو هۆیەشە کە دەبینین هەموو حیزبە کوردییەکان ڕێکخراوی ژنانیان هەیە، بەڵام ئەو ڕێکخراوانە لەسەر زەرووڕەتی کار بۆ پرسی ژنان دانەمەزراون. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە ئەو ێکخراوانە هیچ کامیان سەربەخۆ نین لە کارو پرۆژەکانیان بۆ چارەسەری پرسی ژن. هەر

بـۆیە کاتێـک کە حیزبەکـان پارچەپـارچە دەبـن و ململانێ دەست پێدەکا ناراستەوخۆ ئەو ململانێیە ڕێکخراوەکانی ژنانیش دەگرێتەوە، هەر چەند ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە ڕێکخراوی سەربەخۆ لە بزووتنەوەی ژناندا بە گشتی و بۆ بزاڤی ژنانی کوردستـانی ڕۆژهەڵات بە تـایبەتی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. ئەرکـی ئەو ڕێکخـراوانە هەم لە تـــاراوگەو هەم لە نێوخـــۆ، لە کـــاتی ئۆپۆزیسیۆنبووندا ڕێکخستن و بارهێنانەو لە کاتی ئـاڵوگۆڕو ڕاپەڕیـندا هەوڵـدانە بـۆ بەشـداریی جەمـاوەری و دوایەش بەشـداری لە دەسـەڵاتدایە. بەڵام ئەوەشمان دەبێ لە بیر بێ کە ڕێکخراوەکانی ژنان زۆر ئاسانتر لە حیزبەکـان دەتوانن لە دەوری یەک کۆ ببنەوە. ئـێمەی ژنان هەموومـان دەردو کێشـەی هاوبەشـمان هەیە، هەسـت بەوە کـراوە کە دەبێ بۆ چارەسەری کێشـەکانمان هەمـوو پـێکەوە ئەو خەباتە بەرەو پێش بەرین. هەر ئەوەشە بـۆتە هۆی ئەوەی بە هەموو جیاوازییەکانمانەوە بتوانین لە دەوری یەکتـری کۆببینـەوە بـۆ ئەوەی قسـە لەپرسـێک بکەیـن کە خـەمی هەموومانــەو بە هەموومان دەتوانین ڕێگاچارەی بۆ ببینینەوە.

پ: شـوعلە خـانم، زۆر جـار لە زاری پیـاوان و تەنانەت لە زاری ژنانیشـەوە دەبیسـتین کە دەڵـێن سیاسـەت کـاری ژنـان نـیە؟ پێـتوایە هۆکـاری ئەمجۆرە تێڕوانینە لە کۆمەڵگای کوردیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و: بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی لاوازبوونی ڕۆڵی ژن لە سیاسـەت و دەسـەڵاتدا دەبێ کۆمەڵگا لە باری کولتـووری و سـایکۆلۆژییەوە بناسـین. هەر وەک دەزانین ژنـی کـورد لە کۆمەڵگـایەکی پیاوسـالاردا دژی لە باری سیاسی، ئـابووری و کۆمەڵایەتییەوە لە بـــارودۆخێکی دژواردایە. هەڵاواردن و پەراوێزخســتنی ژن لە دەســەڵات دیــاردەیەکی جیهـانیەو هەر تـایبەت نـیە بە کۆمەڵگـای کوردستـان، بەڵام هەڵاواردن و لاوازکردنـی ڕۆڵـی ژن لە هەر وڵاتێـکدا بە شـێوەیەک خـۆی دەنـوێنێ و تایبەتمەندیی خۆی هەیە. بە بـڕوای من دەتوانین ئەو هەڵاواردنە لە کوردستـان بخەینە بـواری توندو تیژییەوە. لە کۆمەڵگای ئێمەدا داب و نەریتـی کۆن ئێسـتاش زاڵەو تەنـانەت هێنـدێک ژن خۆشـیان ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ یاریـدەدەرن بـۆ پەرەئەسـتاندن و مـانەوەی ئەو زوڵـمە. لە نێـو حیزبەکـانیشدا بە داخەوە دەبینـرێ کە ژنـان لە ڕادەی بەرپرسـایەتی و لە پۆسـتە کلیـدییەکاندا بەتەواوی لە پەراوێـز خـراون. ئەگەر کەسـانێکیش دەگەنە سـەتحی ڕێـبەری، لە هەمـوو لایەکەوە دەکەونە بەر چـاوەدێریی و هەڵسـەنگاندن. لە کۆتـاییدا ئەو خانمـانە ئەزمـوونی تـاڵ لە کەم دەسـەڵاتیی خۆیـان و گـوێنەگرتن لە ڕاو بیـرو بۆچوونەکانیان دەگێڕنەوەو مەجبوور دەبن کە لە کۆنگرەیەکی دیکە خۆیان نەپاڵێونەوە. لە ئاکامدا تەوسو تـانەو تەشـەری هاوڕێیـانی پیـاو دەست پێدەکا کە بەڵێ ژنان بۆ سیاسەت نابن.

پ: پێـتوایە ئەو ژنـانەی ئێسـتا لە باشـووری کوردسـتان دەژیـن [ژنـانی خەڵکـی ڕۆژهەڵاتـی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان]و بەجۆرێک لە کایە سیاسییەکاندابەشـداران، چەنـدە دەتـوانن نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی ژنانی ڕۆژهەڵات بکەن؟

و: لە ڕاستیدا نابێ بەو جۆرە چاو لە مەسەلەکە بکەیـن کە ئەو ژنـانەی ئێسـتا لە باشـووری کوردستان دەژین دەبێ چۆن بتوانن نوێنەرایەتیی ژنـی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان بـکەن. ئەوڕۆ دنیای تەکنەلۆژی ئەوەندە پێش کەوتوە کە دنیا لە ئاستیدا چووکە بۆتەوە. تەکنـەلۆژیی پێشکەوتوو وای کـردوە مرۆڤەکـان لەمسەروئەوسـەری دنیـاوە پێوەنـدییان پـێکەوە هەبـێ و کـاریگەری لەسـەر یەکتـر دابنـێن، بـۆیە دووربـوون لە وڵات ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە نەتوانین کار بکەیـن. تەنیـا ئەوە پێویستە مەبەستەکەت هەبێ و بتوێ پێوەندییەکە دابمەزرێنـی و ڕێکخـراوەکەت بناسـێنی و بەو حەدە کاری بۆ بکەی کە ئایا ئەو ژنانەی لە نێوخۆی وڵات دەژیـن ئامـادە دەبـن کە ڕێکخـراوەکەی تـۆ کە نیشتەجێی باشـووری کوردستانەو بە خۆشـییەوە دەبینـن فوکوسـی کاریـان لەم دوایـانەدا زۆر بەرفراوانتـرە لە چوارچێـوەی حیزبـایەتی، وەک نوێنەری خۆیان قەبووڵ بکەن. کە ئەو کـارە کرا ئیـدی زۆر بە ئاسـانی دەتـوانین وەک نـوێنەری وان کار بکەین.

پ: لە کۆمەڵگـای ڕۆژئـاوادا، لەبـاری حقووقییەوەجیاوازییەکی ئەوتـۆ لە نێـوان ژنـان و پیـاواندا نیە، ژنان شانبەشانی پیـاوان لە بواری سیاسـی، ئـابووری و کاروبـاری کـۆمەڵایەتی و زۆر بواریدیکـەدا چـالاکن، بەڵام لە کۆمەڵگـای ئێمەداهێشتا ئەم بابەتانە بەتەواوی جێگیـر نەبوون یـان خـود بە نیـوەچڵی و خاوەخـاو دەچنە پـێش، داخـوا سـەرچاوەی ئەم دیاردەیە بـۆ چهۆکارگەلێک دەگەڕێـتەوە؛ ئێـوە پێتـان وانیە کە ژنـان خۆیـان نایانەوێ بێـنە مەیـدانی کـارکردن یـان ئەوەی کە بەربەسـتیان بـۆ دروسـت دەکـرێ ئەگەر وایە ئەو بەربەستانە چین؟

و: ئـەمن دیسـان دەگەڕێـمەوە بـۆ کۆمەڵگـای پیاوسـالار، و لە قـالبی تونـدوتیژیدا دەیبـینم. کۆمەڵگایەک کە لـەودا پیاوسالاری باوە، یـان داب و نەریتێک کە پیاو پیاوەو ژن زەعیفەیە دەبێ لە ژێر باڵی پیاودا سەری خۆی بەرداتەوەو حەیابەخۆ بێت و جوابە جەنگی نەکا، ئەوانەش دەبنە هـۆی دروست بـوونی نـابەرابەری. ئـێمە دەتـوانین ئیشـارە بە ئـاییینیش بکەیـن کە لە پەرەسـەندنی ئەو نـابەرابەرییەدا دەوری هەیە. کـەلتووری ئـاییینی مەجال نادا و دەرفەتی ڕاستەقینە بە ژن نادا کە بە کەسـایەتیی خـۆی وەک ژن لە دەسـەڵاتدا بـێ و بە گـوێرەی بەرژەوەنـدیی ژن کەڵکـی لێوەرگـرێ. گرێدراویی ئابووریی ژن بە پیاو دەبێتە هـۆی ئەوەی کە ژن خۆی موحتاجی دەستی پیاو ببینـێ. بۆیە ڕزگـاری ژن لە گرێـدراویی ئـابووری یەکـێکە لەو فاکتۆرە سەرەکییانە کە ژن سەربەخۆ دەکەن.

بیـری پیاوسـالاری کـاریگەریی مەنفیـی لەسـەر پەروەردە هەیە. ئەو بیـرە زاڵە هەسـتی بڕوابەخۆبوون لە کچدا دەکوژێ. کچ بڕوای بە خۆی، هێزو تواناکانی خۆی نامێنی و ناوێرێ بیروبۆچوونی خۆی ڕاشکاوانە دەرببڕێ. بۆیە حەولی سـەرەکیی بزووتنەوەی ژنان دەبێ گۆڕینی بیری پیاوسالاری لە کۆمەڵدا بێ. بۆ دوایین قسەکانم پێمخۆشە بڵێم کە حیزبەکـان پێویسـتە پرەنسـیپی یەکسـانیخوازی بـکەنە سـەرلەوحەی کـارو تێکۆشـانی خۆیان و بە چـاوێکی ڕەخنەگرانەوە بـڕواننە ڕابـردووی خۆیـان لەسـەر گرنگـی‌نەدان بە ڕۆڵـی ژنـان لە ڕیزەکـانی خۆیاندا. حەول بدەن کە هیچی دیکە پرسی ژنان نەخەنە پەراوێزی پرسی نەتەوەیی.

شوعلە خانم سوپاس بۆ بەشداریت لەم وتووێژەدا.

سپاس بۆ ئێوەش.

# دیمانە

ئا؛ ئارێز محمد

سیاسەت یان ناوەندی بڕیار گرنگی‌یەکی تایبەتیی هەیە. لە هەر وڵاتێکو هەموو یاساو بڕیارێکو بەڕێوەبردنی هەرکۆمەڵگەیەک لە هەموو بوارەکان‌دا پەیوەندیی بەم ناوەندەوە هەیە، بۆیە گرنگە چ ژنو چپیاو تێی‌دا بەشدار بنو لە سیاسەتو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا ڕۆڵ بگێڕن. بەڵام کەمیی بەشداریی ژنان لە سیاسەت‌داو کەمڕەنگ بوونی ڕۆڵو پێگەیان لە ناوەندەکانی بڕیاردا بەگشتی لە جیهان‌و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خاڵێکی لاوازە کە تەوەری ئەمجارەمان تایبەتە بۆ قسەکردن لەسەر ئەمەو بەشداریی ژنی کورد لە سیاسەت‌دا. میوانی تەوەری ئەمجارەمان بەڕێز سوهەیلا قادری چالاکی سیاسی‌و بواری ژنانە.

پ.

بوونی ژن لە ناوەندەکانی بڕیارو دەسەڵات‌دا تا چڕادەیەک پێویستە؟

و. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو دەبینین کە لە هەموو لاپەڕەکانی‌دا هەڵسووڕێنەرانی دەسەڵاتو حکوومەت پیاو بوون‌و قانوونەکانیش هەر پیاوانە داڕێژراون‌و ژنان زۆر بەکەمی دیارن‌و دەکرێ بڵێین هەر بەرچاو ناکەون، تاکوتەرا نەبێ کە ئەویش هۆی خۆی هەبووە. بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەوە کە بیری فیمینیستی چەکەرە دەکاو لە سەرەتای سەدەی بیستیشەوە گەشە دەکا ئاڵوگۆڕێکی تاڕادەیەک بەرچاو لەزەینی خەڵک‌دا پەیدا دەبێ، خەباتی ژنان لەپێناو بەدەست‌هێنانی مافەکانیان‌دا ڕەنگو شێوەیەکی تازە بەخۆوە دەگرێ. ئەمە وەک سەرەتایەک باش بووەو هەیە، بەڵام کێشەی ژنان کێشەیەکی گشتگیرە لە هەموو جیهان‌داو لە هەندێک وڵات بەهۆی چالاکیی خودی ژنان‌و قوربانی‌دانیان لەو پێناوەدا تاڕادەیەک سەرکەوتوون‌و بەرچاون.

دەکرێ بڵێین بەشداریی ژنان لە دەسەڵات‌دا زەروورەتێکی «حەیاتیە« بەو هۆیەوە کە ئەگەر بمانەوێ کۆمەڵگەیەکی دادپەروە دروست بکەین بەبێ بەشداریی ژنان مسۆگەر نابێ. بەشداریی ژنان لە ناوەندی بڕیاری هەر سیستمێک یان حکوومەتێک‌دا، بەحوزووری بەرچاوی خۆی وا دەکا



کە گوێ لەویستو داخوازیەکانی بگیرێو پرسی ژن لە پەسندکردنی یاساورێساکان‌دا ڕچاو بکرێو یاساکان بۆ ژنو بۆ پیاو وەک یەک پەیڕەو بکرێن. بەشداریی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردا پێویستیی بەیەکگرتوویی‌و بەخەمەوەبوونی ژنان هەیەو دەبێ هەوڵ بدەن ببنە ئەهرۆمێکی فشار لەسەر دەسەڵات بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ لە بەشداری پێکردنی ژنان‌و بوارخوڵقاندنی زیاتر لە هەموو ئاستەکان‌داو ڕێگرتن لە پەسندکردنی هەر بڕیارێک کە دژی ژن بوەستێتەوەو ژن وەک مرۆڤی پلە دوو دابنێ.

پ. ئایا بوونی ژن لەم ناوەندانەدا کاریگەریی هەیە لەسەر دیموکراتیزەبوونی یاساو ناوەندی دەسەڵات؟

و. بێگومان بەشداریی ژنان لە ناوەندی دەسەڵات‌دا کاریگەریی ئەرێنیی خۆی دەبێ. بەڵام گرنگ ئەوەیە ژنانێک بن کە بە دەرەجەی یەکەم خەمخۆری کێشەی ژن بنو بەگشتی خەمخۆری ئاشتی‌و دیموکراسی بن. ژنان دەبێ لەو جێگەوپێگەیە کە بەشارەزایی خۆیان‌و هەوڵی خەمخۆرانی یەکسانی بەدەستی دێنن کەڵک وەرگرن بۆ هەرچی زیاتر بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەو سەقامگیریی دیموکراسی‌و دادپەروەری.

ژنانێک کە بەوئاستە لە دەسەڵات دەگەن دەبێ ئەرکی خۆیان وەک نوێنەری هەموو ژنان بەجێ بگەیەنن، دەتوانن ڕۆڵو گاریگەریی باشیان لە هەموارکردنی یاساکان بۆ هەرچی زیاتر دیموکراتیزەکردنیان‌و بەرابەریی ژن لەگەڵ پیاودا هەبێ. لێرەش‌دا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو ژنانەی دەچنە ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە ئەرکەکانیان جیا لە ئەرکەکانی پیاوانەو ئەرکی ژن دووجار قورسترە. یەک ئەوە کە دەبێ هەوڵ بدەن لەبەرپرسیاریەتی‌یەکانی سەرشانیان دوا نەکەون‌و ئەرکەکانیان لە ئاستی ئەو دەسەڵاتو بەرپرسیاری‌یەدا کە لەو سیستمەدا هەیانە کەمی نەهێنن‌و هاوکاتیش بۆ نەهێشتنی جیاوازی‌یەکانی ژنان‌و پیاوان خەبات بکەن‌و لەبواری پرسی ژنانیش‌دا چالاک بێو جێ‌پەنجەیان دیارو بەرچاو بێ، بۆئەوەی کێشەی ژنان لەلایەن دەسەڵاتەوە گرینگیی پێ‌بدرێو ڕێگە بۆ چارەسەری بدۆزرێتەوە، لەڕاستی‌دا ئەوە ئەرکی ژنانە کە لەو بوارەدا تەئسیری خۆیان هەبێ، لەو شوێنەی کە پێی گەیشتوون لە بواری دەرکردنی هەر بڕیارێک‌دا.

پ. زۆر لە حیزبە کوردی‌یەکان لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا هەوڵیان داوە ڕێژەیەک بۆ ژنان لەسەرکردایەتی‌دا دیاری بکەن، تاچەند ئێوە ڕێژەی کۆتا بەقازانجی ژن دەبینن؟

و. ڕێژەی کۆتا ڕێگاچارەیەکە کە دەتوانین بۆ فەترەیەکی زەمەنی کەڵکی لێ‌وەربگرین وەک ئێستا کە لە بەشێکی زۆری حیزبەکان تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش کاری پێ‌دەکرێ. بەڵام ژنان نابێ تاسەر بەمشێوە بەشداری‌کردنە لە دەسەڵات‌دا ڕازی بن، ئەو ڕێژەیە کە لەهەر حیزبو ڕێکخراوێکی کوردی‌دا کاری پێ‌کراوە بۆخۆی لەڕوانینی کێشەی ژنان لە ڕوانگەی حیزبە کوردی‌یەکانەوە شتێکی پۆزەتیڤە و نیشانەی بەپەرۆشبوونیانە بۆ ژنان تا هاوکار بن بۆ نەهێشتنی ئەو بۆشایی‌یەگەورەیە کە لەمێژوودا بۆ بەشداریی ژنان لە ڕێبەری‌دا هەبووە. تا کاتێک کارکردن بەسیستمی کۆتا باشە کە ئاستی ئەو جیاوازی‌یەی بەدرێژایی مێژوو لەنێوان ژن‌و پیاودا هەبووە، پیاوان مەیدانداری‌و دەسەڵاتیان قۆرغ کردوە ، کەم بێتەوە. ژنانیش نابێ ئیزن بدەن کە ئەو ڕێگایە بۆ بەشداری‌یان لە مەیدانی سیاسی‌دا زۆر بەردەوام بێ. ئەوان دەبێ بوونی خۆیان زیاتربسەلمێنن‌و حیزبەکانیش ئەرکیانە کە بەشداریی ژنان لەو قۆناغە دەرباز بکەن‌و بەشداریی ژنان لە



ئاستی باڵاو بڕیاردەردا بکەن بە فەرهەنگی خۆیان. دیارە کە چاو لە پەیڕەو و پرۆگرامی هەر کام لەو هێزە سیاسی‌یە کوردی‌یانە بکەی هەست بەوە دەکەی کە هیچ جیاکاری‌یەک لە نێوان ژن‌و پیاودا دانەنراوەو بەرابەری‌و یەکسانیی تێدا لەبەر چاو گیراوە، بەڵام تا چەند کاری پێ‌دەکرێ ئەوە گرنگە. دیسانیش هەر تەواو نیە. دەبێ فەرهەنگسازیی بۆ بکرێ تا ژن بەبێ سیستمی کۆتاو بەلێهاتوویی خۆی دەنگی پێ‌بدرێ‌و بە بێ‌ترس خۆی بۆ ڕێبەریی بپاڵێوێ، لێرەدا ئەمن خۆشبینم، ئەویش بەدوو هۆ، یەک ئەوە کە ژن هەستی بەوە کردوە کە دەبێ خۆی، خۆی بسەلمێنێ‌و دووهەم ئەوە کە هێزە سیاسی‌یەکانی کورد بەو قەناعەتە گەیشتوون کە بەبێ بەشداریی ژنان لە خەبات‌و سیاسەتدا سیستمێکی سەقەت پیادە دەبێ‌و بەشێک لە کۆمەڵگە تێی‌دا بەشدار نابێ.

پ. بەگشتی چلە نێو حیزبەکان‌و چلە نێو حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌دا، تاچەند ئاسانکاری کراوە بۆ بەشداریی زیاتری ژنان؟

و. بەخۆشی‌یەوە لەنێو هێزە کوردی‌یەکان‌دا ئەو ڕاستی‌یە حاشاهەڵنەگرە کە هیچ جۆرە جیاکردنەوەو هەڵاواردنێک نیە بۆ سپاردنی بەرپرسیاری‌و بوارخولقاندن بۆ بەشداریی ژنان. ڕاستە کەموکوڕی هەیە، ئەویش هۆی خۆی هەیە ڕەنگە هەندێ‌جار ئەو ڕێژەیەی ژنان لەنێو حیزبەکاندا هەیانە لەئاستی ئارەزووی بەشداریی ئەوان‌دا نەبێ، یانی بمانەوێ‌و نەمانەوێ لەچاو بەشداریی زۆری پیاوان ڕێژەیەکی کەم لە ژنانی خوێندەوارو چالاک لەڕیزی حیزبەکان‌دا هەن، ئەوە بۆ خۆی کێشەیەکە دەبێ ئاوڕی جدیی لێ‌بدرێتەوە کە چۆن ئەو هێزە کوردی‌یانە قووەتی جەزبی ژنانی ئاست بەرزیان لەبواری پێ‌گەیشتوویی سیاسی‌و هزری‌دا هەبێ‌و چۆنیش ئەو ژنانەی لەڕیزی خۆیان‌دا هەن پێیان بگەیەنن‌و ڕێگایان بۆ هەموار بکن تا چالاکو ئاکتیڤ بن لە خۆپێگەیاندن‌و کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست بۆ سەرکەوتنی خەباتی نەتەوەیی‌و ڕەگەزی. بەڵام ئەو کێشەیە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بەشێوەیەکی دیکە چاوی لێ‌بکرێ‌و هەڵوێستەی لەسەر بکرێ. چونکە لە هەرێمی کوردستان بە هەزاران ژنی خوێندەوارو ئاکادیمیست لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبینین، بەڵام دوای زیاتر لە 20 ساڵ سەقامگیری و دەسەڵاتداریی کوردی ئێستاش ژنان بەو ئاستە نەگەیشتوون کە جێگەی خۆشحاڵی بێ

ئەو ئاسانکاری‌یانە کە بۆ بەشداریی ژنان لەئاستە باڵاکانی حیزبە کوردی‌یەکان‌و هەرێمی کوردستان‌دا کراون دەگەڕێنەوە بۆ پێداگریی چالاکانەی ژنان لەسەر بەدەستهێنانی ئەو مافانەی هەیانن‌و لە مێژە لێیان زەوت کراوە. ژنان بەبوونی خۆیان لە مەیدانی کردەوەدا سەلماندوویانە کە بەبێ بەشداریی ئەوان کە نیوەی کۆمەڵگەو دایکی نیوەکەی تریشن، ئەم کاروانە ناگاتە جێ‌و بە ئامانج ناگا.

پ. هۆکاری بەشداریی کەمی ژنان لە سیاسەتدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

و. ئەگەر باس لە هۆکارەکانی بەشداری‌نەکردنی ژنان لەسیاسەتدا بکەین ڕەنگە لەئاستی ئەم دیمانەیەدا نەبێ، بەڵام ئەمن ئاماژە بە چەند هۆکار دەکەم کە ڕەنگە بەجۆرێک لە باسەکەشم‌دا هێنابمنە بەر باس.

1_ نەبوونی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لەکۆمەڵگەدا بەپێی پێویست بۆ کێشەی ژن.

2_ گیرۆدەبوونی ژنان بەماڵداری‌و ڕاگەیشتن بەماڵ و منداڵ، کە ئەمە ڕاستە ئەرکێکی گرنگەو پێویست‌و پیرۆزیشە، بەڵام هەمیشە یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم ژنان بۆ تێکەڵبوونیان بەکاری دەرەوەو خۆپێگەیاندنی زیاترو تێکەڵبوون بەسیاسەت‌و دەسەڵاتداری. چونکە دایکێکی مەسئوول ناتوانێ ماڵ‌و منداڵ‌و قۆناغی بنەماڵەکەی وێڵ بکاو هەموو هێزو توانای خۆی بۆ ئەم مەیدانە تەرخان بکا ، بەلای ئەوەوە پەروەردەکردنی نەوەیەکی هۆشیارو دوور لە گیروگرفت، یەکێکە لەو ئەرکانەی کە دەبێ بەباشی بەجێی بگەیەنێ. لێرەش‌دا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین دیسان ئەوە ژنە کەزوڵمی لێ‌دەکرێ، بەڵام چاری نیە دەبێ بەردەوام بێ. لێرەدایە کە پیاوێکی سەرکەوتوو لە دەسەڵات‌و پۆست‌و مەقام‌دا دەبینی دەبێ کاریگەری‌و ڕۆڵی ئەو لە پشت ئەو پیاوە ببینی. زۆرن ئەو ژنانەی کە جیا لەو ئەرکە قورسەی لە سەرەوە ئاماژەم پێ‌دان، لەدەرەوەی ماڵیش وەک هێزێکی کاریگەر لەمەیدان‌دان‌و هاوکات لەدوو مەیدانی ژیان‌دا چالاکانە هەوڵ دەدەن تا لەکاروانەکە جێ نەمێنن، لێرە دایە کە دەردەکەوێ ئەرکی قورسی ژیان لەسەر کامە ڕەگەزەی کۆمەڵگەیە ئەگەر بە ئینسافەوە بڕوانینە کێشەکە.

3 -نەبوونی بەستەرێک بۆ بەشدارکردنی ژنان لەخۆپێگەیاندن‌داو نەبوونی ئاسانکاریی پێویست بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئاستەنگانەی لەبەردەم ژنان‌دا هەن. هۆکارێکی دیکە لەم گشتە هۆکارە کە پێم‌خۆشە باسی بکەم زوومکردنی کۆمەڵگەیە لەسەر هەڵەیەک ئەگەر زۆر بچووکیش بێ کە ژنان لە کاتی کردنی کارێک یان تەنانەت دانی خیتابێکدا دەیکەن، یانی ئەگەر ژن جارێک لەشوێنێک هەڵەیەکی کرد دەبێتە خاڵ لەسەری‌و دەکەوێتە بەر لۆمەو تانەو تەشەرەوە. بەو هۆیەشەوە کە ژنان بەنیسبەت هەڵەکانیانەوە حەساسترن زۆر بەحەزەرەوە دەچنە پێش‌و هەر ئەو وردبینی‌و حەساس‌بوونەش وای‌کردوە کە زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنان لە ئاستی پارلەمان‌و حکومەتدان هەڵەو گەندەڵی‌یان کەمتر بێ. ئەو فاکتەش بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە جیهانی‌یانە هاتوە کە ڕێژەی ژنانیان لەو ئاستەدا زۆرە. دوایین شت کە پێم‌خۆشە باسی بکەم، نەبوونی پلان‌و بەرنامەیەکی عەمەلی یاسایی‌یە کە لەو بارەیەوە پشتی ژنان بگرێ. ئەو پلان‌دانانە بەداخەوە نەبووەتە ستراتیژیی هیچ حیزبێک کە کاری درێژخایەن بکرێ بۆ نەمانی ئەو جیاکاری‌یە.

# بزووتنەوەی ژنان بەرەو چ ئاکامێک دەڕوا

ن. شیلان ساڵحی

یەکسانیی ژنو پیاو ئەو کاتە مسۆگەر دەبێ کە بە شێوەیەکی دروست، هەم لە ڕێگای قانوونو هەم لەنێو کۆمەڵگادا بایەخی پێبدرێو بە کردەوەش کاری بۆ بکرێ.



بۆ نموونە ئێران کە لە یەکەمین واژۆکەرەکانی ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ لە ساڵی 1948، واتە لە کاتی دەسەڵاتداریی محەممەد ڕەزا شای پەهلەویدا بووە، بەڵام لە ئێراندا چلە کاتی دەسەڵاتداریی پەهلەویو چپاش شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەو ڕێژیمانە سەرەکیترین مافە مرۆییەکانی خەڵکی ئێرانیان، بە ژن و پیاوەوە، پێشێل کردوە. دژایەتی لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤدا جەختیان لەسەر کراوە، بەڵام هەم لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیداو هەم ڕۆژانە لەنێو کۆمەڵگادا بە ڕوونی پێشێل کراونو دەکرێن. ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بە بەڕێوەبردنی هەندێک سیاسەتی سەرەکی، وەک حیجابی زۆرەملی، جیاکردنەوەی جینسیەتی، بوومیکردنی زانکۆکان بۆ کچانو لە سەرەوەی هەموویان قانوونەکانی دژ بە ژنانی دەزگای دادپەروەریو عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دەیەوێ ژنانی ئێران لە سووچی ماڵدا زیندانی بکاو بەم شێوەیە ئەوان لەهەر چەشنە ئازادییەک، تەنانەت ئازادیی جلوبەرگ لەبەر کردن بە شێوەی دڵخوازیش، بێبەش بکات. خەباتی ژنان بۆ مافەکانی خۆیان وەکوو هەموو خەبات بۆ هەموو مافێکی ڕەوا، بۆ ڕزگاریو وەرگرتنی دەسەڵاتێکە کە لە لایەن پیاوانەوەو بە پشتیوانیی دەسەڵاتێکی توتالیتێر لێیان زەوت کراوە. ژنان دەبێ هەوڵ بدەن ئەو پێگەیە کە بە نیسبەت پیاوان کەمێک لاوازترە دیسان وەدەست بێنن، بۆ نموونە بەشدارییان لە کارە سیاسییەکاندا زیاتر بکەن کە بتوانن لە داهاتوودا، لە ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگادا بەشدار بن.

بە درێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ لە ڕوانگەی جیاوازەوە باسی چەوسانەوەو زوڵمو زۆر دژی ژنان کراوەو دەکرێ. بەشێک لە بزووتنەوە ئازادیخوازەکان بەرنامەی کارییان لەسەر ئەم دۆزە هەیەو هەوڵی بۆ دەدەن، بەڵام لەسەر چۆنیەتیو شێوازی خەباتی بزووتنەوەی ژنان بیروڕای جیاواز هەیە. هێندێک لە کۆمەڵناسەکانی ئێرانی، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی بەستراوی ئێستای کۆمەڵگای ئێرانو گوشاری هێزە نیزامییەکان،



بەو ئاکامە گەیشتوون کە ئەو خەباتە کە ئێستا ژنانی ئێران تەنانەت لەنێو ماڵەکانیش بەڕێوەی دەبەن، لە شکڵی بزووتنەوەیەکی گشتگیرو سەرانسەری دەر هاتوە. دیارە ئەم شێوازە خەباتە تا ئەو کاتە درێژەی دەبێ کە ژنان بتوانن ڕێگەچارەیەکی نوێ بدۆزنەوە کە لەگەڵ ئەم بارودۆخە بگونجێ. هەموو حەرەکەتە ئازادیخوازەکان شکل دەگۆڕن، بەڵام قەت لەنێو ناچن. ئێستا بە هۆی هەستیاربوونی بارودۆخی هەنووکەیی ئێران، گەمارۆکانو لە ئاکامی گەمارۆکاندا ڕۆژبەدوای ڕۆژ خراپتر بوونی بواری ئابووری لە ئێرانو بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو گوشارە کە لەسەر خەڵکو بە تایبەت ژنان هەیە، چاوەڕوان دەکرێ بە شێوەیەکی یەکگرتووتر لە جاران بزووتنەوەیەکی نوێی ژنان پێک بێو بە پشتیوانیی پیاوانی یەکسانیخواز کۆتایی بە تەمەنی ڕەشو پرلە ئازاری کۆماری ئیسلامی بێنن.

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە

### بەیاننامەی هاوبەشی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی 25ی نوامبر ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان

توندوتیژی دژی ژنان دیاردەیەکی جیهانییە کە بە شێوەو شێوازی جۆراوجۆر لە هەموو کۆمەڵگەکاندا هەیەو وەک مۆتەکەیەک سێبەری خستووەتە سەر ژیانی زۆربەی ژنانی جیهان. بە کارهێنانی توندوتیژی دژی ژنانو ئاکامەکانی وەک مەسەلەیەکی جیهانی، چ لە نێو چوارچێوەی خێزانو چلە هەموو بەشەکانی دیکەی ژیانی ئەواندا، برینێکی کۆنە کە ناخو هەستو دەروونی ژنو تەنانەت ئاسایشی کۆمەڵگەش تێکدەداو ئەمەش دەبێتە بەربەستێک لە سەر ڕێگای هەموو کارو چالاکیە کۆمەڵایەتی، ئابووریو فەرهەنگییەکانی ژن. لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە یاساکانیان لە چوارچێوەی یاساوڕێسا نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤدا دانەڕێژراون، زیاترین توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان دەکرێو دەسەڵاتو یاساش دەبێتە بەشێک لەو کەلتورو فەرهەنگە دژە ژنەو ئەمەش وای کردوە کە توندوتیژی شۆڕ بێتەوە نێو هەموو بوارەکانی ژیانی ژنان . لە ئەگەری ڕوودانی هەر شەڕو کێشەیەک یان هاتنەئارای قەیرانی ئابووریو بە گشتی هەر گۆرانکارییەک لە ئاستی جیهاندا، ئەوە یەکەم قوربانییانی ژنانە . هەنووکە بە هۆی قەیرانی ئابووری کە جیهانی گرتووەتەوە، ڕێژەیەکی بەرچاو لە ژنانی جیهان لە بارودۆخێکی ئالەباردا بە سەردەبەنو گوشارێکی لە ڕادەبەدەریان لە سەرەو بازرگانییان پێوە دەکەن . بە هۆی بوونی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، یاساو دەسەڵات بە



توندی دژی ژنانەو بە واتایەکی دیکە توندوتیژی بەشێکی جیانەکراو لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا دژی ژنان بەڵکوو دژی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ بە کار دەبرێ. هەڵاواردنی ڕەگەزی، سیاسەتی جیاکاری لە نێو زانکۆو قوتابخانەکان، نەبوونی یاسای پشتگیری لە ژنان، نایەکسانی لە نێوان ژنو پیاو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، قەتلی ناموسی، قاچاخی ژنانو کچان، فرەژنیو دەیان مەسەلەی دیکە لە ئێران، هەموو مافە مرۆییەکانی ژنانی پێشێل کردوەو ئەوانی کردووەتە توێژێکی بێدەسەڵاتو بێدەرەتان. هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی دژی ژنان، هەمان ئەو هەڵاواردنانەیە کە نایەکسانیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە پەرە پێدەداو ژن دەکاتە بوونەوەرێکی پلەنزمو بێدەسەڵات . توندوتیژیو ئاسەوارەکانی کاریگەریی لە سەر ناخ و دەروونو کەسایەتیی ژن دادەنێو دەبێتە کۆسپێک لە سەر ڕێگای بەرەوپێشچوونو هەنگاونان بەرەو داهاتوو. کۆمەڵگای ئەمڕۆی مرۆڤایەتی پێویستیی بە هێزو توانای هەموو تاکەکانو بەتایبەتی ژنان هەیە تا کۆمەڵگەیەکی یەکسانو بە دوور لە هەر چەشنە جیاوازیو توندوتیژییەک دابمەزرێنێ. بۆیە ناکرێ لە کاتێکدا کە ژنان هێشتا بەرەورووی توندوتیژیو سوکایەتیو هەڕەشە دەبنەوە، چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێ کە چالاکانە لە هەموو بوارە کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگیو کەلتوورییەکاندا بەشدار بن، بۆ بەشداریی هەرچی زیاتری ژنانو بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی یەکسانو هەروەها بۆ پەرەوەردەکردنی نەوەیەکی پێشکەوتوو، پێش هەر شتێک پێویستە هەوڵ بدرێ بۆ کەم کردنەوەو سڕینەوەی توندوتیژی لە هەمووکۆمەڵگاکان. ئەمەش لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پێویستیی بە یاسایەکی دادوەرانەو پەروەردەیەکی ئەمرۆییو سەنتەری داڵدەدانی ئەو ژنانە هەیە کە بەرەورووی توندوتیژی دەبنەوەو لە هەمان کاتدا وشیارکردنەوەو دانی زانیاری بە هەموو چینوتوێژەکانو لە هەموو گرنگتر دەورو ڕۆڵی میدیاو ڕاگەیاندنەکانە لەم بوارەدا. بە هۆی ئەوەی لە ئێران، هیچ یاساوڕێساو ناوەندێک بۆ پشتگیری لە ژنان نیەو لە هەمانکاتدا میدیا لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی دژە ژنی ئێرانە، بە شێوەی پراکتیک لەمبارەیەوە کارێکی چروپڕ بەڕێوە ناچێ. هەر لێرەوە ڕوو دەکەینە هەموو میدیاو ڕاگەیاندنی کوردیو داوایان لێدەکەین هەستن بە جێبەجێکردنی ئەم ئەرکەو هەوڵ بدەن بە دەرخستنی لایەنە نێگەتیڤو ناحەزەکانی توندوتیژی دژی ژنانو وشیاریو زانیاری بڵاو بکەنەوەو ڕۆڵی گرنگی خۆیان لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازیی ژناندا بگێڕنو پرسی ژنو کێشەکانی نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕیزی یەکەمی ئاجێندای کاری خۆیاندا دابنێن. لە هەمانکاتدا هاوکاریو لێک نزیکبوونەوەی ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بوونی پلاتفۆرمو بەرنامەی هاوبەش بۆ چارەسەری پرسی ژنی کورد بە گرنگ دەزانینو یەکدەنگیو یەکگرتوویی ریزەکانی ژنان، هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەر خستنی پرۆسەی یەکسانیخوازی .

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات

کومیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

ژنانی یەکیەتیی دیموکراتیکی کوردستان



# پـــەیامی ســـەرجەم ڕێکخــــــــــراوە سـینفیی‌ەکانی حیزبــی دێمـوکڕاتی کوردسـتان بـــە بۆنـــەی 26ی سەرماوەز

هاوڕێیانی ئازیز

## کـادرو پێشـمەرگە خۆشەویسـتەکانی دێموکڕات

پێشمەرگە ڕۆڵەی گەلەو گەلیش ڕۆڵـەی خـۆی خـۆش دەوێ‌و ئەمەگناسـانە لـەو مانـدووبوون‌و لەخۆبووردوویی‌یـــە دەڕوانـــێ. هاوڕێیـــانی خۆشەویسـت! لـەپاش تێپـەڕبوونی 67سـاڵ بەسەر کۆماری کوردستان‌داو تێپەڕکردنی دەیان قۆناغی پڕ لـە کەندولەنـدو هەڵـدێر گـەلی کـورد بەخۆبەخشـی‌یەوە نـەک لـە بەرامبـەر دوژمنـی داگیرکـەردا چـۆکی دانـەداوە بـەڵکوو لەهـەموو کات پتر ئامادەیە بەرپەرچی دوژمنان بداتـەوەو بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خەبات بکا. ناوی پیرۆزی پێشمەرگە یادگاری سـەردەمی زێڕینـی کۆمـاری کوردسـتانە کـە لەسـایەی هۆشـیاری‌و ژیریی ڕێبەرانی کوردو کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممـەد لەسـەر گیان‌فیـداترین ڕۆڵـەکانی کـورد دانـراوە. هێـزی پێشـمەرگە ئـەو هێزەیـە کـە ئامانج‌داربوون‌و بەدیسیپلین‌بوون‌و باوەڕی بـەرزی بە ئـازادی کوردسـتان بەئاشـکرا لـە هـەموو هێزەکـانی پێشـووتری کـوردی جیـا دەکەنـەوە. بەختەوەرانـە ئـەمڕۆ پێشـمەرگە هـەر وەک جـاران بۆتـە قـەڵای دوژمن‌بەزێن. بەخۆشی‌یەوە ئێستا ئاستی هۆشـیاریی نەتـەوەی کـورد ڕۆژبـەڕۆژ لـە گەشەئەسـتاندن‌دایەو هەزاران تاکی کورد قۆڵی هیممـەتیان هـەڵ ماڵیوەو هەریەکـەی لـە بوارێکـدا لـە هـەوڵی مسـۆگەرکردن‌و چەسـپاندنی مافـە ڕەواکـانی گـەلی کـورددان، ئیستاکەو لەو سەردەمەدا ڕۆڵـی پێشـمەرگەو ئـەرکی سەرشـانی پێشـمەرگە پتـر بـووەو ئاسـتی چاوەڕوانی‌یەکان زیاتر چۆتـە سـەرێ. بەختەوەرانـە لەگەڵ چوونەسـەری ئاستی چاوەڕوانی‌یـەکان هێـزی پێشـمەرگەش هـەردەم لـە هـەموو بوارەکـان‌دا لەگەشەدایەو دوژمنانی کوردیش بە هەستکردن بەم ڕاستی‌یە لە هەموو کات پتر لـە هـەوڵی پیلانگێڕی‌و ئاژاوەنانـەوەدان. بـەڵام پێشـمەرگە قوتـابیی پێشـەوایەو لـە مامۆسـتاکەی فێـری گیان‌فیـدایی بۆ گەل بووە، پێشمەرگە قوتابیی قاسـملوویەو بـاوەڕی بـە نوێبوونـەوەی بـەردەوام هەیـە، پێشـمەرگە قوتـابیی شـەڕەفکەندی‌یەو پشـتی بـە ئـەزمونی دەوڵەمەندی گەلەکەی ئەستوورە. ئـەمڕۆ کوردسـتان بـە هەلومـەرجێکی هەسـتیارو ناسـکدا تێدەپـەڕێ‌و لەو بارودۆخەی ئێسـتاش‌دا هۆشـیاری‌و قۆسـتنەوەی دەرفەتـەکان‌و یەکیـەتیو یـەکگرتوویی هـەموو هێـزە کوردی‌یەکان بنەماو بڕبڕەی پشـتی سـەرکەوتنمانە. ئێمە وەک پێشمەرگەو ئەندامانی سەرجەم ڕێکخـراوە سینفی‌یەکانی حیزبـی دێمـوکڕاتی کوردسـتان وێـڕای پیرۆزبـایی گـەرم لـە هـەموو پێشـمەرگەکانی کوردستان‌و بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردسـتان لـەم ڕۆژە پیـرۆزەدا ئاواتـەخوازین هـەموو هێـزە کوردی‌یـەکان زیـاتر هـەوڵی هاوکـاری‌و یـەکگرتوویی بـدەن‌و دڵـی خـەڵکی کوردسـتان شـاد بکـەن. بـەو ئاواتـە کـە ئـاواتی بـەرزی شـەهیدەکانمان کـە ڕزگـاریی کوردسـتانە هـەرچی زووتـر وەدی بـێ. پیرۆزبـێ 26ی سـەرماوەز ڕۆژی پێشـمەرگەی کوردستان

**یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان**

**یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**یەکیەتیی خوێندکارانی کورد**

**ئەنجومەنی بەرگریی لە زیندانیانی سیاسی**

**26ی سەرماوەزی 1391ی هەتاوی**

**2012/12/16ی زایینی**



# ڕێگەکانی تێگەیشتنی خێزان

و. عەباس حەقبین

کاتێک هاوسەرەکەت لەپێش ئاوێنە ڕاوەستاوە، بە زمانێکی خۆش لەگەڵی بدوێ‌و تاریفی بکە، ئەم کارە هەستی بڕوابەخۆبوون لەودا بەرز ئەکاتەوە، هەرچەندە ئەم قسانە بە قسەیەکی ئاسایی چاو لێ‌بکرێن.

**ڕازی دەروون:** ئەو هاوسەرانەکە ڕازی دەروونی خۆیان دەشارنەوە، ڕەنگە بەم شێوەیە ڕاهاتبن. با ئەوکاتەی ئەوان پێداچوونەوە بەسەر ئەو فکرەیاندا دەکەن، وا نەزانن ئێوە نهێنی‌پارێزی نازانن.

**ڕووشکێنی:** ڕووشکێنی‌و بێدەنگکردن یەکێکی دیکە لەوشتانەیە کە بە بەردەوامی دەبێ هاوسەران خۆیانی لێ‌بپارێزن.

**هاوسەری بەڕێز:** پێویستە بزانی کە تەلەفونکردنی هەستبزوێنی ئێوە بۆ هاوسەرەکەتان لەڕۆژدا تەنیا جارێک، هەموو ماندوویەتیی ئەو ڕۆژە لە لەشی دەردەکا، بۆیە ئەمەش خاڵێکی گرینگە کە لە ماوەی ڕۆژدا پێویستە بەڕێوە بچێ.

**درەنگ‌هاتنەوە:** هاوسەرانی بەڕێز! تەلەفونکردنێکی ناقابیل بۆ ئاگادارکردن لە دەرەنگ هاتنەوەت، بەسە بۆ ئەوەی هاوسەرەکەت هەست بە ڕێزو نرخی خۆی بکا.



**کڕینی گوڵ:** کڕینی گوڵ کارێکی زۆر باشە، بەڵام کە هاوسەرەکەت چاوەڕوانی نەکا، سەدهێندە هەستبزوێنترە.

**نیگای گەرم:** کاتێک دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵ، بەردەوام سەرقاڵی تەلەفونەکەت مەبە، کەمێک هێمنی بدە بە مێشکت.

**ترس لە گۆڕان:** وشکو ئیداری هەڵسوکەوت مەکەن. لەگۆڕان مەترسن، بەپێی عادەتی ڕۆژانە مەڕۆن تاوەکوو ژیانتان هەستو ئێحساسی تێدا بێ.

قەڵەویی هاوسەر: وەختێک هاوسەرەکەت ئەڵێ: قەڵەو بووم، هیچکات مەڵێ، وایە قەڵەو بوویو پێویستە خۆت بپارێزی. بە هاوسەرەکەت بڵێ: ئەتۆ هەرچۆنێک بی ئەمن خۆشم دەوێی.

**گریانی هاوسەرەکەت:** وەختێ هاوسەرەکەت دەگری پێی مەڵێ: دیسان وەک منداڵان دەگری. لەمجۆرە کاتانەدا، لە ئامێزکردن کارێکی باشترە، لەم کاتەدا هەست بەوە دەکا کە کەسێک هەیە لە خەمەکانیدا پشتی پێ ببەستێ.

سەرچاوە: گۆڤاری خانەوادە، ژ:208

## پەیامی هاوخەمیی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان لەگەڵ کەسوکاری قوتابییانی شیناوێ

زۆر بەداخەوە بۆ ڕوودانی کارەساتی سووتانی قوتابخانەی بنەڕەتیی شیناوێی پیرانشار کە تێیدا نزیک بە چل کیژۆڵەی قوتابی بوونە قوربانیی خەمساردییەکانی وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان . جێگای داخە کە لەم ڕووداوەدا دوو قوتابی بە ناوەکانی ئیلهام ئیسماعیل پوورو سەیران یەگانەی تەمەن 10 ساڵ بە هۆی زۆریی سووتانی جەستەی ناسکیان ماڵاوایییان لە ژیان کرد. کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان وێڕای سەرەخۆشیکردن لە کەسوکاری ئەو دوو پەپوولە جوانەی کوردستان کە بوونە قوربانیی نەبوونی سەرەتاییترین ئیمکاناتی هەر قوتابخانەیەک ، هیوای چاک بوونەوە بۆ قوتابییەکانی دیکەی ئەم ڕووداوە واتە کارەساتی گڕگرتنی قوتابخانەی شێناوێ دەخوازێ‌و داوا لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکا کە بە دەنگی بانگەوازی چالاکانو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێنو ڕۆژی پێنجشەمە 23ی سەرماوەزی 1391ی هەتاوی بەرامبەر بە 13ی دیسامبری 2012 لە گۆرستانی شیناوێ بە مەبەستی هاوخەمیدەربڕین لە گەڵ کەسوکاری قوربانییانی کارەساتی قوتابخانەی شیناوێ کۆ ببنەوەو پشتگیری لە داوای ماتەمینی گشتی بکەن کە جیا لە هاوخەمی لە گەڵ کەسوکاری قوربانییەکان بە جۆرێک ڕەخنەگرتنە لە سیاسەتی هەڵاواردنو جیاکارانەی کۆماری ئیسلامیە بەرانبەر خە ڵکی کوردستان دا

کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان

22ی سەرماوەزی 1391ی هەتاوی

# دیاردەی زەماوەندی زۆرەملی

ئا: خەدیجە پوورمەند

زەماوەندی زۆرەملی دیاردەیەکی ناسەردەمیانەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە ئەم کردەوەیە بۆ هەردوو ڕەگەز نەهامەتی‌و خەسارە بە واتایەکی دیکە بەزۆرژنهێنان بۆ کوڕان هەر وەک ئەوە وایە کە بەزۆر کچ بەشوو بدرێ. بەڵام، تا ئێستا لەم بارەیەوە کەم بابەت نووسراوە. بۆیە دەمەوێ باسێک لەم لایەنەی ئەم دیاردەیە بکەم. زۆر جار کوڕێک ناچار کراوە کچێک بێنێ کە هیچ خۆشی نەویستوەو دڵی لای کچێکی دیکە بووە، بەڵام بە چەند هۆکاری وەک ژنبەژنە، بەرخوێن، گەورەبەبچووک، خزمایەتی، یان ئەوە کە دایکوباوک پێیان خۆش نەبووە کوڕەکەیان ئەو کچەی خۆشی‌دەوێ بی‌هێنێ، بەبێ مەیلی ئەوو بێ‌لەبەرچاوگرتنی هەستو سۆزی ئەو ناچاریان کردوە ئەو کچە بێنێ کە خۆیان بۆیان دەست نیشان کردوە. نموونەی ئەو پیاوانە زۆرە کە ئاوایان ژیانی هاوبەش پێک هێناوەو هیچ کات نەیانتووانیوە بۆ چرکەساتێکیش ئەرکو ژیانەکەیان خۆش بوێ. بە بڕوای من ئەو ژیانە بۆ ئەو پیاوە هەروەک دۆزەخ وا بووە چونکە هیچ فەرقی نیە دەگەڵ ئەو کچانەی کە بەزۆر دەدرێ بە کوڕانێک کە خۆشیا ناوێن. بۆچوونی دوو هاوڕێی پیاو لەسەر ئەم باسە وەردەگرم کە ئەمەی خوارەوە دەقی ئەو دیمانەیەیە.

ئەحمەد مەکلاوەیی: لەساڵانی ڕابردوودا بەزۆربەشوودانی کچانو خواستنی ژن بۆ کوڕان گەلێک باو بوو. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تا ڕاددەیەک ئەمە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواری‌دا کەم بۆتەوە. بەو حاڵە ئێستاش زۆر جاردەبینرێ کە لە زۆر شوێن‌و بنەماڵەو عەشیرەتدا بە زۆری ژن بۆ کوڕەکانیان دێنن کە جاری واهەیە کچەش هەر ناڕازیەو لێرەو لەوێش نای‌شارێتەوەو باسی ژیانی ناخۆشی خۆی بۆ خەڵک دەکا. ئەم دیاردەیە بۆ کوڕان دیاردەیەکی گەلێک ناخۆشەو لەئاکامی ئەوەدا پاش لێکەوتنەوەی چەند منداڵ سەرەنجام ژن‌و مێرد لێک جیا دەبنەوە کە ئەمە تەئسیری خراپ لەنێو کۆمەڵگادا دادەنێ‌و کێشەی بنەماڵەو عەشیرەتو تایفەی لێ‌دەکەوێتەوەو کۆمەڵگای کوردەواری بەرەو ئاڵۆزبوون دەبا. لە لایەکی دیکەوە ئاکامی خراپی ئەو دیاردەیە ئەوەیە کە نەکوڕو نەکچ بەچاوی خۆشەویستی ناڕواننە منداڵەکانیان‌و بیری ناسالم لەلایان دروست دەبێ‌و هیچ حەول بۆ ژیانی ئارام‌و خۆشی خۆیان‌و منداڵەکانیان نادەن. بۆ بنبڕکردنی ئەم بۆچوونە دواکەوتووانەیە، پێویستە نوخبەو ڕووناکبیرو مشوورخۆرانی کۆمەڵگای کوردەواری بکەونە خۆو هەنگاوی جیددی هەڵبگرن.

ئەحمەد سادق پوور: بەڕاستی ئەو جۆرە ژنهێنانە بۆ کوڕەکانیش لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا هەروەک بۆ کچان زوڵم‌و غەدر بووە کارێکی خەراپە. چونکە زۆر جار کوڕە دڵی داوەتە کچێکی دیکە. چ کچ بەزۆر بەمێرد بدرێ‌و چ‌ژن بەزۆری بۆ کوڕ بێنن بەبڕوای من هیچ فەرق ناکا.

زۆر بنەماڵە (دایکو باوک) هەوڵیان دەدا کوڕەکانیان زوو ژن بێنن‌و هەرچی زووتر ببنە خاوەن‌منداڵ بە تایبەت کوڕ چونکە دوعای ژنان ئەوە بوو کە بەژن‌و مێردیان دەگوت بە بابی یان بە دایکی کوڕان بی. یان خودا کوڕانت بداتێ. دیارە تاقە تاقە هەبوون دەیانگوت خودا ئەولادی ساڵحت بداتێ ئەوانە ڕێژەیان زۆر کەم بوو. لێرەدا ناچارکردن یان بەزۆرژن هێنان بۆ کوڕ لە کۆمەڵگای ئێمەشدا باو بووە. زۆرتر بۆ بەهێزبوونی بنەماڵە ئەوە دەکرا. بە قەولی ئەوکات تا کوڕوکاڵ زیاد بێ بنەماڵە دەوڵەمەندترە چونکە بەشی کچ چوونەدەرەوە لەماڵی بابی بووەو بەداخەوە هەروەک مڵکی خەڵک چاویان لێ‌کردوە.

تێبینی: بەڕێزان ئەحمەد مەکلاوەیی‌و ئەحمەد سادق‌پوور لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان.

# ژن و نووسین لە قەیرانی کۆمەڵگادا

ن. کەژاڵ ئیسماعیل

ڕۆژێک لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی کە ئەوکات یاریدەدەری بەڕێوەبەر بووم، لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی ژنو پیاو دانیشتبوومو، دیالۆگمان لەسەر شێعری نیشتمانی بۆ منداڵان دەکرد. هەر لەوێ، منیش پارچە شێعرێکم خوێندەوە کە لە سەر یادی نەورۆز نووسیبووم.

دوای خوێندنەوەی شێعرەکە، یەکێک لە مامۆستا ژنەکان پرسیاری کرد: ئەمە شێعری خۆتە؟ گوتم بەڵێ. گوتی: جا ئەتۆ چکارت داوە بە سەر شێعرنووسینەوە! لە وەڵامدا گوتم: ئەمن هەر لە منداڵیمەوە وەک ئارەزوویەک خولیای شێعرمو، هەرچی بە بیرمدا بێ دەی‌نووسم. نەی‌هێشت باسەکەمی بۆ تەواو بکەم، هەڵی‌دایەو گوتی: «کچێ دانیشە ئەتۆ چیت داوە لە شێعرنووسین».. وەک کەسێکی نەشارەزاو خاوەن‌بیرێکی تەسک کە گوایە ژن کوا دەزانێ شێعر بنووسێ، یان وشە لە شێعری شاعیرە پیاوەکان وەربگرێ، درێژەی بە قسەکانی دا. بەڵێ بەداخەوە ئەمە کورتەی بچووکترین ڕووبەڕووبوونەوەم بوو، ئەوە جگە لەوەی کە چەند جاری دیکە، کەسانی ئاوا ڕۆشنبیر بەو شێوازەو بگرە زەقتریش باسیان لە مەحکوومکردنی نووسینی ژن کردوە کە هێندێکیان بۆخۆشیان ژن بوون. جا کە ئەمە هەڵوێستی ئەم جۆرە مامۆستاو ڕۆشنبیرانە بێو، نووسینی شێعر لە لایەن ژنانەوە بە کارێکی ناشیرینو کاتبەفیڕۆدان بزانن‌و پێیان‌وابێ ژنان تەنها کارو ئەرکیان دەبێ لە چوارچێوەی ماڵو بەڕێوەبردن‌و پەروەردەکردنی منداڵدا بێ، ئەی دەبێ هەڵوێستی‌نەخوێندەواران و کەسانی دوور لە شارستانی چی بێو چۆن بڕواننە ژنان‌و بەهرەمەندیی وان لە بواری شێعرو ئەدەبدا؟!

هەڵبەت ژنی کورد کە لە کۆمەڵگایەکی بەدەر لە بیری فراوانی شارستانێتی‌دا دەژیو بە گوێرەی کەلتووری دواکەوتوو و بیری توندڕەوی پیاوسالاری هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ، تەواوی ئارەزوو و بەهرەمەندی‌یەکانی دەخرێتە لاوە. هەر بۆیەشە، تائێستا وەک پێویست نەی‌توانیوە لەم قەیرانە دەرباز بێو ئەو تۆقو بازنەیە بشکێنێ کە بە واقیعێکی ڕەشبینی‌و بێبەری لە مەدەنیەتو دوور لە ڕەوشتو خوازە ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و فکری و ئەدەبی‌یەکانەوە تەنراوە لێی دەرباز بێ! بەدەر لە پابەندبوون بەو قەیرانەوە لە هەموویان ڕەشترو خراپتر بۆ گیانی ژن، (پیاو سالاری) و جوداکردنەوەی قودسییەتی ڕەگەزایەتی لە نێوان نێرو مێدایە. بە واتایەکی دیکە، دروستکردنی شوورەو دیوارێک لە نێوان بەهرەکانی ژنو پیاودا، خۆی لە خۆی‌دا بەربەرەکانی‌و ململانێیەکی گەورەی لە نێو کۆمەڵگادا دروست کردوە کە قەرەبووکردنەوەی ئەو تاوانە گەورەیەش هەروا لە ئەستۆی ژندایە. بەڵام ژن خەمساردو خاکەسارانە بەرانبەر بەم واقیعە تاڵو سەختە، دەستەوستان چاوەڕێی دەرفەتەو دوور لە بوێری‌و ئازایەتی ڕەفتار دەکات؛ پێی‌وا نیە کە خۆی دەبێ خەمخۆری دەستەبەرکردنی ئازادیی بیرو ڕادەربڕین بێو هەر بۆخۆشی داکۆکی لە قەڵەمی خۆی بکا. ئەگەرچی دەیان خانمی بوێرو بە توانا هەن کە قەڵەمیان وەک نووسەر لە بوارەکانی ئەدەبدا لە کاردایە، بەڵام بەداخەوە لە چاو کۆمەڵگایەکی هەراوو فراوانی وەک کۆمەڵگای کوردەواریی ئێمە، ژن وەک نووسەرو شاعیر هەم لە ڕووی ژمارەو هەم لە ڕووی بابەتو بەرهەمەوە زۆر کەمەو، لە ئاست قەیران‌و گەندەڵیی کۆمەڵگادا لە بازنەیەکی قەتیس‌ماودا ماوەتەوە، بۆ نموونە: زۆر کەس پێیان‌وایە ژن تەنها دەبێ خۆی بۆ نووسینی چەند بابەتی دیاریکراو تەرخان بکاو، ئەگەر خانمێک ئەو بازنەیە ببەزێنێو لە سەر هەستی ژنانەو بەرانبەر بە خۆشەویستی یان ساتێکی جوانی ژیان بنووسێ، ئەوا دەکەوێتە گێژاوی دەیان پرسیاری نەشیاوو تۆقێنەرەوەو بە بەزاندنی سنووری ژنێتی دەدرێتە قەڵەم. کەچی پیاوان بێترس لە قەیران چیان بوێ دەی‌نووسن‌و تەنانەت هەندێجار دێڕە شێعرەکانیان بە جەستەی ژن دەڕازێننەوە. جا چونکە کەلتووری کۆمەڵگای ئێمە سنووردارە بۆ بابەتەکانی شێعر، زۆر کەس پێیان‌وایە ژن دەبێ تەنها شێعر بۆ منداڵو نیشتمان‌و سروشت بنووسێ. بەڵام ئەگەر واقیعی ئەو ڕاستی‌یە یەکلابکرێتەوە ئەوا ژنیش خاوەنی هەستێکی ناسکو پڕسۆزە لە بەرانبەر ژیان‌و، ئەگەر تواناو بەهرەکانی لە پیاو زیاتر نەبێ کەمتر نیە؛ چون ژن سەرچاوەو کانگەی دروستبوونی هەموو جوانی‌و خۆشەویستی‌و ژیانە. پێم‌وایە تەنها چەکێک بۆ بەرەنگاری و دەربازبوون لەو قەیرانە سەپێندراوە بۆ خانمان بوێری‌و نەترسی‌یە لە نووسین‌داو، گوێنەدان بە قەیرانی کۆمەڵو بازنەداخراوەکەیە، بە مەرجێ نووسینەکەی جوان‌و بەپێزو بەدەر بێ لە لادان لە ڕەوشتی کۆمەڵایەتی‌و زمانی ڕەخنەی کوشندەو دوور لە خۆهاویشتنە نێو لایەنێکو خۆهەڵدان..، ئەوسا قەڵەم زمان‌و گوێی ڕاستی‌یەکانی ناخی ژن دەبێو دەی‌کاتە نووسەر یان شاعیر، یان زمانی حاڵی کۆمەڵگا. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە تواناو بەهرەی خۆی پشتئەستوور بێو گوێ نەداتە تانەو توانج لە سەر بابەتەکان‌و لەهەمان کاتیش‌دا گوێ بۆ ڕەخنە شل بکا، چونکە ڕەخنە نووسەر دروست دەکا. ئەگەر کەمێک بۆ مێژووی نووسین بەرەودواوە بگەڕێینەوە ناوی دەیان نووسەرو شاعیری گەورەو بەتوانا هەن کە زۆربەی هەرە زۆریان پیاون کە هەندێکیان تاکوو ئێستا لە دونیای شێعرو ئەدەبدا بە قوتابخانە دادەنرێن‌و تائێستاش شێعرەکانیان بە سەر زاری خەلکەوەن‌و هەرگیز لە یاد ناچن؛ بەڵام ناوی خانمێک لە نێو ئەو پۆلە ئەستێرەدا ورشەی نایەو، وێڕای بوونی ئەو هەموو خانمە قارەمان‌و شاژنە مەزنانەی نەتەوەکەمان کە لە بواری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و نەتەوەیی‌دا شان‌بەشانی پیاو بە گژ نەهامەتیی ڕۆژگاردا هاتوون، زۆر کەم ناوی خانمێک بەرچاودەکەوێ. خۆزیا ناوی دەیان شاعیرو نووسەرو ئەدیبو ڕۆژنامەنووسی ژنیش ئاوا وەک ئەستێرە لە ئاسمانی ئەدەبو نووسین‌دا ورشەدار بوایە. بە کورتی، ئەگەر ئێمە خانمانی خاوەن‌قەڵەم، بوێرانە شان‌بەشانی گەلانی دونیا، بیرو قەڵەممان بکەینە چەکی داکۆکی لە مافەکانمان‌و، چیمان‌دەوێ بێترس لە قەیرانی کۆمەڵگاو تانەو تەشەر بی‌خەینە سەر دێڕەکان، ئەوا ئێمەش لەمەودوا وەک ئەستێرە لە ئاسمانی ئەدەبو نووسین‌دا دەدرەوشێینەوەو جێگەی شیاوی خۆمان لە کۆمەڵگادا دەکەینەوە.

www.gzing.org

# ئەز ڕۆژنامەنووسێکی کوردم



ن. خەبات ڕەسوولی

گرتیانم.

هاتنە ژووریٚ. چاویان کردمەوە. چاوم بە شەوارە کەوتوە. ژوورەکە بە ڕۆژنامە قەلاپەچن کراوە. سێبەرێکی کەتەی بەخۆوە لەبەر دەرگا ڕاوەستاوە، تیشکی پشت سەری نەیدەهێشت دەموچاوی دیار بێ.

تەنیا سێبەرێک بوو. بە سەرمدا نەڕاندی، بە زمانی خۆش بڵێ سەر بە چ لایەنێکی ........ دەکەونە گیانم. بە کێبڵو شەق. گوێم لە دەنگی ناڵەی دیکەشە. چەند سەعاتە تەنیا لێدان. خوێن لە دەمولووتم دێتە خواریٚ. هەست دەکەم دەستو لاقم ئی خۆم نین، لە نێوەڕاستی ژوورەکە کەوتووم. هەروا بە شەق لە زگم هەڵدەدەن. سەرم لە گێژەوە دێ، لە دوورەوە گوێم لە دەنگی زەنا زەنایە. سێبەرەکان دەڕۆنە دەریٚ. لەسەر گازەرەی پشت ڕادەکشێم. هەست بە ڕاکەڕاکەو تەقەتەقێکی زۆر دەکەم. پشێوی دەباریٚ. نازانم چباسە. ترس لە دڵم دەگەریٚ. سێبەرێک دێتە ژووریٚ، چاوی گرە، ڕۆژنامەکان تا بن میچەکە لەسەر یەکتر هەڵچنراون. دەنکە شقارتەیەک دەردێنێ.............. بەدەنگی شقارتەکە دادەچڵەکێم. کابرای سەلمانی دەڵێ: (هەی بێقەزابی مامۆستا گیان، ئەوە بۆ ترسای؟ دەمەوێ ئەو مووانەی پشت گوێچکەت بسووتێنم) چاوم لە دەستە تووکنەکانیەتی، وەرمدەسوورێنن. دامدەنیشێنن، یەکیان ڕۆژنامەیەک هەڵدەگریٚ.

گرتیانی.

پیاوێک لە سێبەرەکان دەڵێ: بیخۆ. نایخۆی. تێت بەردەبنەوە. بە ناچاری دەست دەکەی بەجوینی. تامی ویشکی کاغەزو تاڵایی مەرەکەب لە گەرووی پڕ خوێنت ژەهری مارە. سێبەرەکە دەگوڕێنێ، هەمووی دەرخوارد دەن، هەر هەمووی دەبێ بخۆی. لەسەر سەرت ڕاوەستاون. زگت وەژان کەوتوە. ڕیخۆڵەت ئازارت دەدا. ڕووت تێدەکاو دەڵێ: (زەحمەت نەبێ سەرت داخە. سەرت دادەخەی، دەنگی مقەستەکە لە پشت سەرتو بن گوێچکەتە)

هەرچی هەبوو هەموویان برد. تا نەهاتنە سەرتان نەتانزانی. دەزانن بەرەو کوێتان دەبەن. لەنێو ترومبێلەکەشدا هەر چەپۆکو مستەکۆڵەبارانتان دەکەن. داتاندەبەزێنن. هەمووتان وەبەر باتوومو شەق دەدەن. هەر یەکەتان فڕێ دەدەنە ژوورێکی تاریکەوە. دەرکەتان لەسەر دادەخەن. دەستێک بە جەستەتدا دێنی، دەڵێی تازە سووتاوە. وەستاکە ڕووت تێدەکا: (پیرۆزە). دێیتە دەریٚ. کزەبایەکی سارد هەڵی کردوە. تەزوویەک بەگیانتدا دێ. دەڵێی پۆلوویەکی سارد دەبیتەوە. ئەو ڕۆژەت کەوتۆتەوە بیر کە لە زیندان سەریان تاشی و بەو زستانە حەمامی ئاوی ساردیان پێکردی. کۆتەکەت زیاتر لە خۆت دەهاڵێنی. دەڵێی گوڵی بەفر لە هەناوتدا دەڕوێ.

گرتیان.

پەیژەیەک بەدیوارەکەوەیە. دەست بە پەیژەکەوە دەگرێو دەیەوێ وەسەرکەوێ. پەیژەکە گڕ دەگرێ. گڕ و دووکەڵ هێرشی بۆ دێنن. ئەو خۆی دەگەیەنێتە بەر دەرکە. بە مست لە دەرگاکە دەدا. بە نووزەنووز هاوار دەکا. ئاگر پتر تینی بۆ دێنێ. تاقەت ناهێنێ. بێهۆش دەبێ. ئاگر جەستەی لوول دەدا.

لە ئاوێنەکەی پێش خۆیەوە، سەیری ئاوێنەی پشتەوەی دەکا. ژاوە ژاوی نێو دوکانی سەرتاشخانەکە وەڕەزی دەکا.

- بیبوورە لە سەرتاشخانەم، باش بوو لابتۆپەکەم پێیە، ئاووهەوای لای ئێوە چۆنە؟ تائیستا لێرە باران نەباریوە. ئەو تیشێرتە جوانە چیە لە بەرت کردوە غەزەب؟

لە ئاوێنەکەوە چاوێکی لێ دەکا. کوڕێکی گەنجە بە لابتۆپێکی ڕەشەوە. دەنگی مقەستەکە هەروا لە پشت سەریەتیو ئەویش چاوی لە پەڕۆ سپیەکەی سەر کۆشیەتی، کە پڕ بووە لە قژی ڕەشو سپی.

گوتی: ئەمشەو تا بەیانی دەبێ ڕۆژنامەکە ئامادە بکەین بۆ ئەوەی سبەی بگاتە دەست خەڵکی. گوتی: دەبێ تا دوو حەوتوو کەس لە ماڵی خۆی نەبێ.

هەموو خەریکن. لاپەڕەکان دەستە دەستە دەخرێنە نێو یەکو ڕۆژنامەکان لەسەر یەکتر دادەنرێن.

# ئەو ڕۆژەی کامۆ کۆچی دوایی کرد

و. کەژاڵ عەلا

سیمۆن دۆبۆڤوار بە نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆی کە بەقسەی ڕەخنەگران بە باشترین بەرهەمی ئەدەبی ئەو دەژمێردرێ کاریگەری سەختی ئەنجام داوە. بیرەوەرییەکانی دۆبۆڤوار تەنها ژیاننامەی ئەو نیە، بەڵکوو شیکاریی دەروونیی خودی نووسەرە لە سەردەمی ژیانیدا، کتێبی بیرەوەرییەکانی هەر لەو سەردەمەوە کە کچێکی بچکۆلانەیە تائەو کاتەی جیهانی سەدەی بیستەم ئەوی وەک بیرمەندێکی مەزن بەڕەسمی ناسی لەخۆ گرتوە.

بیرەوەرییەکانی دۆبۆڤوار نیشانگەری نموونەی تەواوی ژیانی هونەری_ ئەدەبی فەرانسەو زۆر لە هەڵبژاردەکانی جیهانی ئەدەبو هونەری هاوچەرخە. سیمۆن دۆبۆڤوار لەبیرەوەرییەکانیدا بەمجۆرە باسی لەڕۆژی مەرگی کامۆ کردوە: پاشنیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی یەک بوو بەتەنیا لەماڵی سارتەر بووم کە تەلەفۆنەکە زەنگی لێدا." لانزمەن" بوو کە هەواڵی دامێ" کامۆ" بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمۆبێلەوە گیانی لەدەست داوە. ئەو کاتێک لەگەڵ هاوڕێیەکیدا لە باشووری فەرانسە دەگەڕایەوە خۆی بە دارچنارێکدا دابوو،و کامۆ هەرلەجێ گیانی سپاردبوو. تەلەفۆنەکەم داخست. قورگم گیرا، لێوەکانم هاتنە لەرزین، بەخۆم گوت، ناگریم ئەو ئیتر بۆمن نەبوو بوو.

تەواوی کات هەر لەلای پەنجەرەکەوە مامەوەو تەماشای " سان ژێرمەن"م دەکرد کە شەو باڵی بەسەردا دەکێشا. لەوکاتەدا زۆر لەوە بێهێزتر بووم کە بتوانم خۆم ئارام بکەمەوە، زۆریش لەوە بێتواناتر بووم کە لە خەفەتێکی قووڵدا خۆم نوقم بکەم..سارتەریش خەفەتباربوو تەواوی شەو ئێمە لەگەڵ "بۆست"دا دەربارەی کامۆ قسەمان کرد. لەپێش خەوتندا حەبی" بەلادۆناڵ"م خوارد. ئەمن لەو کاتەوە کە سارتەر لەژێر چارەسەرکردندا بوو ئیدی لەو دەرمانەم بەکارنەدەبرد. بەڵام ناچاربووم هەرچۆنێک بایە، دەبوایە خەوم لێبکەوتایە، بەڵام بێسوود بوو، هەرچیم دەکرد چاوەکانم لەسەریەک نەدەنیشتن..بەناچاری هەستامە سەرپێ، هاکەزایی جلەکانم گۆڕیو لەماڵ چوومە دەر، کات نیوەشەو بوو کەوتمە پیاسەکردن. ئەمن داخی پیاوێکی پەنجا ساڵانەم نەدەخواردو خەفەتی ئەو پیاوە بێعەدالەتەشم نەدەخوارد کە خاوەنی فیزیکی ئاوێزان بە بەدگومانیو تەواو شاراوە لەپشتی ڕووپۆشەوە بەقایلبوونی ئەو بە تاوانەکانی فەرانسە ئەوی لەدڵم سڕیبووەوە.

ئەمن داخی یارو هاوەڵی ساڵانی ئومێدەواریم دەخوارد کە بەڕووی بێڕووپۆشەوە ئەوەندە دەمبەخەندەو باش پێدەکەنی.من داخو پەژارەی نووسەرێکی لاوی کۆششکارم دەخوارد کە عاشقی ژیانو خۆشییەکانی، سەرکەوتنەکانی، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، عیشقو شادمانی بوو. ئەو ئیدی دوێنێو پێرێ لەلای وجودی نەمابوو. خۆشەویستیم بۆ کامۆ بەڕادەیەک بوو کە لەونیوە شەوەدا بەئاشکرا پێمەوە دیاربوو. یادەکانی یەکبەدوایەکدا دەهاتنەوە یادمو دەبوون بە ئازارێکی سەخت.هەمیشە کە پیاوێک دەمرێ یان منداڵێ یا نەوجەوانێ، کەسانی نزیکی مردووەکە لەبەر ئەوەی عەزیزێکیان لەدەست داوە بۆی دەگرینو وا هەست دەکەن کە ئیدی گەنجێتییان لەگەڵ ئەودا بەخاک دەسپێرن.

باران نمنم دەباری، هەوا سارد بوو. لەپەناو قوژبنەکاندا، خەڵکانی بێئەنواو پەژاری سەر شەقامەکان لەبەر سەرما هەڵترووشکابوونو خەوبردبوونیەوە. لەو شەوە تارەدا بینینی هەموو شتێک دڵمی شەقارشەقار دەکرد. ئەم بێئەنوایانە، ئەم نەگبەتییە، ئەم شارە، دنیا، ژیانو مەرگ.

کاتێک بەخەبەر هاتمەوە بیرم لەوە دەکردەوە کە ئەو ئیدی ئەم بەیانییە نابینێ. ئەمە یەکەم جار نەبوو کە ئەمەم بەخۆم دەگوت، بەڵام هەموو جارێ وەک ئەوە وابوو یەکەم جارم بێ ئەمە بڵێم. بیرم لەوکاتە دەکردەوە کە "کایات" هاتو دەربارەی سیناریۆ قسەمان دەکرد. ئەو گفتوگۆیە تەنیا هەر گفتوگۆیەکی ئاسایی بوو. بەڵام ئێستا کامۆ لەجێی ئەوەی کە تەرکی دنیای کردبێ، بەهۆی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە کە بەرۆکیی گرتبوو ببووە بابەتێکی بایەخداری جیهانی. بەڵام ئیدی ئەمن بە چاوی نوقاوەوە نەبووایە نەمدەتوانی ئەو ببینم. بەرەولای ئەو دەچووم ئەو جێیەی کە ئیدی هیچ شتێکی تێدا نەمابوو، ئەمن بەحەپەساویو خەمباری

خۆم بە نەبوو دەبینییەوە. لەنێو ئەو هەموو شتانەی هێشتا هەبوون هەستم بە بوونی خۆم نەدەکرد..تەواوی ڕۆژەکە لە ئەزموونێکی مەحاڵدا دەتلامەوە. ئەودیوی نەبوونی خۆمم لەمس دەکرد.

بەرنامەی ئەو شەوەم ئەوە بوو کە بچم بۆ تەماشای "هاوڵاتی کین". پێشوەخت گەیشتمە سینەما لەبەر ئەوە چوومە قاوەخانەکەی تەنیشت شەقامی ئۆپێرا دانیشتم. خەڵکی بێبایەخدان بەناوونیشانە گەورەکەی سەردێڕی بەرگی یەکەم لەگەڵ وێنەکەی کامۆدا کە دانرابوو وەخت بوو منیان کوێر دەکرد، ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە. بیرم لەو ژنە دەکردەوە کە کامۆی خۆش دەویستو بەبینینی ئەم هەموو وێنەیە ڕادەچەڵەکێو عەزاب دەچێژێ کە لەهەموو گۆشەو کەنارێکی شەقامەکاندا هەڵواسرابوون. ئەم وێنەیە پێیدەچێ هەربەو ئەندازەیە کە پەیوەستە بەو ژنەوە بەهەموانەوەش پەیوەست بێ. بەڵام خۆ وێنەکە ناتوانێ ئەم پەیامە بەو ژنە ڕابگەیەنێ.

ئەو زۆرنایە کە دەردەدڵو نائومێدیی شاراوەی ناخی مرۆڤەکانی بەبا دەدا ئیدی بەلامەوە شتێکی دەستکرد بوو."میشێل گالیمار" بەقورسی بریندارببوو.ئەو لە ئاهەنگەکانی ساڵی "1944 و 1945" ی ئیمەدا ئامادە بوو. بەڵام ئێستا میشێلیش کۆچی دوایی کرد. "ڤیان"، "کامۆ"، میشیل" زنجیرە مەرگیان دەست پێکردبوو کە تا مەرگی خودی منیش کە درەنگ یان زوو لەناکاو بە ئیجباری بەرۆکم دەگرێ بەردەوام دەبێ.

سەرچاوە:

سایتی کوردستان نێت

# ژن ئەستێرە

عادیلە خانم ساڵی ١٨٥٩ لە شاری سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، ژنێکی دەسەڵاتدارو کارگێڕی هۆزی جافو هاوسەری عوسمان پاشای جافو کچی عەبدولقادر بەگی ساحێبقرانو دایکی ئەحمەد موختار جافو تاهیر بەگی جاف دوو شاعیری ناودار بووە، لە ڕۆژگاری خۆیدا ئینگلیزەکان پێیان گوتوە شاژنی بێ تاجی شارەزوور.

بنەماڵەی عادیلە خانم لەدوای تێکچوونی فەرمانڕەوایی میرنشینی بابان لەساڵی ١٨٥١ دا لە شاری سلێمانی-یەوە چوونەتە خاکی ئەردەڵانو عادیلە خانم لەساڵی ١٨٥٩دا لە شاری سنەی پایتەختی ئەردەڵان لەدایک بووە. بنچینەی خوێندنی قورئانی لەسەردەستی مامۆستای تایبەتی وەرگرتوە، ساڵی ١٨٩٥ لە هەڵەبجە بووەتە هاوسەری وەسمان پاشای جاف.

لەدوای مەحمود پاشای جاف، سەرۆکایەتیی هۆزی جاف دەکەوێتە ئەستۆی عوسمان پاشاو عادیلە خانم دەبێتە یارمەتیدەرێکی کارای هاوسەرەکەی، کە عوسمان پاشا پیر دەبێو هەروەها لەدوای مردنیشی لەساڵی ١٩٠٥ دا، عادیلە خانم هەموو کاروباری هۆزی جاف بەڕێوە دەباو ناوبانگی لە هەموو ناوچەی شارەزوورو هەورامانو شوێنەکانی دیکەی باشووری کوردستان بڵاو دەبێتەوەو ڕێزێکی زۆری لەنێو خێڵەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێو فەرمانی جێبەجێ دەکرێ. عادیلە خانم بەندیخانەی تایبەتی دروست کردبوو بۆ بەندکردنی ئەو تاوانبارانە کە فەرمانی بەسەردا دەدان.عادیلە خانم زۆر حەزی بەئاوەدانیو پێشخستنی زانستو خوێندەواری کردوە. قوتابخانەو بازاڕێکو چەند باڵەخانەی گەورەی لە هەڵەبجە بنیات ناو لە گوندێکی بچووکەوە کردیە شارێکی ئاوەدانو گەلێک باخو سەیرانگەی جوانو دڵگیری لێ دروست کردن.



عادیلە خانمی هەڵەبجەیی

عادیلە خانم لە ١٩/٧/١٩٢٤ دا و لەتەمەنی ٦٥ ساڵیدا لەشاری هەڵەبجە کۆچی دوایی کردو لەگۆڕستانی عەبابەیلێ-ی نزیک هەڵەبجە نزیک گۆڕی تاهیر بەگی کوڕیەوە نێژرا، پاشان ئەحمەد موختار بەگی کوڕیشی لە پاش شەهیدبوونی نزیک بەوان بەخاک سپێردرا.

محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئاماژەی بەهەڵکەوتوویی و هۆشیاریی خانمو کاریگەریی لەسەر مێردەکەیو عێلەکەیو تێکڕای ناوچەکەدا کردوە، هەروەها بەبایەخەوە ئاماژەی بەتوانای خانم لە بواری شارستانیو بیناسازیو کاروباری فەرمیو کۆمەڵایەتیو خێڵەکیدا داوە. ئەدمۆندز باسی لەوە کردوە کە گشت دەسەڵاتی وەسمان پاشا، لە پاش مردنی، کەوتوەتە دەستی خانمی ژنی کە لەڕاستیدا شاژنی تاج پێنەدراوی شارەزوور بووە. ئینگلیزەکانیش لەلایەن خۆیانەوە نازناوی بەرزی هیندیی "خان بەهادوور"یان پێ بەخشیوە. مینۆرسکی ئاماژەی بەدیتنی خانم لە هەڵەبجە (لە ساڵی ١٩١٤دا) کردوەو بەفەرمانڕەوای ڕاستەقینەی هەڵەبجەی، لە پێشو پاش مردنی مێردەکەی داناوە، هەروەها ستایشی سەخاوەتو میوانداریی ئەو ژنە کوردەی کردوە.

مێجەر سۆن کە بەشێوەی بازرگانێکی فارسو بەناوی "غولام حوسێن شیرازی"یەوە ساڵی ١٩٠٩ سەردانی هەڵەبجەی کردوەو پتر لە شەش مانگ لە ماڵی خودی وەسمان پاشادا، نزیک لە عادیلە خانو تاهیر بەگی کوڕی ، ماوەتەوە، بیرەوەریو باسێکی گرنگی لەوبارەیەوە لە کتێبە ناودارەکەی (گەشتنامە) دا تۆمارکردوە.

# کاریگەریی جووڵە وەرزشییەکان لە سەر ژنانی دووگیانو منداڵەکەیان

و: نەسرین یووسف زادە

ئەمرۆ بە تەواوی ئاشکرا بووە کە وەرزشو جووڵەی لەشو پاراستنی پاکوخاوێنی لە ماوەی دوگیانیدا نەتەنیا بۆ دایکان باشە بەڵکوو لەسەر سڵامەتیی منداڵەکەشیان کاریگەرە. جووڵەی وەرزشی بەتایبەت لە ماوەی دووگیانیدا دەبێتە هۆی زیادبوونی گەرانی خوێن لە لەشو بە تایبەت لە منداڵدانیدا دەبێتە هۆی زۆربوونی گەرانی خوێنو خواردنی باش دەبێتە هۆی گهیشتنی ئۆکسیژن بە دەمارەکان کە گرینگترینێیان بەشی مێشکی منداڵەکەیە.






ئاسانیی منداڵبوون کاتێک بە جوانی روو دەدا کە ژنان بتوانن بەرنامەو دەستووری تایبەت بە وەرزش لە ماوەی دووگیانیدا بە جوانی بەرێوە بەرنو باشترین رێگا بۆ یارمەتی بەو بەرنامەیە ئەنجامدانی بەردەوامی جووڵە وەرزشییەکانە کە دەبێ لە رۆژدا 5 تا 20 خولەک بێ کە بە کەڵک ترینو گرینگترینی ئەوانە جووڵەی هەناسەکانە کە ژنی دووگیان بۆ چەند خولەک بە حەسانەوەیەکی باش ناچار دەکا.

لە روانگەێ دەروونییەوە جووڵەی وەرزشی دەبێتە هۆی ئەوە کە ژنی دووگیان بە باوەربەخۆبوونێکی دەروونی زۆرەوە منداڵەکەێ ببێ. ئەو ژنانەی لە ماوەی دووگیانیدا جووڵەی وەرزشی ئەنجام دەدەن کەمتر سکاڵایان لە پشتئێشە هەیەو ئەو ماوەیە بە سانایی تێدەپەرێنن چونکە دەمارەکانی زگیان بەهێزتر دەبنو لە ئاکامدا منداڵەکە بەرەحەتی هەڵدەگرن.

**لە بارەی منداڵبوونەوە دوو روانگە هەن:**

بەپێی بەدواداچوونێک لە بابەت چونیەتیی ئەنجامی جووڵە وەرزشییەکان لە ماوەی دووگیانیدا ئاوا دەرکەوتوە کە ژنان بە هوی ئەوەی لە چوار مانگی یەکەمدا منداڵەکە بە جوانی بە منداڵدانی دایکییەوە نەنووساوە، دەبێ لە جووڵە وەرزشییە قورسەکان وەک: هەڵگرتنی شتی قورسو بازدانو خلیسکێن لەسەر سەهۆڵ کە لەوانەیە ببێتە هۆی جووڵانەوە یان هاتنەخواری منداڵەکە یان منداڵدانی ژن، خۆ بپارێزنو بە هاوفکریوەرگرتن لە دوکتۆر دەست بە جووڵە وەرزشییە سوکو ساناکان وەک ژیمناستیک بکەن. لە بەینی مانگی چوارەم تا مانگی حەوتەمی دووگیانیدا ژن دەتوانێ دەست بە جووڵە وەرزشییە سووکەکان بکات لە حەوتووەکانی ئاخردا تەنیا جووڵە ژیمناستیکییەکان لە ژێر چاوەدێریی پزیشکدا بکا بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئاسانبوونی منداڵبوونەکە.

به کورتی ئاماژە بە چەند جووڵەی وەرزشی دەکەم کە بۆ ژنان لە ماوەی دووگیانیدا باشن:

بازدانی سووک لە مانگەکانی یەکەم تا نیوەی مانگی شەشەم.

چالاکییە وەرزشییە سووکەکان لە مانگی یەکەم تا مانگی پێنجەم باشن.

سەفەری ماوەکەم بە ماشێنو پێوەندیی جنسی تا مانگی حەوتەم.

سواربوونی فرۆکە لە مانگی یەکەم تا مانگی شەشەم خراپ نیە، گەرانو پیاسە دەبێ لە رۆژی یەکەمی دووگیانییەوە تائاخری مانگی نۆهەم هەبێ.

بێجگە لەو بەدواداچوونانە جووڵە وەرزشییەکان دەبنە هۆی زیادبوونی ئێشتیا لە مانگی یەکەمی دووگیانیدا، تواندنەوەی خۆراکو هەزمی ئەوانو خەوی رەحەتو گرنگتر لە هەموو شتێک ئەوەیە کە ژن بۆ منداڵبوونێکی سانا ئامادە دەبێو پێش لە شلبوونی ماسوولەکانی زگو کەوتنە خواری منداڵدانو بەشە نێوخۆییەکانی رانو سمتو درێژ خایاندنی ماوەی منداڵبوون دەگرێ.

بە کورتی، جووڵەی وەرزشی گەرانی خوێن باشتر دەکاو دە بێتە هۆی شادابوونو سەر زیندویی ژنانی دووگیان. شایانی باسە کە ئەو دایکانەی لە ماوەی دووگیانیدا جووڵەی وەرزشییان هەیە دوای منداڵبوونەکەش زۆر زووتر چاک دەبنەوە.

تەندروستی

## ئەو پشکنینانەی بۆ هەموو ئافرەتێک پێویستن

پشکنین بۆ زوو دەستنیشانکردن یارمەتیدەرە بۆ زوو چارەسەر یان کۆنترۆلکردنی نەخۆشییەکان وەکوو شێرپەنجە، شەکرە، پووکانەوەی ئێسک. پشکنینە گرنگەکان بریتین لە: ماموگرافی Mammography کە بریتییە لە تیشکی ئێکس بۆ دەستنیشانکردنی هەر گرێیەک لە مەمکدا. بۆیە پێویستە لەسەر هەموو ئافرەتێک کە لەپاش تەمەنی 40 ساڵی ساڵانە ئەم پشکنینە ئەنجام بدا، لێگرتەی ملی منداڵدان کە بە پاپ سمیر Pap smear ناسراوە بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانکاریی خانەیی یان شێرپەنجەی ملی منداڵدان گرنگیی زۆری هەیە، تیشکی ئێکسی تایبەت بە ناوی DXA بۆ پێوانەکردنی پەتەوی یان چڕیی ئێسک زۆر گرنگە بۆ هەموو ئافرەتێک لەپاش تەمەنی 60 ساڵی بەر لە روودانی شکانی ئێسک لەبەر پووکانەوە کە حاڵەتێکی باوە لە ئافرەتدا، پشکنینی پەستانی خوێن، پشکنینی پێست لەلایەن پسپۆری پێست، پشکنینی چەورییەکانی خوێن بەتایبەتی کۆلیستیرۆل پاش خورێنی بۆ ماوەی 12 کاتژمێر یان زیاتر، پشکنینی ئاستی شەکری خوێن پاش خورێنی بۆ ماوەی 8 کاتژمێر.

# شێرپەنجەی مەمک

د.هیوا سالح

شێرپەنجەی مەمک بریتییە لە نەخۆشییەکی مەترسیدار، کە تووشی ژنان دەبێ و لەنێو نەخۆشییە بڵاوە خراپەکاندا لەدوای شێرپەنجەی سییەکان بەپلەی دووەم دێ، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی حاڵەتەکاندا ئەم نەخۆشییە تووشی ژنان دەبێ، بەڵام پیاوانیش هەن تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن و بە دروستبوونێکی هەر کۆمەڵە خانەیەک، یان گرێکان بەشێوەیەکی ناسروشتی لە مەمکەکاندا، ناوی لوویان بەسەردا دەبڕێ.

### هۆکارەکانی:

تەمەنی زۆر، کەسی پیر ئەگەر لەخێزانەکەیدا کەسی دیکە تووشی بووبێ دەیگوازێتەوە، یاخود کەسێک پێشتر تووشی شێرپەنجەی دیکە بووبێ. ئەو کەسانەی تەمەنیان سەروو (56) ساڵانە زیاتر ئەگەری تووش بوون بەم نەخۆشییەیان هەیە.

### نیشانەکانی:

بوونی گرێیەک، کە لە مەمکدا کە کاتێک بەپەنجەکانت پەستانی دەخەیتە سەر ناجوولێ، ئاوسانو گرێبوون لە بنباخەڵدا،و بەدەوری ملدا، یاخود لەسەروو مەمکدا، گۆڕانی رەنگ، یان شێوەی گۆی مەمک، یان ناوچەی دەوری گۆی مەمک، گەورەبوونی ناسروشتیی لە قەبارەی یەکێک لە مەمکەکاندا، یان جیاوازیی دیاری شێوەی نێوان مەمکەکان، ئاوسان، یان گرێبوونی بەشی سەرەوەی باڵ، یان بوونی ئازار، یان سووربوونەوەی پێست، دابەزینی یەکێک لە مەمکەکان بەشێوەیەکی ناهەمیشەیی لەچاو مەمکەکەی دیکە، گۆڕانی رەنگو تێکچوونی شێوەی پێستو ئاوڕێژی ناڕوون، یان خوێناوی لەگۆی مەمکدا.

### چارەسەرکردن:

دەبێ نەشتەرگەری بکرێ، چارەسەر بە تیشک، چارەسەرکردنی دەرمانیی دەگرێتەوە لەگەڵ هەریەک لەم چارەسەرکردنانەدا ئارەزووی خۆراکت کەم دەبێتەوە، هەر بۆیە خۆراکی باش بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێو یاریدەدەری جەستەت دەبێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوکردنەکانو بەرگریکارە لاوەکییەکانی چارەسەرە جیاوازەکان، هەروەها هەستی بەهێزت پێدەبەخشێ، پێویستە ئەو تووشبووە ئاسوودە بێ بۆ ئەو چارەسەرە پزیشکییەی بۆی دیاری کراوە، دەبێت دەروونت ئارام بێ، لەوانەیە وا پێویست بکا، هەندێک راهێنان جێبەجێ بکەی لەدوای هەندێک جۆری نەشتەرگەرییەکان، بە مەبەستی پارێزگاریکردن لەتوانای جووڵاندنو توانای جەستەت، لەگەڵ ئەوەی ئەو راهێنانانە دەبنە هۆکاری کەمکردنەوەی ئازارو گرژبوونی ماسوولکەکان. بەگوێرەی ئەو چارەسەرانەی پێشووتر بۆت بەکارهێنراون، پێویستە پشکنینی مانگانەی خۆت بکەی، شەش مانگ جارێک وێنەی تیشکی مەمکەکانت بگری، هەروەها پشکنینەکانی خوێن بکەی بۆ چاودێریکردنی پێشکەوتنی حاڵەتەکت.

## سوودەکانی میوە بۆ پێست

هەموو خانمێک حەز دەکا پێستێکی جوانو سەرنجڕاکێشی هەبێ. ڕەنگە زۆر لە خانمان بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی کەرەستەی جوانکاریو پاراستنی پێست خەرج بکەن بەبێ ئەوەی بزانن لە نێو خۆراکی ڕۆژانەدا چەندین جۆری خواردن هەیە ئەگەر گرنگییان پێبدەن. وێڕای ئەو سوودەی بەگشتی بۆ تەندروستییان وەدەستی دێنن، هاوکات سوودێکی زۆر بە پێستیشیان دەگەیەنن، هەم بۆ پاراستنیو هەم بۆ ساف‌ولووسکردنی. لێرەدا چەند میوەیەکو سوودەکانیان بۆ پێست دێنینە بەرباس، کە کاریگەریی ئەرێنییان لەسەر پاراستنو نەرمو ناسکیی پێستمان هەیە:

**پرتەقاڵ**: پێست بە زیندووییو تەندروستی دەهێڵێتەوەو سروشتێکی نەرمو جوانیش دەبەخشێتە پێست، جگە لەوەی توێکڵەکەی ڕاستەوخۆ یاریدەی ناسکبوونی پێست دەدا.

**لیمۆ:** بەهۆی ئەو ڕێژە زۆرەی ڤیتامین (سی) کە تێیدایە، یاریدەدەرێکی گرنگە بۆ سپیکردنی پێستو نەهێشتنی زیپکە، شایانی باسە کە ڕۆژانە خواردنەوەی یەک پەرداخ ئاوی لیمۆ لەگەڵ کەوچکێک هەنگوین بەتەواویی لە کێشەی کۆبوونەوەی چەوری لە پێستدا دەمانپارێزێ.

**مۆز:** لەبەرئەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە پۆتاسیۆمو ئاسنو مەگنیسیۆمو ڤیتامینی تێدایە، ڕۆڵێکی سەرەکی لە پاراستنی پێست لەهەر چرچبوونو شەقبوونێکدا دەبینێو هەروەها ڕەونەقێکی جوانیش دەبەخشێتە پێست.

## دیاردەی خۆسووتاندن لە پاریزگای ئیلام لە پەرەسەندندایە



بەڕێوەبەری گشتیی پزیشکیی قانوونیی پارێزگای ئیلام ڕایگەیاند کە لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا 9 کەس بە هۆی خۆسووتاندنەوە لەم پارێزگایە گیانیان لە دەست داوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی موکریان، ساسان ڕەوەندی گوتی لەم 9 کەسە 6 کەس ژنو 3 کەسەکەی دیکە پیاو بوون. بەپێی ئامارەکان دەرکەوتوە کە دیاردەی خۆسووتاندن لە نێو ژناندا زیاترە لە پیاوان، بۆ نموونە ساڵی ڕابردوو لە ماوەی 7 مانگدا 10 کەس بە هۆی خۆسووتاندنەوە کە 7 کەسیان ژنو ئەوانی دیکە پیاو بوون، گیانیان لە دەست داوە. بەڕێوەبەری پزیشکیی قانوونیی پارێزگای ئیلام وێڕای ئاماژە بەوە کە لە شارەکانی دیکەی پارێزگای ئیلام پزیشکیی قانوونی نیەو هەموو داواکانی خەڵکی ئەم پارێزگایە لە ناوەندی پزیشکیی قانوونیی شاری ئیلام ئەنجام دەدرێن، گوتی: "چارەسەری کێشەکان لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە جگە لەوەی کە پێداویستییەکی گرینگە، دەبێ جێی ڕەزامەندیی خەڵکیش بێ". بە وتەی خودی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پارێزگایەکی گەورەی وەک ئیلام تەنیا یەک پزیشکیی قانوونی هەیە

## کچە کوردێک بوو بە یەکەمی زانکۆیەکی ئەمریکایی

شەنگار مەمان، ئەو کچە کوردەیە توانی لەسەر ئاستی زانکۆی ویلایەتی پۆرتلەندی ئەمریکا پلەی یەکەم وەدەست بێنێ. ئەو کچە کوردە، لەکاتی وەرگرتنی بڕوانامەکەیدا، لەبەردەم هاوڕێو هاوپۆلەکانیدا باسی ئەو چیرۆکە تاڵەی کرد کە لە کوردستان بەسەری هاتووە.

شەنگار گوتی ئەوان بۆیە ئەمریکایان هەڵبژارد، چونکە ئەوکات باوکی لەگەڵ ئاژانسی پەرەپێدانی مرۆیی ئەمریکاییدا لە عێراق وەک وەرگێڕی زمانی کوردیو عەرەبی کاری دەکرد. ئەو هەروەها گوتی لە داهاتوودا دەیەوێ خوێندنی زانستە سیاسییەکان بخوێنێو دواتر بگەڕێتەوە کوردستان، بۆئەوەی خزمەتی وڵاتەکەی بکاو ژیانێکی نوێ بۆ خەڵکەکەی دروست بکا. شەنگار دەیەوێ کوردستان پێش بخا، چونکە وەک خۆی دەڵێ "کوردستان هەمیشەماڵی دووەمم دەبێو هەمیشە دڵم لەوێیە."

ریتچار کالکووس، کە یەکێکە لە مامۆستاکانی شەنگار، لەبارەی ئەو کچە کوردەوە گوتی " ئەو خاوەن چیرۆکێکی غەمگینە. شەنگار ئەوەی دەرخستوە کە کچێکی بەهێزەو توانیویەتی بەسەر ئەو هەموو نەهامەتییەدا زاڵ بێو خەونەکەی بێنێتە دی".

## سەردانی خاتوو گوڵرۆخ قوبادی ئەندامی بەڕێوەبەری کۆنفرانسی سالانەی ژنانی ڕۆژهەلات



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ١٤ی سەرماوەزی ١٣٩١ بەرامبەر بە04/12/2012 بە مەبەستی دیدار لە گەڵ خاتوو گوڵرۆخ قوبادی ئەندامی هەڵبژێردراوی کومیتەی بەڕێوەبەری کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەلات لە دەرەوەی ولات هەیئەتێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە حەلیمە ڕە سوولی سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو مەندانە حەبیبزادە ئەندامی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ژنانو کوێستان فتووحی ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سەردانی شاری سلێمانییان کردو لە هۆڵی تەواری ئەم شارە کۆبوونەوە. هەروەها لە لایەن ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانیشە وە بەڕێزان فەریبا محەمەدیو ئارێز محەمەدی بەشداری ئەم دانیشتنە بوون . لە دانیشتنێکی دۆستانەدا هەوڵ درا میکانیزمێک بدۆزرێتەوە بۆ سازانی پردێکی پێوەندی لە نێوان ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان نیشتەجێ لە باشووری کوردستانو ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە تاراوگە . هەر لەو سۆنگەیەشەوە چەند ڕێگا چارە هاتنە بەر باسو لێکدانەوە . ئەم دانیشتنە پاش زیاتر لە کاتژمێرێک کۆتایی پێهات

## پەیامی هاوخەمیی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ کەسوکاری قوتابیانی شیناوێ

زۆر بەداخەوە بۆ ڕوودانی کارەساتی سووتانی قوتابخانەی بنەڕەتیی شیناوێی پیرانشار کە تێیدا نزیک بە چل کیژۆڵەی قوتابی بوونە قوربانیی خەمساردییەکانی وەزارەتی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان . جێگای داخە کە لەم ڕووداوەدا دوو قوتابی بە ناوەکانی ئیلهام ئیسماعیل پوورو سەیران یەگانەی تەمەن 10 سال بە هۆی زۆریی سووتانی جەستەی ناسکیان مالاواییان لە ژیان کرد. کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان وێڕای سەرەخۆشیکردن لە کەسوکاری ئەو دوو پەپوولە جوانەی کوردستان کە بوونە قوربانیی نەبوونی سەرەتاییترین ئیمکاناتی هەر قوتابخانەیەک ، هیوای چاک بوونەوە بۆ قوتابییەکانی دیکەی ئەم ڕووداوە واتە کارەساتی گرگرتنی قوتابخانەی شێناوێ دەخوازێو داوا لە سەرجەم خەڵکی کوردستان دەکا کە بە دەنگی بانگەوازی چالاکانو حیزبەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوە بێنو ڕۆژی پێنجشەممە 23ی سەرماوەزی 1391ی هەتاوی بەرامبەر بە 13ی دیسامبری 2012 لە گۆرستانی شیناوێ بە مەبەستی هاوخەمیدەربرین لە گەڵ کەسوکاری قوربانییانی کارەساتی قوتابخانەی شیناوێ کۆ ببنەوەو پشتگیری لە داوای ماتەمینی گشتی بکەن کە جیا لە هاوخەمی لە گەڵ کەسوکاری قوربانییەکان بە جۆرێک ڕەخنەگرتنە لە سیاسەتی هەلاواردنو جیاکارانەی کۆماری ئیسلامیلە بەرانبەر خە ڵکی کوردستان دا

کومیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان

22ی سەرماوەزی 1391ی هەتاوی

## پشتیوانیی یەکیەتیی ژنان لە زیندانیانی مانگرتوو لە باکوور

ڕۆژی 18ی خەزەڵوەری 1391ی هەتاوی بەشێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، وێڕای سەرجەم ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری هەولێرو بەشێک لە ڕێکخراوەکانی شاری کۆیە بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە زیندانیانی مانگرتوو لە باکوور لە بەر دەم پارکی منارە لە شاری هەولێر کۆبوونەوە








## کۆبوونەوەی 6 ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خانەخوێیی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان



6 ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خانەخوێیی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە دەوری یەک کۆبونەوە. ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 9ی ڕەشەمەی 1391و لە بەرەبەری ڕۆژی 8 ی مارسدا بۆ 6 ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو بەرنامەداڕشتنو دابەشکردنی کاری پێکهێنانی ئاکسیۆنێکی هاوبەش بۆ ڕۆژی 8ی مارس لە سەر بانگهێشتنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا لە لایەن حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە باسەکانی ئەو کۆبوونەوەیە کرانەوەو هیوای خواست کە ئەم یەکگرتوویی‌و هاوهەڵوێستییە لە نێو ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەر وا بەردەوام بێ. شایانی باسە لە درێژەی ئەو دانیشتنەدا بەرنامەیەکی ڕێکو پێکی کاری دەستنیشان کراو کارەکان بە گوێرەی توانایی لە نێوان ڕێکخراوەکاندا دابەش کران.

## یەکیەتیی ژنان کۆڕێکی بە بۆنەی کارەساتی شیناوێوە پێکهێنا



ڕۆژی سێشەممە، ڕێکەوتی 1391\9\28ی هەتاوی بەشی فێرکردنی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان کوڕیادێکی بە بۆنەی ڕووداوی دڵتەزێنی قوتابخانەی شیناوێ کە لە ڕۆژی 15ی سەرماوەزدا پۆلێک لە قوتابیانی قوتابخانەی شیناوێ ئاگر کەوتە پۆلەکەیانو 36 قوتابیی تێدا سووتان، لە یەکێک لە سالۆنەکانی سەربە بەشی فێرکردنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستاندا پێکهێنا. لە چەند بڕگەی جیاوازی ئەم کۆڕیادەدا شرۆڤەو تاوتوێی ئەو کارەساتە کرا. لەسەرەتای کوڕیادەکەدا ڕێپۆرتاژێکی وێنەیی کە لە لایەن بەشی بەرهەمهێنانی کوردکاناڵەوە سەبارەت بەو کارەساتە ئامادە کرابوو، پێشانی بەشداربووان دراو هەر بەدوای ئەو دیکۆمێنتەدا نامە پڕهەستەکەی دەرهێنەری ناوداری کورد بەهمەنی قوبادی بەشێوەی دێکۆمێنتی بڵاوکرایەوە. پاشان بەڕێز کاک خالید محەممەدزادە، ڕۆژنامەنووسو چالاکیی سیاسی باسێکی لە ژێر ناوی "کارەساتی شیناوێ لە بێخەمیی کۆمەڵگاوە بۆ میدیای کوردی" پێشکەش بە ئامادەبووان کرد .کاک خالید محەممەدزادە، لە بەشێک لە قسەکانی‌دا وێڕای ئاماژە بەوە کە، ئەو کارەساتە ڕەنگدانەوەی میدیایی باشی لێکەوتەوە، گوتی کە: "ئەو ڕووداوە هاوکات کاریگەریی زۆری لە سەر بیروڕای گشتی لە کوردستانو ئێران بەجێ هێشت، بە جۆرێک کە لە کوردستان لە گەڵ ئەوەی نارەزایی‌و پەیامی هاودەردیی بە دوای خۆی‌دا هێنا، هاوکات ڕۆژێکیش وەک ڕۆژی ماتەمینی گشتی ڕاگەیەندرا کە لەو ڕۆژەو ڕۆژانی دواتردا ژمارەیەک چالاکییش بەڕێوەچوون". ناوبراو هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە، ماڵپەڕە حیزبی‌یەکان دوای ماڵپەڕە ئازادەکان بە پلەی دووهەم دێن لە بایەخ دانیان بە کارەساتی شێناوی"، ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سایتە حیزبی‌یەکان سەرەرای ئەوەی ئیمکاناتو کارمەندی پێویستیان، بە بەراورد لەگەڵ سایتە ئازادەکان بۆ کارکردن لە بەردەست‌دایە، بەڵام لە زۆر حاڵەتو ڕووداوی دیکە هەر ئەم پلەی دووهەمەی خۆیان پاراستووەو نەیان‌توانیوە جیگەی سایتە ئازادەکان بگرنەوە لە بایەخدانیان بە پرسو کیشەکانو ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگا ."لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا، وەرگێڕو هەڵبەستوان، کاک ڕەسووڵ سوڵتانی، شێعرێکی بۆ کۆڕیادەکە ناردبوو کە لەلایەن شاعیری لاو کاک مەسعوود فەتحی‌یەوە خۆیندرایەوە. دوایین بڕگەی ئەو کۆڕیادە پیشان‌دانی پارچە پەخشانێکی پڕهەستی دێکۆمێنتی بوو کە کاک ئەحمەد شێربەگی بۆ ئەو کارەساتەی هۆنیبۆوەو بەشی بەرهەمهێنانی کوردکاناڵ ئامادەی کردبوو.

# بەڕێوەچوونی کۆڕێکی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە

بە ئامادەبووبوونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆڕێکی تایبەت بە ڕۆژی 25ی نوامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان بەڕێوە چوو.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 5ی سەرماوەز بەرامبەر بە 25ی نوامبر، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالیدی عەزیزی، ژمارەیەک لە کەسایەتیو تێکۆشەرانی ڕیزەکانی حیزب، ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانو چالاکانی پرسی ژنان لە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستانو هەروەها بەشێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی دژبە توندوتیژی دژی ژنان، کۆڕێک بۆ بەڕێزان قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتو تانیا محەممەد، پارێزەرو شارەزای کەیسی توندوتیژی، پێکهات.

لە سەرەتای ئەم کۆڕەدا کە لە لایەن بەشی فێرکردنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانەوە پێک هاتبوو، بەڕێز حەلیمە ڕەسوولی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکرات، بەیاننامەی 6 ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی خوێندەوە کە بە بۆنەی 25ی نوامبر، بە شێوەی هاوبەش دەریان کردبوو.

پاشان هەر بەم بۆنەیەوە کورتە بەرهەمێکی وێنەیی نیشانی بەشداربووان درا کە لە لایەن تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵەوە ئامادە کرابوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆڕەدا بەڕێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بابەتێکی لە ژێر ناوی "جۆرەکانی توندوتیژی، هۆکارەکان، چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەیان"ی پێشکەش کرد .

بەڕێزی لە سەرەتای باسەکەیدا بە وەبیرهێنانەوەی کورتەمێژوویەک لە 25ی نوامبری ساڵی 1961و دواتر ساڵی 1981 کە وەک ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان، تۆمار کراوە، پێناسەیەکی کورتی لە توندوتیژی کردو دواتر هاتە سەر ناوهێنانو باسکردن لە جۆرەکانی توندو تیژی دژ بە ژنان.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا قادر وریا بە وردی باسی لە هۆکارو بەستێنەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان کرد، لە دوایین بەشی باسەکەیدا لە پێوەندی کە گەڵ چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم دیاردە جیهانییە (توندوتیژی)و ڕێکارەکانی قسەی بۆ بەشداربووانی کۆڕەکە کردو لەم نێوەدا ئەرکی میدیا، بنەماڵەو سیستمی پەروەردەی بە گرینگ دانا . کورگێڕێکی دیکەی ئەم کۆڕە تایبەتە، خاتوو تانیا محەممەد، پارێزەرو شارەزا لە کەیسی توندو تیژی بوو، کە لەم پێوەندییەدا باسێکی تایبەتیی پێشکەش کرد.

خاتوو تانیا لە سەرەتای باسەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە هێندێک دەستەواژەی پیاوانەی نێو ئەدەبیاتی ڕۆژانەی کوردی کە خەڵک ڕۆژانە بە هەڵە بەکاریان دێنن، باسی لە توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ئەدەبیاتو زمانی کوردییدا کرد.

ناوبراو بە ئاماژەدان بە هێندێک دەستەواژەی وەک "پیاوانە ژیان"، "ئینسان دەبێ پیاو بێ"،"دەڵێی ژنی دەگری"و... باسی لەو بێڕێزیو توندوتیژییانە کرد کە ڕۆژانە تاکی کورد بە بەکارهێنانیان تووشی ئەم هەڵانە دەبێو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ توندوتیژی دەرحەق بە ژنی کورد ئەنجام دەدرێ.

هەر لەم پێوەندییەدا خاتوو تانیا باسی لە شوێنەواری دەروونیی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە لە سەر کەسایەتیی تاکی کورد لە کۆمەڵگادا کرد.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا بەڕێزی ئاوڕی لەو برگە یاسایانە دایەوە کە لە قانوونی بنەڕەتیی هەرێمی کوردستاندا لە پێوەندی گەڵ توندوتیژی دژی ژنان کاریان پێدەکرێ.

تانیا محەممەد، وەک پارێزەرێکی کەیسی توندوتیژی دژی ئافرەتان ڕەزامەندیی خۆی لە سەر ئەم برگە یاسایانە دەربڕی، بەڵام پێی وابوو کەسایەتیی تاکی ژنی کورد تا ئێستاش نەیتوانیوە لەم برگە یاسایانە کە پارێزگاری لەو دەکەن کەڵکی پێویست وەربگرێو گوتی کە ژنی کورد تا ئێستاش جورئەتی ئەوەی نەکردوە کە بۆ دیفاع لە خۆی پشت بەم قانوونانە ببەستێ.لە دوایین بەشی باسەکەیدا خاتوو تانیا محەممەد باسی لە چۆنیەتیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژی ژنان کردو هیوای خواست کە ژنی کوردیش بتوانێ بە پشتبەستن بە برگە قانوونییەکانو ناوەندە دادوەرییەکان بۆ دیفاع لە کێشەکانی خۆی هەنگاوی پێویست هەڵێنێتەوە .



## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی یادی دامەزرانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستانەوە

بەڕێزان ئەندامانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان سڵاوێکی گەش و تەژی لە یەکسانیتان پێشکەش یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان، لە یادی تێپەڕبوونی شەست ساڵ بەسەر دامەزرانی ڕێکخراوەکەتان، دەنگی خۆی تێکەڵ بە دەنگی ئێوە خەباتکارانی ڕێی ئازادی‌و یەکسانی‌خوازی‌و گشت داکۆکیکارانی مافی بەرابەریی ژنان لە سەرانسەری جیهان‌دا دەکاو هەروەک پێشوو وێڕای جەختکردنەوەی دووبارە لەسەر بەردەوامیی هاوکاری‌و هاوخەباتی ڕێکخراوەکەمان لەگەڵ یەکیەتی‌یەکەتان، هیواداره هەروەک چۆن، دامەزرانی یەکیەتیی ئافرەتانی کوردستان، دەسپێکی وەرزێکی نوێ لە بزاڤی ژنان لە باشووری کوردستان بوو، لەم قۆناغە هەستیارەی ئێستاشدا، لەلایەک هەم وەڵامدەری پێویستی‌یە سەردەمی‌یەکانی ژنان بێ‌و لەلایەکی دیکەش تا دەستەبەربوونی ئامانجە بەرزو ئینسانی‌یەکانی ژنان لە خەبات‌و تێکۆشان نەوەستێ .

جارێکی‌تر پیرۆزبایی یادی 60ی ساڵەی دامەزرانی ریکخراوەکەتان لێ‌دەکەین.

دەستەی بەڕیوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

10ی دێسامبری 2012ی زایینی 20ی سەرماوەزی 1391ی هەتاوی

## ڕۆژی 29ی سەرماوەز لە لایەن بنکەی ڕووناکبیریی گەلاوێژ لە کۆیە یادی 27 ساڵەی کۆچی دوایی شاعیر سامی عەودال کرایەوە

ڕۆژی چوارشەممە، 29ی سەرماوەز لە شاری کۆیە ڕێوڕەسمێک بە بۆنەی 27 ەمین ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی شاعیر "سامی عەودال" ڕێکخرا. لە سەرەتادا خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان ڕاگیراو پاشان کورتەیەک لە ژیانی شاعیر خوێندرایەوە.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا لە لایەن "دێدەوان یاقووب"، کارگێری بنکەی گەلاوێژ بە خێرهاتنی میوانان کراو بە دوای وتەکانی ناوبراودا قایم مەقامی شاری کۆیە چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

لە نێو ئاخنی بەرنامەی یادی سامی عەودالی شاعیردا، چەند بڕگەیەک لە ژیانی سیاسی‌و ئەدەبیی شاعیری ڕەنجدەران لە لایەن مامۆستا "جەواد حەمەبەگ" ەوە ئاماژەی پێ‌کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا چەند دەقێک لە شێعرەکانی شاعیر لە لایەن سوهەیلا قادری‌یەوە پێشکەش کران.

لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا لێپرسراوی بنکەی گەلاوێژ لە بواری ڕەگەزدۆزی لە نێو شێعرەکانی سامی‌دا بابەتێکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد

لە چەند بڕگەیەکی دیکەی یادوارەکەدا چەند بابەتی پێوەندیدار بە شێعرو ئاوازی شاعیری ڕەنجدەران پێشکەش بە ئامادەبووان کران کە لە نێویان‌دا شێعرو ئاوازی "قەلبی من" کە یەکێک لە شێعرە بەناوبانگەکانی خوالێخۆشبوویە خوێندرایەوە.

پێویست بە وتنە کە لەم یادوارەیەدا هەیئەتێکی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان: مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەو کاک جەلیل گادانی کە بانگهێشتی ئەم ڕێوڕەسمە کرابوون، وێڕای هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداربوون.

## میوانداری لە یەکیەتیی ئافرەتانی پارێزگارانی کوردستان

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٤ ی سەرماوەزی ١٣٩١ بەرامبەر بە 24/11/2012 شاندی ئافرەتانی پارێزگارانی کوردستان لقی کۆیەو کەرکووک کە بریتی بوون لە



بەڕێزان پەیمان حەسەن لێپرسراوی ئافرەتانی کەرکووکو گوڵاڵە ئیسماعیل لێپرسراوی ئافرەتانی کۆیەو شەیما جەبار ئەندام لە ڕێکخراوی ناوبراودا سەردانی بنکەی سەرەکیی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانیان کردو لە لایەن سەرجەم ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانەوە بە سەرپەرستیی حەلیمە ڕەسووڵی سکرتێری یەکیەتیی ژنان بە گەرمی پێشوازی‌یان لێ‌کرا . لە دانیشتنێکی دۆستانەدا دوو لایەن خۆشحاڵیی خۆیان لە سازدانی ئەو پەیوەندی‌یە دەربڕی‌و کۆک بوون کە لە مەو پەیوەندی‌یەکانیان بەرفراوانتر بکەن . هەروەها باسەکانی ئەو دانیشتنە بریتی بوون لە کێشە هەنووکەیی‌یەکانی ژنانی کورد بە گشتی‌و ژنانی ناوچە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان بە تایبەتی‌و هەروەها پرسی سیاسی‌و بارودۆخی ئێستاکەی ناوچەکە هاتە بەر باس‌و لێکدانەوە . ئەو دانیشتنە پاش کاتژمێرێک لە کەشێکی دۆستانەدا کۆتایی پێ‌هات.

# پێکهێنانی کۆبوونەوەیەک بۆ خاتوو خەدیجە مەعزوور



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە بەرەبەری 8ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژناندا سیمینارێکی بۆ باس لە سەر پرسی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هێنا .ڕۆژی یەکشەممە، 13 ی ڕەشەمە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە پێشوازی 8 ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان دا کۆڕێکی بۆ خوشکە خەدیجە مەعزوور، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر ناوی "چۆن دەتوانین ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بێدەنگیو بێ تەفاوەتبوون بە نیسبەت پرسی خۆیو نەتەوەکەی رزگار بکەین" پێک هێنا . لە سەرەتای ئەو کۆرەدا شیلان قوربانیفەر، بەڕێوەبەری کۆڕەکە کورتەیەک لە مێژووی 8 ی مارسی بۆ بەشداران باس کرد بە دوای ئەو دا کاک فەتاح کاویان، تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکرات شێعرێکی لە پەسنی دایک و پێگەو پایەی بەرزی ژندا خوێندەوەو پاشان خوشکە خەدیجە مەعزوور باسەکەی خۆی پێشکیش کرد .بەڕێزی لە باسەکەیدا چووە ناخی هۆکارەکانی بێدەنگیو بێتەفاوەتیی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست مافەکانیانو ئەو هۆکارانەی دەستنیشان کرد کە وایان کردوە ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرامبەر پرسی ژنو نەتەوەییدا بێتەفاوەت و لە ئاست ڕووداوەکانی دەوروبەریان خەمسارد بن.بەڕێزیان پێیان وابوو کە دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ وا بێدەنگە، ئایا داهاتووی تەئمینە؟ ئەمنیەتی شوغلیو ماڵیو گیانیی هەیە ؟ لە سیستمی دەسەڵات رازییەو لە دامودەزگاکانی ئەو سیستەمەدا بەشی هەیەو نەخشی لە سیاسەتو ئابووریی وڵاتدا هەیە ؟ مافەکانی دەستەبەر کراوە؟ وەک ژنانی وڵاتانی دێموکرات راحەتەو لە ئاسایشدایە ؟

ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب پاشان خەسارناسییەکی کورتی ئەو بارودۆخەی کرد کە ژنانی کورد لە ئێران تێیدا دەژینو لەو بەشەدا سیاسەتی پر لە هەڵاواردنو سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی بۆ هێشتنەوەی ژن لە چوارچێوەی ماڵو ڕێگری لە بەشداریی ژنان لە چالاکییە سیاسیو مەدەنییەکاندا شی کردەوە .

شایانی باسە کە دوای باسەکەی خاتوو خەیجە مەعزوور، کۆمەڵێک لە بەشدارانی کۆبوونەوکە بە ڕەخنەو پێشنیارو تێبینیی خۆیان لە سەر تەوەری باسەکە، کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەند کرد.

## دوای رێگرتن لە درێژەدان بە خوێندنی، ژنێک لە شاری مهاباد کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا

ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی 4ی سەرماوەز ژنێکی تەمەن 27 ساڵەی خەڵکی شاری مهاباد بە ناوی پەریسا، بە هۆی پێشگیریی لە درێژەدان بە خوێندنی لە لایەن مێردەکەیەوە، لە ڕێگای خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا . سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی پەریسا، ڕایگەیاند؛ پێش ئەوەی پەریسا ژیانی هاوبەش پێک بێنێ، خوێنکاری زانکۆ بووەو هاوسەرەکەی بەڵێنیی پێداوە کە دوای زەماوەندەکەشیان دەتوانێ درێژە بە خوێندنەکەی بدا، بەڵام دواتر مێردەکە بەڵێنییەکەی خۆی ناباتە سەرو پێش بە خوێندنی هاوسەرەکەی دەگرێ.



## بە شداریی هەیئەتی یەکیەتی ژنانی دیموکڕات، لە سیمینارێک لە کونسوولخانەی فەڕانسە

لە سەر بانگهیشتنی رەسمیی کۆنسوولخانەی فەڕانسە لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداریی سمینارێکی تایبەت بە ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژ بە ژنانی کرد.



پاشنیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە 7 ی سەرماوەزی 1391لە سەر بانگهێشتنی کونسوولخانەی فەرانسە هەیئەتێک لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە، بە سەرپەرستی حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری ئەو رێکخراوە بەشدارییان لە سمینارێکی تایبەت بە ڕۆژی 25ی نوامبردا کرد.

لەم سیمینارەدا کە لەلایەن کونسوولخانەی وڵاتی فەڕانسەوە لە شاری هەولێر پێک هاتبوو، هەریەک لە بەڕێزان خاتوو سووفی، نووسەرو فیمینیستی فەڕانسەیی‌و خاتوو بەیان عەزیزی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین‌و چالاکی بواری ژنان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاریی توندوتیژی دژ بە ژنان باسیان پێشکەش کرد.

لەو سیمینارەدا خاتوو سووفی هاتە سەر مێژووی خەباتو تێکۆشانی ژنان لە وڵاتی فەڕانسەو چۆنیەتیی قانوونەکانی ئەو وڵاتە



لە هەمبەر ژنانو بوونی ژنان لە بازارەکانی کارو هەروەها ئەو توندوتیژی‌یانە کە هەر ئێستاکە لەووڵاتە ڕووبەڕوی ژنان دەبنەوە، بە جۆرێک کە لە ماوەی دووڕۆژنیودا لەو وڵاتە ژنێک تووشی توندوتیژی بە شێوازێکی زۆر توند دەبێتەوە .

خاتوو سووفی لەم پێوەندی‌یەدا گوتی: هەر ئیستا لە وڵاتی فەڕانسە ساڵانە، دوومیلیۆن ژن ڕووبەڕووی دیاردەی توندوتیژی دەبنەوە .



لە درێژەی ئەم سیمینارەدا خاتوو بەیان عەزیزی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر لە پێوەندی لە گەڵ قانوونی عیراق دەرهەق بەژنانو چۆنیەتیی دەسکاریکردنیان لە لایەن چالاکانی ژنەوە بابەتێکی پێشکەش کرد. بەڕێزی لە درێژەی باسەکەی‌دا ئاماژەی بە جۆرەکانی توندوتیژی لە ولاتانی ئەفغانستانو ئێرانو تورکیە کرد.

لە کۆتایی ئەم سیمینارەدا بەشێک لە بەشداربووانی سمینارەکە پرسیارو تێبینی‌یەکانی خۆیان هێنایە بەرباسو لە لایەن کۆرگێرانەوە وەڵامیان درایەوە.

## سەردانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە

سەر لە بەیانیی ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی 14 ی خەزەڵوەری 1391ی هەتاوی هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی خاتوو حەلیمە ڕەسووڵی سکرتێری ئەو ڕێکخراوەو بە هاوڕێیەتی هەریەک لە بەڕێزان گەلاوێژ پەیرەوانو فریشتە بەهاری ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیە تیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانو سوهەیلا قادری ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیە سەردانی ڕێکخراوی ناوبراویان کردو لە



لایەن بەڕێزان چیمەن خانو قومری خان بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوەیەوەو کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی ژنان لە کۆیە پێشوازیی گەرمیان لێکرا . لەو سەردانەدا گەلێک باسی پەیوەندیدار بە بارودۆخی ئێستای ژنانی کوردستانو هەروەها بارودۆخی نالەباری مانگرتووانی زیندانی لە باکوری کوردستان هاتە گۆڕێو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا. لە کۆتایی ئەو دانیشتنەدا هەر دوو لایەن پێیان لە سەر چڕکردنەوەو توندوتۆڵکردنی پەیوەندیی نیوان هەر دوو ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانو یەکیەتیی ژنانی کوردستان لقی کۆیەداگرتو هەیئەتی خانە خوێ جارێکی دیکە سپاسی هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانی کرد بۆ سەردانی ڕێکخراوەکەیان.

# پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی سیاسی بۆ سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن یەکیەتیی ژنانو سکرتاریای حیزبەوە



یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو سکرتاریای حیزبی دێموکرات کۆبونەوەیەکی سیاسی‌یان بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. لەو کۆبونەوەیەدا کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە 5 ی ڕەشەمە بەڕێوە چوو، کاک خالید ئاوڕێکی خێراو جێی سەرنجی لە پێوەندی لەگەڵ ڕوانگەکانی حیزب بۆ پرسی ژنانو کێشەکانیانو ئەو بەربەستانە دایەوە کە لەبەر دەم پێشکەوتنیاندان. سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا جەختی لەسەر ئامادەیی ڕێبەریی حیزب بۆ نەهێشتنی بەربەست لەبەر دەم بەرەو پێشچوونی ژنان کردەوە. کاک خالید لە بەشێکی باسەکەی‌دا باسی لەوە کرد کە یەکێک لەو باسانەی بۆ ئێمە وەک حیزبو بە تایبەتی ڕێبەریی حیزب گرینگو جێگەی بایەخو سەرنجن، باسی ژنانو بە تایبەت ژنان لە حیزبی ئێمەدایەو ئێمە لە گۆشەنیگای سیاسی‌بوونی کێشەی ژن دەڕوانینە قەزیەکەو ئەو پرسە لە خەباتی سیاسیی ئێمەدا جێگەی سەرنجو تێڕامانەو لە هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە کە لە ناوچەکە دێنە ئاراوە، ئێمەش وەک کورد دەبێ خۆمانیان بۆ ئامادە بکەینو ئەو خۆ ئامادە کردنەش پێویستیی بە وزەو هێزی هەمووومان وەک ژنو پیاو هەیە .



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕای‌گەیاند ئێمە هەر وەک گوتوومانە کە نیوەی کۆمەڵگا ژنان پێکی دێنن، دەبێ بەرنامەشمان بۆ ئەوە هەبێ کە چۆن ئەو نیوەیەی کۆمەڵگا وەگەڕ بخەینو بەشداری‌یان پێ‌بکەین کە بێگومان بەشداریی ژنان یەکێک لە هۆیەکانی سەرکەوتنی هەر بزووتنەوەیەکە . ئەو کۆبوونەوەیە دوای دوو کاتژمێر بە بەشداریی چالاکانەی ژنان لە باسەکانداو خستنە بەرچاوی ڕاو سەرنجو تێبینی‌یەکانی خۆیان لەگەڵ ڕێبەریی حیزب، کۆتایی پێ‌هات.

# ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جارێکی دیکە لە دەوری یەک کۆبوونەوە



سەر لە بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە، 28 ی خەزەڵوەری 1391ی هەتاوی لە بەرە بەرەی نزیک بوونەوە لە ڕۆژی 25 ی نوامبر( ڕۆژی جیهانیی سڕینەوەی توندوتیژی دژی ژنان)دا بە مەبەستی داڕشتنی پلانو بەرنامەیەکی کاریی هاوبەش لە نێوان ڕێکخراوەکانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، چوار ڕێکخراوی تایبەت بە ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتی لە : یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانو کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات لە دەوری یەک کۆبوونەوە .

لەم پێوەندی‌یەدا، لە سەر بانگهێشتنی ژنانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەلیمە ڕەسووڵی، سکرتێری ڕێکخراوی ناوبراو بە هاوڕێیەتی بەڕێزان گەلاوێژ پەیرەوانو مندانە حەبیب زادەو سوهەیلا قادری بەشداری ئەم کۆبوونەوەیە بوون. لەو دانیشتنە هاوبەشەدا گەلێک بابەتی پەیوەندیدار لە سەر چۆنیەتیی کارو چالاکیی ژنانی ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نیشتەجێ لە باشووری کوردستان هاتە بەر باسو شرۆڤەو لێکدانەوەو هەروەها بە مەبەستی درێژە دانی دانیشتنی هاوبەش بەرنامەیەکی کاری داڕێژراو لایەنەکانی بەشدار لەو کۆبوونەوەیەدا ئاگادار کرانەوە کە بە مەبەستی کاری هاوبەش پێویستە پەیوەندی‌یەکانیان چڕوپڕتر بکەنەوە , دوای چەند کاتژمێر کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتی لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەمە 5 بەفرانباری 1391 بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی تەشکیلاتیی بۆ ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا.



لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا خاتوو شەهێن مورتەزازادە بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنان بەخێرهاتنی ئەندامانی کردو پاشان خاتوو حەلیمە ڕەسوولی سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان باسێکی سەبارەت بە دەستەواژەو چەمکی پیاوسالاری‌و پیاو میحوەری پێشکەش بە بەشداران کردو هەر لەو ڕاستایەشدا ئەرکی ڕیکخراوەکانی ژنانی بۆ بەربەرەکانی‌کردن لە گەڵ ئەو دیاردەیە کە لە کۆمەڵگای کوردی‌دا هەیە تاوتوێ کرد، بەڕێزی لە بەشێک لە وتەکانی‌دا ئاماژەی دا کە بنەمای بوونی پیاوسالای دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی نزمی هۆشیاری لە پیاودا کە کەسانێک پێیان وایە تەنیا پیاوان کە تاکە سواری گۆڕەپانن، پیاوی هۆشیار هەرگیز ئیجازە بە خۆی نادا کە کۆمەڵ بکا



بە دوو بەشو بەشی گرینگو سەرەکی بۆ خۆی قۆرغ بکاو بەشی بێ دەسەڵاتو پاشکۆش بدا بە ژنان. بەڕیزی لە درێژەی وتەکانی‌دا گوتی پیاوسالاری بۆ کۆمەڵگاکەمان نەخۆشی‌یەکی کوشندەیەو کۆمەڵگا پیاوسالارەکان هەر کۆمەڵگا دیکتاتۆرەکانن کە شەرو مالۆیرانی‌و گەندەڵی‌یان تێدا روو دەدا .



لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشداربووان راو تێبینی‌و پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە گۆڕێ کە لە لایەن سکرتێری ژنانو بەشێک لە ئەندامانی کومیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە وەلامیان درایەوە . کۆبوونەوەکە پاش زیاتر لە دوو کاتژمێر کۆتایی پێهات.

## دوای بێ هۆشکردنی دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتەسەرو دە کوژرێ

لە یە کێ لە گوندە کانی شاری سەر دەشت کچێک بە ناوی ئەشکین ئیبراهیم نە ژاد تەمەن13ساڵ لە ژێر زەختە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا خۆی کوشت پیاوێکی 27 ساڵ بە ناوی ڕێبوار، ئەشکین ئیبراهیم نە ژادی بێ‌هۆش کردووە دەستدرێژیی کردۆتە سەری. لە کاتی دەستدرێژی‌کردنەسەری فیلمی لێ‌هەڵگرتووە چەند جارێک هەڕەشەی لێ‌کردوە ئە گەر بە قسەی نە کات فیلمە کە بڵاو دە کاتەوە. . سەرئەنجام فیلمەکە بڵاو دە کاتەوە ولەم ڕێگایەوە فیلمەکە دەگاتە دەست بنە ماڵەی ئەشکین



دوو برای ئەشکین بە ناوی (جەمال)، (بێستون)لەترسی حەیاچوون دەچن بە چەقۆ ئەشکین بکوژن بەڵام باوکو دایکو خوشکە کانی ئەشکین نا هێڵن. باوکی وەعد بە براکانی دەدا کە بۆخۆی ئەشکین بەرێتە شوێنێکو بی‌کوژێ. بەومەبەستەش ئەشکین لە ماڵ دە باتە دەرەوەو کە لە گوندە کە دەچنە دەرەوە بە پێی ئاخرین هەواڵ ئەشکین لە ڕێگا لە ترسی ئەوەی کە باوکو برا کانی بیکوژن، لە سەر پردی شاری رە بەت کە نزیک شاری سەردەشتە خۆی فرێ دە داتە خوارەوەو گیان لە دەست دەدا. کرێکارانی سەددی کەلۆێ تەرمی ئەشکینی 13 ساڵە دەدۆزنەوەولەوێ دەی‌نێژن.

# یەکیە تی ژنانی دێموکراتی کوردستان تێرۆری ٣ ژنی چالاکی سیاسی کورد مەحکوم دەکا

## دیسان تێرۆرو تۆقاندن!

بە داخێکـــی گـــرانەوە دیســـان خەبەری تێـــرۆری خەباتکـــاران‌و چالاکوانـــانی کـــورد لە ئورووپـــای پاریس بە گولله کوژراون. یەکیـەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردسـتان ئەم تێـرۆرە بە توندی مەحکووم دەکـاو سەرەخۆشی لە هەمـــوو کـــوردانی دەرەوەی وڵات، کەس‌و کاری



بێشکەی ئازادی هەژاندینی. ئەمجارەیان هەواڵی تێرۆری ٣ ژنە سیاسەتمەداری خەلکی باکووری کوردستانە کە بە هۆی پولیس لە کاتژمێر ٢ی نیوەشەوی رۆژی پێنجشەممە ٢١ی بەفرانبار، بەرامبەر بە ١٠ی ژانویەی ٢٠١٣ ی زایینی، لە شاری پاریسی پێتەختی وڵاتی فەڕانسە تەرمەکانیان دۆزرانەوە. قوربانی‌یانی ئەم جارەی تێرۆر سەکینە جانسز، فیدان دوغان و لەیلا سویلەمز، سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان (پ.ک.ک) بوون‌و بە پێی زانیاری‌یەکان لە بنکەی ئەنستیتووی کوردانی شاری قوربانی‌یەکـانو هاوڕێیانیـــان دەکـــا.

هەرلەو کاتەشدا داوا لە پۆلیس‌و هەموو دەزگاکانی پێوەندیداری وڵاتـی فەڕانسە دەکەیـــن کە تاوانکـــاران بـــدۆزنەوەو بە بڕیـــاری دادپەروەرانەیـــان بگەیەنـــن. بەو هیوایە.

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان

٢٢ی بەفرانباری ١٣٩١

١١ی ژانویەی ٢٠١٣

## سەردانی لقی کۆیەی یەکیەتیی ئافرتانی کوردستان

ســـەرلە بـــەیانیی رۆژی پێنجشـــەممە 23ی سەرماوەزی 1392\2012\13 هەیئەتێکی یەکیـەتیی ژنـانی دیمـوکراتی کوردستان پێکهاتوو لە بـەرێزان حەلیمە رەسـووڵی سـکرتێری یەکیـەتیی ژنـانی دێموکراتی کوردستان، گەلاوێژ پـەیرەوان جێگـــری ســـکرتێری ژنـــان‌و هـــەروەها پەخشان فەلسـەفی، سـووری پـەیرەوان‌و مونیرە رەسووڵی لە ئەندامانی یەکیـەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە مەبەستی پیرۆزبـایی یـادی 60 سـاڵەی دامـەزرانی یەکیـەتیی ئافرەتانی کوردستان سـەردانی لقی کۆیەی ئەو رێکخراوەیان کرد.

# سەردانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە سلێمانی



ڕۆژی دووشەمە 15ی خەزەڵوەری 1391ی هەتاوی بە مەبەستی پیرۆزبایی 23هەمین ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی کوردستان هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەلیمە ڕەسووڵی سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو بە هاوڕێیەتی هەر یەک لە بەڕێزان سوهەیلا قادری کادری یەکیەتیی ژنانو گەلاوێژ پەیرەوانو ئایشە عیسا نەژاد ئەندامانی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سەردانی بنکەی سەرەکیی یەکیەتیی ژنانی کوردستان لە شاری سلێمانییان کردو بەگەرمی لە لایەن بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنانی کوردستان کافیە خانو کادیرەکانی دیکەی هاوکاری بەڕێز کافیە خانەوە پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا گەلێک بابەتی هەنووکەیی لە سەر ژنانو بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئۆپۆزیسیونی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕۆڵی ژنان لەم نێوەدا باسو خواسیان لێکراو هەیئەتی خانەخوێ دڵخۆشیی خۆی لەم سەردانە دەربڕیو جارێکی دیکە بەگەرمی پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان دوو ڕێکخراوی ناوبراوەوە جەختی لە سەر کرایەوە.

## کۆبوونەوەیەک لە بابەت باری دەروونیو ڕەوشی کۆمەڵایەتیی ژن بۆ خاتوو زلێخا جەشنی

ڕێکەوتی 18ی خەرمانانی 1391ی هەتاوی، لە لایەن بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانەوە، کۆبوونەوەیەک بۆ بەڕێز خاتوو زلێخا جەشنی، ئەندامی بەڕێوەبەریی پێشووی یەکیەتیی ژنان پێک هات. ئەم کۆبوونەوەیە لە ژێر ناوی "باری دەروونیو ڕەوشی کۆمەڵایەتیی ژن" بەڕێوە چوو، کە خاتوو زلێخا لە چەند لایەنەوە باسی لە توێکاریی باری دەروونیی ژن کردو لە بەشێک لە قسەکانیدا گوتی: "هەر مرۆڤێک باری دەروونیو خۆشەویستی چەندە لە یەک نزیک بێ، بەو مەرجەی باری دەروونیی باش بێ، ئەوە باری لەش ساغییشی باش دەبێ". خاتوو جەشنی سەبارەت بە چۆنیەتیی ئامادەیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕووداوە چاوەڕواننەکراوو ناخۆشەکان گوتی: "نابێ هەموو کات بە تەمای هەواڵی دڵخۆشکەر بین، هەر ساتو کاتێک دەبێ ئامادەی ڕووداوو هەواڵی ناخۆشیش بینو دەبێ بە ورەبەرزیو نەبەزییەوە شان وەبەر ئەوجۆرە بابەتانەش بدەینو بەرامبەریان بوەستینەوە."
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشداربووان بە پێشنیارو تێبینییەکانیان، کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

# هەڤپەیڤین: لە گەڵ وەجیها خانم؛

## دەوری ژنان لە جم و جوڵەکانی نێوان ساڵەکانی 1324

وه جیها خانمی شو جاعی ، یه کیک له کونه کار ترین ماموستاکانی شاری مه هاباده که سه ره تا به ده عوه تی پیشه وای نه مر هاتووته مه هاباد و ئیتر بو هه میشه لیره سه قامگیر بووه. له ماله که ی که وه ژوور ده که وم یه که م شت که هه ستی پیده که م ریک و پیکی و هیمنایه تی و ئینسجامیکه که له ته واوی ماوه ی ته مه نی خوی دا حه ولی بو داوه. ئیستاش چاوه کانی پرن له هیوا و خوشه ویستی و لیوریژه له دله راوکه سه باره ت به ره ی داهاتوو و له وه ی که له وانه یه ئه م وت ویژه و باس له ئه زموونه کانی تیشک بخاته سه ر ریگای لاوه کان به سه ر و رووبه کی خوشه وه سه ره رای ته مه نی زوری وه رمان ده گری. بی شک زوربه ی ئیمه له سه رده میک دا یه کیک له قوتابیه کانی ئه م ماموستا خوشه ویسته بـــــــــــووین .

ئه م وت وویژه له 22 ریبه ندانی 1384 هه تاوی له روژنامه ی "په یامی کوردوستان " ژماره 22 له دوو به ش دا بلاو بوته وه به لام به هوی گرینگی زانیارییه کانی بو جاریکی تر ده یخه ینه به ر سرنجی هوگران.

مریـــــــــــه م قـــــــــــازی

پرســـــیار: تکایـــه خوتـــان بناســـینن.

و: من وجیها شوجاعی له سالی 1304 هه تاوی 2ی بانه مه ر له شاری مه هاباد له دایک بووم. بابم ئاغای یوسفی شوجاعی له لایه ن ره زاشاوه هاته مه هاباد بو به ریوه بردنی کار و باری ئیداره ی فه رهه نگ که ئه و ده م مه رحوومی پیشه وا له جیگای مامی به ریزی " سه یفولقوزات " به ر پرس و رئیسی ئه م ئیداره یه بوو و دوای هاتنی بابم کاره که ی دا ده ست ئه و و به م جوره بابم هه م بوو به رئیسی ئیداره ی فه رهه نگ و هه م به مودیری قوتابخانه ی کورانه ی " سه عاده ت " که ئه و ده م له پشت ماله ئاغای شافعی هه لکه وتبوو. دایکم کورده و خزمایه تیمان ده گه ل بنه ماله ی قازی و حه یده ری و ئه میری هه یه. دوای حه وت سالان چوینه شاره کانی خوی ، ئه هه ر و ته وریز و له و شارانه ش بابم هه ر ره ئیسی ئیداره ی فه رهه نگ بوو و مروفیکی بیر ئاوه لا و تیگه یشتوو بوو و ده که ل دایک زانا و عالمم ئه من و براکه میان وه به ر خویندن نا. براکه م ئیستا دوکتووره و له زانکوی ئازادی ئیسلامی له تاران ماموستایه و بو خوشم له کلاسی نوهم را ده رسه که م به ناته واوی برایه وه ، هویه که شی ئه وه بوو که به ره به ری دامه زرانی کوماری ئازه ربایجان له ته وریز بوو و ماوه یه ک پیچوو تا توانییان قوتابخانه کان ریک خه نه وه. دوایه ش خه ریکبوون ده رسی تورکییان ده گوت که ئه من زورم پیناخوش بوو و حازر نه بووم ببمه ماموستا . مه رحومی پیشه وا تا ته شریفیان هاتبا ته وریز ده ینارد له دووی بابم و سه ردانی ئیمه شی ده کرد که زانی له مالی بیکارم داوای له بابم کرد که ئیزنم بدا بیمه مه هاباد و له قوتابخانه کانی ئه و شاره دا ده رس بلیم. بابم که ئیراده تیکی یه کجار زوری له خزمه ت پیشه وای دا هه بوو و له هه موو کات دا ئیمه ی هان ده دا بو خزمه ت له پیناو کار و باری کومه لایه تی ئیزنی پیدام و هاتمه وه ماله ئاغای حه مه ده مینی باباميری که ماله خالم بوو . کوردی له خزمه ت بنه ماله ی مه رحوومی پیشه وا را فیر بووم که هات و چوم یه کجار زور بوو ده گه لییان و زوریان ئاگا له من بوو . حاجی مینا خانم، شاسولتان خانم و خانمه خانمه دوریکی گرینگیان له ژیانم دا هه بوو و به کتیبیکی کوردی که ئاغای حه مه ده مینی سیگاری بو ی هینام له ماوه ی مانگیک دا کوردی زور باش فیر بووم و ئه و جار به کوردی و به فارسی ده رسم ده گوت. سه ره تا مانگی 60 تمه نم وه رده گرت و دوازده شاگردم هه بوو که ناوی بریکییانم له بیره: مونیر خانم و عیفه ت خانم و فه وزییه خانمی قازی که هه ر سیک کچی پیشه وا بوون، خورشید خانمی ره حیمی و مریه می داوودی و ...له ماموستا کانیش خه دیجه خانمی مه جدی، زارا خانمی مه نگوری و خه دیجه ی باباسوری له بیرم ماون. دوای دامه زرانی کومیته ی ژنان له کوماری مه هاباد دا هاوکاری حاجی میتا خانمم ده کرد و له کوبوونه وه کان دا باسی وه مان بو ژنان ده کرد که ده گه ل نه خوینده واری و دواکه وتوویی به ربه ره کانی بکه ن وبه مندال کانییان به تایبه ت کچه کانییان بخوینن و بو عاملاندنی مندال و به ریوه بردنی پاک و خاوینی و پاراستنی زمانی کوردی و ئازادی کوردوستان و ... ئه وه ده مانزانی پیمان ده سپاردن. بابم وای فیر کردبووین که بو خزمه ت کردن نابی ره گه ز و زمان و ئاینیکی تایبه ت له به رچاو گرین و له هه ر شوینیک ئه رکی خزمه ت گوزاری به خه لکی له کرده وه دا فیر کردبووین و ته عه هوداتیکی گه ره ی وه به ر نابووین که بوو به هه وینی ئه وه ی که به دل و گیان له خزمه ت خه لک دا بم . مه تمانه ی بابم به من که کچیکی جحیلی به تاقی ته نی

ناردبووە شاریکی کورد کاریکی زور گە ورە و بی وینە بوو ، بوو بە هوی ئە وە کە باوە ریکی زورم بە خوم و کارە کانمە وە بی . دوای ماوە یە ک بوومە مودیری قوتابخانە ی " پە روانە" کە پیشتر مودیرە کە ی خانمیکی جوولە کە بوو بە نیوی ماە عوزار خانم و لە دوای دامە زرانی کومار رویشتبوو .

دوای تیکچوونی کومار ی کوردستان و گە رانە وە ی رژیمی پە هلە وی وردە وردە قوتابخانە کان زور بوون. بە لام ئە و هوگری بە کاری ژنان کە لە سە ردە می کومار ی مە هاباد لە من دا سە ری هە لدابوو و هە ر وە ها گیر و گرفتی زوری ژنان لە هە موو زە مینە یە ک دا بوو بە هوی وە کە بە ردە وام بم لە سە ر چالاکییە کانم لە ریکخراوە یە ک بو ژنان دا. لە دوای زە ماوە ندم دە گە ل حاجی مستە فای داودی کە وە زیری بازرگانی لە کوماری کوردوستان دا بوو ، پە ریزاد خانم کە هە ویی گە ورە م بوو لە م پییە دا زوری یارمە تی مندا و زور جاران بو ئە وە ی من بتوانم کار و بارە کانی دە ری راپە رینم هە موو کاری مالیی وە ستوی خوی دە گرت و بایە خیکی زوری دە دا بە کارە کانم و منیش پشتم بە و بە ستبوو. ئە و دە م وە ک ئیستا نە بوو ژنان حە قییان نە بوو ئە وە ندە لە دە ری بمیننە وە و من مودیری چە ند مە درسە بووم و کومیتە ی ژنانم هە بوو کە روژ بە روژ پە رە ی دە ستاند و لە بە یانی وە تا ئیواری ناچار بووم لە دە ری بم بویە بە بی یارمە تی دلسوزانە ی پە ریزاد خانم چم پینە دە کرا . بو خوشم پوشتکارم زور بوو و کاریکی دە ستم دە دایە تا تە واوم نە کردبا و بە باشترین شیوە جی بە جیم نە کردبا دە ستم لی هە لنە دە گرت و دە مزانی ئە م هوگری بە کارە کانم رە مزی سە ر کە وتنمە . ئە و دە م لە مە هاباد خویندن تا کلاسی شە شوم بوو و بو کلاسی سە رتر دە بوو چوبانە شاری گە ورە تر . هیندی لە شاگردە کانم کە شە شومیان وە رگرت پیم خوش بوو کە باری زانستییان بڕواتە سە ری و ماموستایە کی تە واو خویندە وار و بە ئاگا بن بویە تە مام گرت تاقمیک لە وان لە حە فتە ی دا دووروژ بیاننیرمە رە زاییە و لە و دوو روژە دا بو خوم لە جیاتی ئە وان دە رسم دە گووت بو ئە وە ی مندالە کانیش وە دوا نە کە ون. لە و ماموستایانە ی کە ناردمن بو رە زاییە ناوی چە ند دانە یە کم لە بیرماوە: پە ری خانمی شافعی، ئامینە خانمی خە ررازی و زینە ب خانمی ئوتە میشی و ...وردە وردە قوتابخانە کانی شە هناز، وە رە هرام و..ساز کران کە لە مە راسمی ئیفتتاحی هە موو ئە و قوتابخانا نە دابووم.

پ: لە و سە ردە مانە دا هە ل و مە رجی نیو شار چون بووو؟

و: ئە ودە م تە واوی شا ر چە ند گە رە ک بوو. گە رە کی چرا بە رق و رزگە بیان و ئە رمە نیان و خری و شوانان. کوچە و کولان و شە قامە کان هیچی ئیسفالت نە بوون و پاک و خاوینی زور نە دە کرا . خە لک ئاوی خواردنە وە یان لە چومی دینا و هە ر کە سە لە مالە خوشی دا چالاوی لیدابوو و هە تا سالی 1347 کە دە ستیان کرد بە ساز کردنی سە دی مە هاباد لولە کە شی ئاو نە کرا و ئاوە رو کانیش بە بە ر مالان دا دە روویی . زستانان کوری داری دادە ندرا و هە رکە سە لە مالی خوی تە ندووری هە بوو و نانی خوی دە کرد . ئاسمانی ئە و سالانە ش وە ک ئیستا بە ر چاو تە نگ و نە زوک نە بوو هە تا گوی مالان بە فر دە باری و ریگا و بان جاری وابوو تا بە هاری دە گیرا. زور جار چومی سابلاغ دە یبە ست و تە نانە ت دوای سە دی مە هابادیش دیتوومە تە واوی ئاوی سە د بە ستوویە و جیب بە سە ری دا رویشتووە . ئە و دە ماشین تاق و لوق هە بوو و تە نیا جیبی ئە رتە ش لە هاتووچو دابوون.

ئیواران ماتوری بە رق هە لدە بوو و تا دوازدە ی شە و دایسا . مە هاباد یە کی لە سە ر سە وزترین شارە کانی ناوچە بوو دارستان و میشە و قامیشە لینی قە راغ چومە کان پر یوون لە بە راز و جانە وە ری دیکە و کە س نە ی دە ویرا خوی لیدا کە بە داخە وە ئیستا بە شی هە ر ە زوری لە ناوچوون و نە دە عبا ماوە نە دارستان و میشە. ئە و زە مان سروشت بە سە ر ئینسان دا زال بوو ئیستا ئینسان بە سە ر سروشت دا زالە. ئە و دە م هە ر ئە و شتانە دە خوران کە لە ناوچە دا رە عە مە ل دە هات . و.. یە کە م شە قامیک کە لە مە هاباد ئیسفالت کرا شە قامی "شاپوور " بوو کە وە رە هرام هات و قە برستانی مە لا جامی تیکدا و ئە و کارە ی بە ریوە برد. ئە و دە م کارە کان زور ئە ساسی دە کران بە خوراییی کە رە سە و پارە یان لە ئاوی نە دە کرد .لە بیرمە ساختومانیکیان خراپ لیدابوو ، وە رە هرام دە ستووری دا رووخاندیانە وە و لە سە ر را سازییان کردە وە. جە ماوە ر کە م بوو و زور جاران وە رە هرام لە سە ربازی سە ر بازخانە بو کارە کانی کە لکی وە ردە گرت و بو خوم ئاگام لە هە موو ئە وانە بوو.

پ: وە جیها خانم ئایا کارە کانت تە نیا بە کاری قوتابخانە برایە وە؟

و: نە خبر کار وباری کومە لایە تی زورم بە ریوە دە برد . ئە و کارە ی ئیستا NGO کان بە ریوە ی دە بە ن. دوای تیکچوونی کومار و خر بوونە وە ی کومیتە ی ژنان ئە م بیرە هە ر لە میشکم دابوو کە سە ر لە نوی ئە م چالاکییە وە ری خە مە وە و بە پیویستم دە زانی کە ژنان ریکخراوە یە کییان هە بی. هە تا ئاغای پالیزبان و خانمە کە ی

هاتن و سه ردانی مه هابادیان کرد و منیش ده رفه تم لی هه لینا و داوای ریکخراوه یه کم کرد بو ژنان که ئه وانیش له سه ر وه را که ده ستیبیان زور ده رویشت لییان قه بول کردم و به یارمه تی سی خانم : فه وزییه خانمی ئه یوبییان ، خانم موبه للغی و خانم ره حمه تی که هه ر سیکییان دوکتور بوون کاره که مان ریکخست و من بووم به ده بیری ئه م ریکخراوه یه . به لام له بیرم نییه چ سالیک بووو.

پ: کاری ئه م ریکخراوه یه چ بوو؟

و: ئه و ده م ژنان زور که م له مال وه ده ر ده که وتن، نه خوشی یه کجار زور بوو و فیر کاری پیویست بو به ر به ره کانی ده گه ل نه خوشی کان نه بوو. ئیمه به دانانی ده وره کانی فیرکاری خه بیاتی ، گولدوزی، قالی بافی ، جوانی کاری و... ئه وانمان لیک خر ده کردنه وه و له هه مان کاتیش دا فیری بیهداشت و پاک و خاوینی مان ده کردن و هه روه ها هان مان ده دان که له مال بینه ده ر و به کچه کانییان بخوینن و لیمان حالی ده کردن که دنیا چوته پیش و ئه وانیش ده بی حه ول بده ن. له قوتابخانه کانیش هه ر وه تر هه موو روژی پیش وه ی مندال بچنه کلاس به سه فمان ده کردن و جوان ده مان پشکنین و ئه گه ر مندالیک بو خوی یان لیباسی چلکن با ده مان نارده وه مالی و ده بوو به خاوینی گه راباوه. له پاشان کلاسی وه رزیش مان دانا و خانم دوکتوره کان بو یان شی ده کردنه وه که بو چی ده بی وه رزش بکه ن و بجولینه وه. جیا له وه انه ئه و ژن و کچانه ی ته مه نییان بریک چووبووه سه ر و نه یان ده توانی له پولی سه ره تایی نیو نووسی بکه ن و بیسه واد بوون ، کلاسی به ره نگاری ده گه ل نه خوینده واریمان بو دانان ( پیکار با بیسوادی) و زور جاران ده رک به ده رک له مالانم ده دا و داوام له ژنه کان ده کرد که بین و له م کلاسانه دا به شداری بکه ن. و به خته وه رانه تاقمیک هه ر له و کچ و ژنانه توانییان له پاشان تا دانیشگا برون و به جیگای زور چاک گه یشتن. له و نیوه دا وام هه ست کرد که ناوه ندیکی فیر کاری بو مندالانی 5-6 سالانه پیویسته و ده بی پیش وه ی بچنه قوتابخانه له شوینیکی دیکه چوونه نیو مندالان ئه زموون که ن و به م جوره بوو که یه که م کوده کستانی ئه و شاره م له سالی 1343 دامه زراند. دوای وه ی دادگوستـه ری جیگـای دادوه ری مـه حکه مه ی قازییه کانی گرته وه ، وام هه ست کرد که له نیو ژنان دا که م ژن هه بوون که به قانوون و یاسا ئاشنا بن و ئه وه ش له کاتی دادگایی کردن دا تووشی گرفتی کردبوون و به تایبه ت مندالانیش که توشی خه لافیک ده هاتن نه یان ده زانی له کاتی پیویست دا ده بوو چ بکه ن و چون له سه ر خویان وه جواب بین و ئی واش بوو له ژنه کان هه ر له رووی هه لنه ده هات بروا و شکایه ت بکا و ملییان به هه موو شتیک ده دا. و منداله کان له و نیوه دا زیاتر له هه موو چینیک تووشی خه سار ده هاتن. هاتین دیسان هه یئه تیکمان دانا به نیوی " پاریزگاری له مافی مندالانی تاوانبار" . ئیمه ده گه لییان ده چووینه دادگا ، وه دووی کار و په روه نده که بیان ده که وتین ، تا ئه و جیگایه ی که ده مانتوانی کاریکمان ده کرد لییان خوش بن و بو ئه وانه ی که تاوانه که یان زور قورس بوو مالیکمان دیاری کرد و تا گه یشتن به ته مه نی قانونی چاوه دیریمان ده کردن و ئاگامان لی ده بوون و به م شیوه یه نه مان ده هیشت هه ر به مندالی تووشی موحیتی ناله باری زیندان بن. له پاشان گرفتیکی تر بو کچه که نجه کانمان هه بوو ئه ویش ئه وه بوو که زور زوو به میردیان ده دان و دوایه ش له سه ر وه را که هیچ شتیکییان له په یوه ندی ژن و میردایه تی نه ده زانی دوای زه ماوه ند تووشی ناره حه تی ده هاتن. بو ئه و به شه ش هاتم دیسان شاخه یه کی دیکه م له ریکخراوه ی ژنان جیا کرده وه به نیوی " لایه نگری له کچانی که م ته مه ن" ئیتر ئه و جار هه م بنه ماله کانمان فیر ده کرد که چ ته مه نیک بو زه ماوه ند باشه و هه م هینده له و کاره دا چووومه پیش که له نیو شار دا هه تا ئه من بو خوم کچه که م نه دیتبا و نه م دواندبا ئیزنی وه یان نه ده دا که ماره کری. هه لبه ت ئه و کاره له وانه ته واو هه مه لایه نه ش نه بووبی به لام ده وریکی گرینگی گیرا له کرانه وه ی چاو و گویی بنه ماله کان و کچه کاندا. و زور کاری دیکه ش ده توانم بلیم زورترین ماوه ته مه نم هه ر له نیو خه لک دا ژیاوم و بنه ماله ی من له راستیدا ئه وان بوون.

پ: وه جیها خانم ئه م کارانه ی به ریوه تان بردوون زور گرینگ و ره چه شکینانه بووه له به ر چی هیچ به لگه و نووسراوه یکتان له روژی دانانی ئه و هه یئه تانه و یان له باره ی ئه زموونه کانتان له و پییدا به ده سته وه نییه؟ ئیستا بو خوی خه زینه یه کی گه ره ده بوو ته نانه ت بو به ره ی ئیستای ژنان که ئیستاش ده گه ل زور گرفتی سه ره کی رووبه روون و به زور مافی خویان نازانن و له جیات هه موو حه ولیک ، به رخودان و خوکوژی ره چاو ده گرن؟

و: ته واوی ئه وانه م نووسیبونه وه. به سه عات و به روژ. من ئینسانیکی زور به نه زمم هه موو کاریک به دروستی و ریک و پیکی ده که م. جیا له وه ش ئاغای فه یزی زاده که بازره س بوو داوای نووسینه وه ی هه موو ئه و کارانه ی به روژ له من کردبوو ئه وانه هه مووی گوزاریش ده کرانه ناوه ندی ولات . هه ر ئه و چالاکییان بوونه هوی وه که سی جار خه لات بکریم. دوو جار له سه ر تحی کشوه ری وه ک ده بیری ریکخراوه ی ژنانی

مه هاباد به هوی به ر بلاوی چالاکییه کانی کومه لایه تی پله ی یه که م و جاریکیش له سه تحی نیو نه ته وه یی دا له لایه ن ریکخراوه ی نیونه ته ویی ( سازمانی ملل) را خه لات کراوم. هه موو سالی مودیری نموونه ی کشوه ری ده هاتمه وه و بو ماوه ی چه ند سالان ئوردووی سالانه ی کشوه ری به هوی ریک و پیکی کاری مه له مه هاباد به ریوه ده چووو له و پازده روژه ی لیره ده وره یان ده بوو له نزیکه وه ده گه ل کاره کانی مه ئاشنا ده بوون و شت فیر ده بوون. جاریک به ر پرسیکی تازه هات و بوو به ره ئیسی ئیداره ی ئاموزش و په روه ریش دوای وه ی به چالاکییه کانی منی زانی بانگی کردم و گوتی هه ر داوایه کی هه ته بیفه رموو له سه ر چاومی داده نیم. ئه منیش گوتم که ئه و سه رایدارانه ی له قوتابخانه کاندا خزمه ت ده که ن بیان که نه ره سمی و هه ر له قوتابخانه کاندا جیگای حاواندنه وه یان بو دابین که ن که هاتو چو نه که ن. به خته وه رانه به قسه یان کردم و ئیستا هه موو بازنشه ست بوون و موچه که شیان له ئی من زیاتره. مریه م گیان له و نیوه دا ئه وی ئینسان بوو، خزمه تگوزار بوو و له ئاستی خه لک و کومه ل ته عه هودی هه بوو هه موو یارمه تی منیان داوه. ئه من به بی هاوکاری خه لک نه م ده توانی هیچ کاریک بکه م.

پ: هه زینه ی ئه و هه مووه کارانه چون دابین ده کرا و ئا یا بو خوتان بو ئه م کارانه موچه یه کی زیاترتان وه رده گرت؟

و: ته واوی ئه و کارانه ی کردوومه ئیفتخاری بووه . نه ک مووچه ی زیادیم وه رنه گرتووه زور جاران هه موو حقوقه که شم داده نا و قرانیکی نه ده چووه بو مال و مندالم. به لام له لایه ن خه لکیشه وه زور یارمه تی ده دراین. خه لکی مه هاباد یه کجار شه ریف و میهره بانن و شانییان هه لگری هه موو خزمه تگوزارییه که. له روژی خوی دا ده زانن ده بی چ بکه ن. یه کی له وانه حاجی مسته فای داودی هاوسه ری به ریزی خوم بوو . ئه و نه ته نیا هیچکات پیشی به کاره کانم نه ده گرت به لکوو به دل و به گیان تا ئه و جیگایه ی ده یتوانی یارمه تی مالی و مه عنه وی ده دام. ئه من به مانگ و به حه فته رویشتووم ، به شداری کونگره و دانیشتنه کانم له شاره دووره کاندا کردووه، شه و ونیوه شه و گه راومه ته وه مالی، هه موو ئه و دیهاتانه م سه ر و بن ده کرد، زور که م وا هه بوو سوئال و جواب بکریم و ئه گه ر به ده گمه ن شتیکی واهاتبا گوری به بی ناره حه تی وه بیرم دیناوه که هه موو ئه و کارانه بو کوردان ده که م. وه بیرم دیناوه که ئه من زبان و شار و هوویه تی خوم بو ئه وان وه لا ناوه و به هه موو وجودم له خزمه ت ئه و خه لکه هه ژاره که وتووم . ئه ویش رازی ده بوو به تایبه ت که ده ی دیت خه لک زورم لی رازین زوری دل خوش ده بوو. بویه ئیدی هه ر چی له ده ستم هات کردم و دوای ماوه یه ک بووم به هه یئه ت ئومه نای "ئاگاداری له گوله کان" و ده گه ل ئاغایان دوکتور ئه بریشه می، سه عیدی هومایون، نادری و هه روه ها ئاغای فه قری و... بو ئه و به شه زورمان کارکرد. .دووسال دوای سه رکه وتنی شورشی ئیسلامی بو به شداری له هه لبژادنه کانی ده وره ی دووهه می پارله مان له لایه ن فه رمانداره وه ده عوه ت کرام به لام له خوم رانه دی و پیم خوش بوو ئیتر هه ر له نیو خه لک دابم. ئیستا ئه ندامی بانوانی "ژین" و هه یئه ت ئومه نای جوزامییه کانی بوکانم. داوا له هه موو ژنه کان ده که م که بین و له چاره سه ری گرفته کانی کومه لایه تی دا هاوکاری بکه ن . به خته وه ری له ده رکی که س نادا، به لکوو ده بی ده رک به ده رک بوی له ده کان ده ی و خوت ماندوو که ی.

پ: وه ک دوامین پرسیار دهمه وی بلیم ئیستاش کومه لگای پیاوسالاری ئیمه به ر هه لستی ئه م چه شنه چالاکییانه ی ژنان ده که ن .وه ک ژنیکی سه رکه وتوو له م پییه دا چ ئاموژگاری و پیشنیاریکتان هه یه؟

و: من له و حه ده دا نیم رینوینی خه لک بکه م. ئه وه خه لک بوون که له هه موو کات دا رینوینی منییان کردوه . شاگرده کانیشم هھر به و ئاواته پیگه یاندووه که ئه و رو ماموستای من بن . من ته نیا ئه وه نده یان عه رز ده که م: هه موو تیکوشانه کان له هه موو سوچیکی ئه م جیهانه دا بو به خته وه ری و خوشی و هیمنایه تی کومه ل و بنه ماله کانه. ئاموژگاری هه موو ماموستاکان، زاناکان و پیغه مبه ره کانیش هه ر بو ئه م مه به سته یه، بو رزگاری و به خته وه ری. ئیمه وه ک دایک ، وه ک ژن به ر له هه موو شت ته عه هودیکی گه وره مان له ئاستی مندال و بنه ماله دا هه یه. بیر له یارمه تی دانی خه لک به وه لانانی بنه ماله و ئاواره کردنی مندالان جی به جی نابی. ده بی بتوانن به هه ر جوریک بی ریگایه ک بدوزنه وه من دلنیام پیاوه کانیش پییان خوشه باشترین هه ل و مه رج له کومه لدا پیک بی. ئه من بو خوم کاتیک ده م دیت ماموستایه کی ژن له مه دره سه له به ر دژایه تی میرده که ی ده گه ل کاری ئه و ناراحه ته به مه سئولیه تی خوم ده مناردوه و له جیات وی ده رسم ده گوت و ده مگوت برو مالی رازی که و به ئاسووده یی وه ره وه. ده گه ل وه ی که له ئه نجوومه نی ئه ولیا و موره بیان دا پیاوه کانمان ده عوه ت ده کرد و له م باره وه زورمان ده دواندن و لیمان حالی ده کردن که کاری ژن له ده ری نه ک به زه ره ری منداله کان نییه به لکو زوربه ی ئه و مندالانه که له ژیان دا سه ر ده که ون ئی دایکی خوینده وار و کار به ده سته و به داخه وه ئه و مندالانه ی تووشی لاریی و شکست دین ئی دایکی نه خوینده وار و بیکاره که خویان له کار و باری کومه لایه تی ناده ن . و پیمان ده سه

لماندن كه مندال هه ر ئه و شته يه كه ئيمه له كرده وه دا نيشانييان ده ده ين. له ژنه كانيش داوا ده كه م بو به ريوه بردنى ئه م ئه ركه گرينگه به حه وسه له بن و له جيات به ره روو بوو نه وه ده گه ل پياو ، كاريكى وابكه ن پياوه كان هاوكارييان بكه ن . هه ر ئه و كاره ى من كردم. من كه هاتمه ئه و شاره كه سم نه بوو، كورديم نه ده زانى، خه لك باوه ريبان به كارى ژنان نه بوو به لام ئيستا ته واوى ئه و شاره خزم و كه س و كارى منن. له و سالانه ى دوايى دا خزمه كانم له ته وريز داوايان ليكردم كه بچمه وه لايان به لام من گوتم مه هاباد بنه ماله ى منه و كه س ناتوانى ده ست له بنه ماله ى خوى هه لگرى. ئه و شاره باغى ژيانى منه و هيچ باغه وانيك ناتوانى به رى باغه كه ى جى بيلى. ئه و خه لات و ته قدير نامانه ى كه وه رم گرتوون به هه موو سه روه تى دنيايه ى ناگورمه وه. ئه من جوابى هه موو زه حمه ته كانى خوم به زياده وه وه رگرتوته وه و ئيستا ئه من به خه لك قه رزدارم . داوام له خه لكى شار ئه وه يه كه ئه گه ر به شياويان زانيم كه مردم له سووچيكى گورستانه كه يان منه تم له سه ر دانين و په نام بده ن بو ئه وه ى بو هه ميشه له به ر پيى واندا سه ر بنيمه وه و بحه سيمه وه.

ته واو

[ يكشنبه هشتم بهمن 1391 ] [ 2:27 بعد از ×هر ] [ مريم قا×ی ]
ن×ر بدهيد

دەوری ژنان لە جم و جۆڵەكانی نێوان ساڵەكانی 1324 (بەشی دووهەم)

يه كه م قوتابخانه ى كچانه له مه هاباد

وت و ويژيك ده گه ل زارا خانمى مه نگورى ، يه كيك له يه كه مين قوتابيه كانى قوتابخانه ى كچانه له مه هاباد كه له لايه ن مريه م قازى ئاماده كراوه و له روژنامه ى "په يامى كوردستان " ژماره 19 له سالى 1384 مانگى دى دا بلاو بوته وه – 31ى ديسامبر 2005 . وله به ر گرينگى هيندى زانيارى كه تا ئيستا له هيچ سه ر چاوه يه كدا بلاو نه بوونه ته وه سه ر له نوى ده يان خه ينه به ر سرنجى خوينه ران و هه موو هوگرانى ميژووى ناوچه.

پرسيار: تكايه خوتان بناسينن و سه باره ت به يه كه م قوتابخانه ى كچانه له مه هاباد ئه وه ى ده يزانن بيفه رموون.

